

# هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی

ژیـــرۆ زاگـــرۆس

# هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی

ژیــرۆ زاگــرۆس

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی

نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپی ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

# پێـــڕست


پێشگوتن ........ ١

کولتوور ........ ٨

ئایین ........ ٢٥

شار ........ ٤٣

ئایدۆلۆژی ........ ٥٨

پارت ........ ٧٢

سەرۆک ........ ٨٢

پێشمەرگە ........ ٩٥

گۆرانی ........ ١٠٧

دەوڵەت ........ ١٢٢

میدیا ........ ١٤١

ڕۆشنبیر ........ ١٥٩

سایبەر ........ ١٧٢

پەروەردە ........ ١٨٥

پاشگوتن ........ ١٩٤

سەرچاوەکان: ........ ١٩٧


هەواڵنامەی کتێب

«... هۆشیاری دەتوانێ دەسکاری دونیا بکات ،

... گوتنی حەقیقەت هەمیشە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەیە»

/مەریوان وریا قانع

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پێشگوتن

**بهێڵن با بە ئاوڕێکی بچووک لە ئەفسانەی بەناوبانگی "کەڵگامێش" دەلاقەی ئەم باسە بە ڕووی خوێنەری بەڕێزدا بکەمەوە. ئەم ئەفسانەیە دوو هێمای سەرەکی تێدایە. یەکەمیان "کەڵگامێش"ـە. کەڵگامێش وەک سەرکردە و فەرمانڕەوا لە لایەک بوونەوەرێکی پیرۆزە کە کۆمەڵگا لە ئاستی ئەودا ئەستووخوارن و بە هەر هۆیەک ناچارن ڕێزی بگرن، لە لایەکی تریشەوە بە ستەمکارییەکانی خۆی بووەتە بەڵا و نەگبەتی گیانی کۆمەڵگا. بەکورتی کەڵگامێش لە یەک کاتدا هەم پیرۆزە و هەمیش نەگبەت و مایەی نەگبەتی. هێمای دووەمی ئەم ئەفسانەیە "ئەنکیدوو"یە. کاتێ**

خودایان لە ستەمکاری و خراپەکارییەکانی کەڵگامێش تووڕە دەبن، بوونەوەرێک بەناوی ئەنکیدوو دەئافرێنن و ڕەوانەی دەکەن تا ڕێگە لە ستەمکارییەکانی کەڵگامێش بگرێ و سزای بدات. ئەنکیدوو سەرناکەوێ و شکست دەخوا، بەڵام کەڵگامێش بە هێزی ئەو سەرسام دەبێ و لە بێدادی و ستەمکاریدا دەیکاتە هاوڕێ و هاوکار و هاوبەشی خۆی. بەم شێوازە ئەنکیدووش لە بوونەوەرەێکی بە ڕواڵەت یان ناوەڕۆکی پیرۆز و هەڵگری ئامانجێکی پیرۆزەوە دەگۆڕدرێ بۆ هێمایەکی نەگبەت و هۆکار و ئامرازێکی بەنەگبەتکردنی جڤاک. بە مانایەکی تر ئەنکیدوو بە شێوازێکی دیکە بۆ ئەو جڤاکەی کە بڕیار بوو ببێتە هێمایەکی پیرۆز تێیدا، دەبێتە هۆکارێکی نەگبەتی بۆیان.

با بە میناکێکی دیکە تۆزێ زیاتر لە واتای پیرۆزی و نەگبەتی هاوکات نزیک بینەوە. لە پەندێکی جافیدا هاتووە کە "خودا قار لە مرۆچە بگرێ، باڵی پێ دەبەخشێ". وەک دەزانین لە سروشتدا باڵ تاقە ئامراز و گرنگترین هێمای پەروازکردنە. مرۆچە(مێروولە) یەکێکە لەو بوونەوەرانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی باڵی فڕینی نییە، بەڵام هەندێ جۆری مرۆچە هەیە لە وەرزی جووتبووندا بۆ ماوەیەکی کورت باڵ دەردێنن. ئەم باڵە بە دوو شێوە کارێگەری لەسەر ژیان و چارەنووسی مێروولە دادەنێ. یەکەم، بە شێوەیەکی گشتگیر تا ڕادەیەکی زۆر ئەو گورج و گۆڵی و چالاکییەی کە مرۆچە لە ڕێکردندا هەیەتی لێی دەگرێتەوە. دووەمیش، بەتایبەتی مرۆچە نێرەکان کە بەهۆی ئەم باڵەوە بە نیازی جووتبوون دەفڕن، هەر دوابەدوای پرۆسەی جووتبوونە یەکسەر دەمرن. لە ناوچەکانی جافایەتی دەڤەری

کرماشان مرۆڤ لە ڕوانگەی خۆیەوە هەردووی ئەم دیاردانە بە نەگبەتی و چارەنووسێکی نەرێنی لە ژیانی مرۆچەدا دادەنێ. بە مانایەکی تر، لە چاوی خەڵکەوە ئەو ئامرازە پیرۆزەی کە بەخشندانە هێزی پەرواز بە بونەوەرانی دیکە دەبەخشی و دەرگەی ئاسمانێکی بێ کۆتا لە بەردەمیان دەکاتەوە، بۆ مێرووله دەبێتە نەگبەتییەک کە بەرەو هەڵدێری نەمان و مردن دەیفڕێنێ. یان ئەگەریش نەبێتە هۆی کوشتنی، لایەنیکەم بەشێک لە ڕێکردنە ئاساییەکەی خۆشی لێ دەستێنێتەوە. هەر بۆیە ژیانی ئەمجۆرە کێزکە بووەتە بنەمای پەندێکی جافی کە دەڵێت: "خودا قار لە مرۆچە بگرێ، باڵی پێ دەبەخشێ". ئەم پەندە لە پێناسە و شرۆڤەی حاڵی کەسانێکدا بەکار دەبرێ کە دۆخێکی هاوشێوەی ئەم مێرولەیە دەژین. لەم دۆخەدا مرۆڤ شتێکی دەست دەکەوێ کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا تەواوی پیرۆزییەکەی لەوەدایە کە دەتوانێ بارودۆخێکی بەسوود و ئەرێنی دروست و دابین بکات، کەچی بەپێچەوانە دەشکێتەوە و بە گەلێ هۆکار دەبێتە هۆی هاتنەئارای دۆخێکی نەرێنی و زیانبار و بەکورتی دەبێتە مایەی نەگبەتی بۆی. "هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی" ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە جڤاکی کوردی سەبارەت پێیان لە دۆخی "خودا قار لە مرۆچە بگرێ، باڵی پێ دەبەخشێ"دا دەژی. بە گوتنێکی دی مژار و مەبەستی سەرەکی ئەم نڤیسارە بریتییە لە گەڕان بە شوێن ئەو پیرۆزییانەی کە بە دیوەکەی تریاندا بوونەتە مایەی نەگبەتی بۆ جڤاکی کوردی و هەروەها لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی لایەنە جیاوازەکانی ئەو نەگبەتییانە. بە مانایەکی دی "هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی" باس لەو هێمایانە دەکا کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جڤاکی کوردیدا ئەم جڤاکە

سەبارەت بەوان ژیانێک دەژی هەم بە دیوی پیرۆزیدا و هەمیش بە دیوی نەگبەتیدا. بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە خوێنەر بە تەواوەتی لە ناخ و ناوەڕۆکی کۆپەیڤی "پیرۆزی و نەگبەتی" تێدەگا، بەر لە چوونە ناوەوەی باسەکە بە مێناکێکی دیکە هەوڵ دەدەم هەندێ زیاتر ئەم دەستەواژەیە شی بکەمەوە.

وەک دەزانین بە شێوازێکی ئاسایی هەموو گەلانی جیهانی شانازی بە داب و نەریت و هێماکانی فەرهەنگی خۆیانەوە دەکەن. یەکێ لەو هێما پیرۆزانە کنج و سیپاڵی نەتەوەییە کە بەرهەم و ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ، جۆگرافیا و بەگشتی جۆری ژیانی گەلانە. یەکێ لەم نەتەوانە گەلی ئەفغانستانە کە بۆ ماوەی سەدان و ڕەنگە هەزاران ساڵ بە شانازییەوە جلوبەرگی پیرۆزی خۆی ژیاوە. بەڵام بە درێژایی سەردەمی تاڵیبان لە ئەفغانستان ئەم بەرگە بەردەوام یەکێک بووە لە نەگبەتییەکانی ئەفغانستان و بەردەوام لەلایەن تاڵیبانەوە بۆ نەگبەتی و چەرمەسەری ئەو گەلە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بە درێژایی تەواوی ئەم ساڵانەدا تیرۆریستان بە ئاسانی توانیویانە خۆیان لەژێر سێبەری ئەم بەرگەدا بشارنەوە. زۆرجار بە دەیان کیلۆ تەقەمەنییان لەژێر جلەکانیاندا شاردووەتەوە و تا وەختێ کە خۆیان تەقاندووتەوە، هیچکەس پێیانی نەزانیوە و زۆرێک لە تەقینەوە خۆکوژییەکان لەژێر ئەم بەرگەدا پێکهاتوون. جگە لەمانەش هەر ئەم پۆششە وەکوو ڕێگرێ بۆ جیاکردنەوەی جەنگاوەرانی تاڵیبان لە خەڵکی ئاسایی کاری کردووە و بە جۆرێ لە جۆرەکان بووەتە مایەی کارئاسانی بۆ هاتوچۆی تیرۆریستان... و هتد.

بەکورتی لەبەر ڕۆشنایی ئەم سێ میناکە دەتوانم کۆپەیڤی "هێمای پیرۆزی و نەگبەتی" بەم شێوەیە پێناسە و واتا بکەم کە هێمای پیرۆزی و نەگبەتی یانی شتێک کە لە ڕواڵەتدا باشە، بەڵام لە ناخیدا خراپە، یان شتێک کە سەرەتا بە باشی خۆی نیشان دەدا و دواخر دەبێتە خراپ، یان شتێک کە لای هەندێ کەس باشە و هاوکات لای هەندێ کەسی تر خراپ. یان شتێک کە هاوکات هەم باشە و هەم خراپەمان وەبیر دێنێتەوە. بەکورتی هێمای نەگبەتی و پیرۆزی بریتییە لەو شتەی کە سەردەمێک هەڵگر و مایەی پیرۆزی و سەردەمێک هەڵگر و مایەی نەگبەتییە، یان لە یەک کاتدا چاوگی هەم پیرۆزی و هەم نەگبەتییە. ئەم میناکە جیاوازانەم بۆ ئەوە هێنایەوە تا جگە لە شرۆڤە و شیکردنەوەی واتا سەرەکییەکە، ئاماژە بە ڕاستینەکی زۆر گرنگی پیرۆز و نەگبەتە هاوکاتەکان بدەم و ئەویش ئەمەیە: لەوانەیە بەشێ لە هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی هەر جڤاکێک دەستکردی دەرەکی بن و هاوردە بکرێن، بەڵام بەشێکی گەورەشیان دەتوانن هەڵقوڵاوی ناخی جڤاک و بەرهەمی ژیانی خودی ئەو جڤاکە بن. بە مانایەکی دی نەگبەتییەکانی کۆمەڵگە هەم دەتوانن وەک ئەنکیدوو لە هێمای پیرۆزییە هاوردەکاندا بێنە ئاراوە و هەمیش دەتوانن وەک کەڵگامێش ڕاستەوخۆ لەنێو خودی جڤاکدا بەرهەم بهێنرێن. بە هەمان شێوە ئەم هێمایانە دەتوانن کەسێکی جڤاک، خێیەکی جڤاکی، چەمکێکی زانستی، قوتابخانەیەکی ئایدۆلۆژی، ڕێبازێکی ئایینی، ئایدیایەک، سەرکردەیەک یان هەر چشتێکی دیکە بن. ئەگەر بە دیاریکراوی سەبارەت بە کورد قسە بکەم، وەک لە بەشەکانی ئایندەی ئەم نڤیسارەدا بە وردی لەسەری دەوەستم، من پێم وایە بە هەمان شێوە کە نابێ گومان لەوە بکرێ

که ئەم دوئالیتەی نەگبەت و پیرۆزییەی کە جڤاکی داگیرکراوی کورد گیرۆدەیەتی، بەشێکی بەرهەم و ئەنجامی ڕاستەوخۆی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆیە و بەشێکی دیکە و گەورەتری دەستکردی بارودۆخی داگیربوونی ئەم مرۆڤ و جڤاکەیە.

خاڵێکی زۆر گرنگی کۆتایی کە شیاوی ئاماژە پێکردنە و پێویستە هەر لە سەرەتای ئەم کتێبەوە ڕوونی بکەمەوە ئەمەیە کە لەم نڤیسارەدا قەت نیاز و مەبەستی ئەوەم نییە بەدبینانە بڕوانمە هێما، چەمک، تێگین، دیاردە و بوونەوەرە جڤاکییە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و وەک نەگبەتی و نەگریسی پیشانیان بدەم یان وەک چەوتی و نارێکی وێنایان بکەم. من پێم وایە کورد ئەگەر تاوانی داگیربوونی لە ئەستۆی خۆی نەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە گوناهی بەشێکی گەورەی درێژەکێشان و بەردەوامی ئەم داگیربوونەی لە ئەستۆیە و بێگومان ئاڵایە تەواوی ئەرکی دەربازبوون و ڕزگاری لەم داگیربوونەش لە ئەستۆی خۆیەتی. هەر بۆیە کورد پێشی هەموو شتێک و بەتایبەت پێش ئەوەی لە داگیرکەرانی ڕابمێنێ دەبێ لەسەر خۆی ڕاوەستێ و زۆر بە وردی خۆی بناسێتەوە و لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی خۆی ڕابمێنێتەوە و بە وردی لە جێگە و پێگە و ڕۆڵی هەموو ڕەهەند و ئاراستەکانی ناوەوەی جڤاکی کوردی بەئاگا بێتەوە. هەر وەها پێویستە بزانێ کام لە ناتەواوییەکانی زادە و لێکەوتەی دۆخی داگیربوونە و کامەیان بەرهەمی ناخی خۆدی جڤاکی کوردییە. من لە "نارێکییەکانی داگیربوون"دا بە بەشێکی زۆر کەم لە لێکەوتەکانی داگیربوون ئاماژەم کردووە. دیسان لە "هەتیتە و مەتەرێزی ناسیۆنالیزم"دا

وێڕای ڕاوەستەکردن لەسەر تایبەتمەندی نەتەوەکانی سەردەست، لەسەر بەشێک لە تایبەتمەندییە دەروونجڤاکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕاماوم. "هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی"ش بە نیازە لە ڕاستا و لە درێژەی هەمان ئەو مژارانەدا لەسەر ڕۆڵ و پێگەی هەندێ ڕەهەندی دیکەی جڤاکی کوردی ڕاوەستێ و بەشێک لە دوئالیتەی هاوکات پیرۆزی و نەگبەتی ئەو ڕەهەندانە بخاتە بەر دید و هزری خوێنەری کورد.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەمەش بدەم کە لەڕاستیدا هۆکار و فەلسەفەی هەرە بەهێزی پشت دێڕەکانی ئەم نڤیسارە ئەمەیە کە بە بۆچوونی من هەر کیانێکی مرۆیی چی وەک تاک و چی وەک جڤاک هیچی بەسەردا نایێ مەگەر بەشێک لە هۆکارەکانی ئەو بەسەرهاتە لە خۆیدا بوونی هەبێ. بە مانایەکی دیکە تەنانەت لە ناچارترین دۆخیشدا بەشێک لەو چارەنووسەی کە بەسەر مرۆڤدا دێت و ئەو دۆخەی کە تێی دەکەوێ لێکەوتە و دەرهاویشتە و بەرهەمی کەسایەتی خۆیەتی، چی وەک کردە و چی وەک ڕوانگە. هەر بۆیە مرۆڤی کوردی گیرۆدەی داگیربوون بە هەمان ڕادە کە چاوی لەسەر داگیرکەرەکەیەتی، دەبێ پێش و پاش و هاوکاتی ئەوەش بە ناخی خۆیدا ڕۆبچێ و لە کەسایەتی خۆی بکۆڵێتەوە و ناتەواوییەکانی خۆی دیاری و چارەسەر بکا.

هەواڵنامەی کتێب

## کولتوور

**لە زمانی کوردیدا پەیڤی "فەرهەنگ" پێدەچێ لە دوو وشەی "فەڕ" و "هەنگ" پێکهاتبێ. "فەڕ" مانای بەها، نرخ، شکۆ و ڕێز دەدا و "هەنگ"یش لە بنەڕەتدا بە واتای هەنگوین و لەوێشەوە زۆرجار هەر بە مانای مێشەنگ بەکار دێ و چۆنکە هەنگ بە شێوەی کۆمەڵ دەژین، لێرەوەش پەیڤەکە واتای کۆم و کۆمەڵی بە خۆوە گرتووە. هەنگ لە واتای "کۆم و کۆمەڵ"دا لە زۆر وشەی تریش وەک سەرهەنگ، ئاهەنگ و... هتددا بەرچاو دەکەوێ. بەکورتی کە واتە فەرهەنگ بریتییە لە بەها و نرخەکانی کۆمەڵگا. ئەڵبەتە ئاشکرایە کە کۆی نرخەکانی کۆمەڵگەش گەلێ ڕەهەند و ئاراستەی**

**جیاوازی ژیان لە خۆ دەگرێ. هەر بۆیە لە پێناسەی چەمکی "فەرهەنگ"دا دەتوانین بڵێین کە فەرهەنگ یان کولتووری هەر جڤاکێک بریتییە لە کۆی ئەو زانست، باوڕ، هونەر، ئەخلاق و یاسا و ڕێسایانەی کە لەنێو هەر کیانێکی جڤاکیدا پەیڕەو، ڕەچاو و ژیان دەکرێ. بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی گەورەی کولتوور بریتییە لە کەونەشۆپی ژیانی پێشینیان و داشتە بەجێماوەکانی ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگا کە من ناوی دەنێم "چاند" و بەشەکەی دووەمی کە بە "نەریت" ناوی دەبەم بریتییە لە کۆی ڕەفتار و کرداری هەیی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بە تاک یان بە کۆ، یان بە مانایەکی دی بریتییە لە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیای بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئێستای تاک و جڤاک. فەرهەنگ جگە لەوەی وەک گشتێکی مەعنەوی بەشێکی گەورەیە لە پێناسەی هەموو کیانێکی جڤاکی وەک نەتەوە، بەستەری هەرە گەورەی ژیانی مرۆیی جڤاکیشە. هەر بۆیە بۆ لێگەیشتن لە دۆخ و ناخی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستە پێش هەموو شتێک لە داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیە تێبگەین. بەتایبەتی ئێمە کە لێرەدا بڕیارە لەسەر جڤاکی کوردی بوەستینەوە، پێویستە وەک دەسپێک لەمە تێبگەین کە دەبێ بەشێکی بەرچاوی دۆخی ئێستایی کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردی لە نەریت و فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگەی کوردیدا بدۆزینەوە. لەم بەشەدا کە باس لە فەرهەنگ و کولتوور دەکەم، هەرچەند بە شێوەیەکی ڕەهاش نەبێ، زیاتر لەو دیوە دیرۆکییەی کە لە بازنەی ڕابردوودا کۆ دەکرێتەوە، مەبەستم جەوهەرە نەریتییەکەی کۆمەڵگە یان هەمان دابەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و تێڕوانینە باوەکانی نێو جڤاکی کوردییە. بێگومان نەریتیشی تێدا، فەرهەنگ و کولتوور قاڵبێکی مەعنەوی و ڕۆحییە بۆ**

دروستکردنی کەسایەتی و کیانی نەتەوە. بە درێژایی مێژوو ئەم چوارچێوە ڕۆحییەی کیانی جڤاکی کوردی ئەوەندە تۆکمە و مسۆگەر بووە کە بە ڕادەیەکی باش توانیویەتی شووناسی ئەم گەلە لەهەمبەر فەرهەنگە دراوسێکان و بەتایبەت لەم سەد ساڵەی کۆتاییدا لەهەمبەر تەوژمە فەرهەنگییەکانی دەوڵەت نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان بپارێزێ. لەم ڕوویەوە شکۆمەندی و پیرۆزی ئەم فەرهەنگە بۆ کورد زۆر بەواتاتر و پڕماناترە لەو شکۆیەی کە فەرهەنگ لەنێو گەلانی دیکەدا هەیەتی. بەڵام هاوکات ئەم شکۆمەندییە هەندێ نەگبەتی و گرفتیشی لە ناخ و هەناوی خۆیدا هەشار داوە کە بەتایبەتی سەبارەت بە دۆخی داگیربوونی کورد پێویستی بە ئاماژە و گرنگی پێدانە. ئەم نەگبەتی و نارێکییانە بەداخەوە هێندە گەورەن کە لەنێو جوانییەکانی فەرهەنگی کوردەواریدا نەتەنیا لاوەکی و شاراوە نین، بەڵکوو وەک چۆن سیتکەسڵانە بە چاوەوە دیارە، ئەمانیش بە ڕوومەتی ئەم کولتوورە بەرخوەدێرەوە بە ئاشکرا دیارن. بە مانایەکی دیکە نەریت و کولتووری ئێمە گشتێکی پیرۆزە کە هاوکات لەنێو خۆیدا بارگاوی و هەڵگری هەندێ نەگبەتی گەورە و بچووکیشە کە لێرەدا وێڕای ئاماژەکردنێکی سنووردار بە چەند لایەنێکی، داواش لە خوێنەر دەکەم کە لە هەموو بەرکەوتنێکی لەگەڵ باندۆرەکان و لێکەوتەکانی داگیربووندا، هاوکات و هاوتەریبی وردبوونەوە لە داگیرکەران، بەشێک لە سەرنجی خۆشی بخاتە سەر فەرهەنگ و سۆسیۆلۆژیای جڤاکی کوردی.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم نەریتە پێش هەموو شتێک نەریتی "خودا ڕەحمەتی کا"یە. لەم نەریتەدا مرۆڤ تەمەنێکی درێژ بە جورێ نارێکی دەنوێنێ و زیان دەگەیێنێ و تاوان دەکا کە خەڵک لێی وەڕەز دەبن و نەفرەتی لێ دەکەن، بەڵام لە چرکەساتی مردن یان هەر لێقەومانێکی دیکەیدا هەموو تاوانەکانی لەبیر دەکرێن و هەموو کەسێ لێی دەبوورن و تەنانەت داوای ڕەحمەتی خوداشی بۆ دەکەن و هەموو کەس دەکەونە گێڕانەوە و باسکردنی چاکە و باشییەکانی. بەتایبەت کۆمەڵگەی کوردی بە شێوازێکی زۆر سەیر لە هەموو بوارێکی پەیوەست بە نەتەوە و نیشتمانەوە زۆر بە زەقی ئەم سایکۆلۆژییە بەکۆمەڵە دەژی و هەر ئەمەش بە درێژایی مێژووی داگیربوونی کوردستان ڕێگەخۆشکەری گەلێ نارێکی بووە. یەکێ لە میناکە هەرە بەرچاوەکانی ئەم نارێکییانە هاوکاریکردن و دۆستایەتی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانە دژ بە کورد. مێژووی کورد هەر لە ئەدەب و هونەرەوە بگرە تا گۆڕەپانی سیاسەت و تاکوو بواری سەربازی و لەشکری، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لێوانلێوە لە خزمەتکردن و یارمەتیدانی داگیرکەرانی خۆی بە ئاراستەی بەردەوامی داگیرکارییەکانی ئەوان. ئەم هاوکاریکردنە هەتاکوو ئێستاش هێندە ئاساییە کە تێیدا مرۆڤی کورد بۆی دەلوێ تا دوا ڕادەی نارێکی و ناهەنگاری کە جاشایەتی و خیانەتە بڕوا و لەلایەن جڤاکەوە تووشی هیچ لێپرسینێکیش نەبێتەوە. یەکێ لە سایکۆلۆژییەتە هەمیشە ئامادەکانی ئەم نەریتە بریتییە لە بیرچوونەوە، بیربردنەوە و لێنەپرسینەوە. بە ئاسانی دەتوانین یەکێ لە سیما گشتییەکانی ئەم سایکۆلۆژییە جڤاکییە لە چۆنێتی مامەڵەکردنی خەڵک لەگەڵ دیاردەی جاشایەتیدا ببینین. جاشەکان بە ئاشکرا تێکەڵی خەڵکن و

هەواڵنامەی کتێب

وەک کەسانی ئاسایی بەبێ کێشە تێکەڵی جڤاکن و بەبێ هیچ لالووتی و بێزێک خەڵک لەگەڵیاندا دانووستاندن و ئامووشۆیان هەیە. یەکێ لە نموونە تایبەتە هەرە بەرچاوەکانی ئەم سایکۆلۆژییەتە چارەنووسی جاشەکانی سەر بە دەوڵەتی عێراقە دوای ڕزگاربوونی باشوور و دۆخی کۆمەڵگەی کوردییە سەبارەت بەوان. ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە ناتەندروستەی کە دەسەڵاتدارانی باشوور وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ دیاردەی جاشایەتی و جاشەکان تا ئێستا نواندوویانە، بەرهەمی گەلێ چەوتی و نارێکی گەورەتری ئەم هێزانەیە، بەڵام بێگومان بەشێکیشی ئەنجامی ئەم سایکۆلۆژییە جڤاکییەیە کە باسم کرد. بێگومان ئەم نەریتە تایبەت نییە بە چینێکی نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتدارەوە، بەڵکوو فەرهەنگێکی گشتگیرە. باشترین سەلم و بەڵگەش هەڵسوکەوتی شەقامی کوردییە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا. بۆ وێنە دەبینین کە لە باشووری دوای ڕزگاربوون تاکوو ئێستا تەنانەت یەک حاڵەتی تۆڵەسەندنەوە لە جاش و موستەشارەکان لەلایەن کەسوکاری ئەو سەدان هەزار قوربانییەوە تۆمار نەکراوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەم جڤاکە لەسەر گەلێ پرسگرێک و کێشەی زۆر زۆر بچووکتر بە ئاسانی دەتوانێ بگاتە بەرزترین ئاستی تووڕەبوون و تێهەڵچوون و تۆڵەکردنەوە. تەنیا لە نەریتێکی وەهادایە کە هەموو نارێکییەک ڕێگەپێدراوە و مرۆڤ دەتوانێ نەتەنیا بێ ترس لە دارزاندن بێباکانە هەموو جۆرە هەڵەیەک بکا، بەڵکوو نەگبەتئاسا تا ئاستی خیانەت و جاشایەتی نارێکی بنوێنێ.

لەپاڵ ئەمەدا فەرهەنگی کوردەواری فەرهەنگێکە کە هەمیشە تینووی بەپیرۆزکردن بووە و مرۆڤی کورد ئەگەر شتێ یەکەمجار بە پیرۆزی چووبێتە مێشک و ڕۆحییەوە، مەگەر مردن بتوانێ ئەو پیرۆزییەی لێ بستێنێتەوە. بەتایبەتی کەسە پیرۆزەکانی ئێمە بە شێوەیەکی ڕەها ئازادن تا هەموو نارەوایی و چەوتییەک بکەن و دیسان لەنێو هۆگرانی خۆیاندا هەر بە پیرۆز بمێننەوە. هەر وەها ڕێبازەکان، ئایینەکان و فەلسەفەکان، تەنانەت ئەگەر ناتەواوی و ناچڵێشیان بۆ خەڵک دەرکەوێ، دیسان هەر بە توندی پیرۆزی خۆیان دەپارێزن و لەسەر ڕاستبوونی خۆیان پێداگرن. ئەگەرچی ڕێبەرەکان، ڕێبازەکان و پارتەکانی بواری سیاسەتی کوردی دیارترین و بەردەستترین نموونەکانی ئەم نەریتەن، بەڵام ئەوەندە ئەستەم نییە کە تێبگەین ئەم بەپیرۆزکردنە تەنانەت زۆرێکی دیکە لەو بوارانەش دەگرێتەوە کە بە سروشتی خۆیان دوورن لە چەقبەستن و وەستان و مانەوە لە قۆناخێک یان لە ئاستێکدا. بۆ وێنە کەم نین ئەو کەسانەی کە بۆ هەمیشە لە هونەرمەندێکدا دەتوێنەوە، دەبنە هۆگری تاقە هەڵبەستوانێک یان تەنیا قسەکانی نووسەرێکیان بەلاوە دروستە و... هتد. جڤاکی کوردی هاوکاتی ئەم تێگەیشتنە هەڵگری تێڕوانینێکی جەمسەریشە کە تێیدا هەموو پیرۆزییەک دەتوانێ بە ئاسانی شوێنکەوتەی مسۆگەری خۆی بدۆزێتەوە و بە جۆرێ لە جۆرەکان لە نێویاندا تا دوا ڕادە شکۆ و پیرۆزی خۆی بپارێزێ. ئەم سایکۆلۆژییە جڤاکییە وەک هۆکارێکی گرنگ هەمیشە وای لە نوخبە و بلیمەتی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە کە لەسەر شانی جەمسەری لایەنگران و هۆگران و ژێردەستانی خۆی بێمنەت بوەستێ و بمێنێتەوە و بێ گوێدانە

جەمسەرەکەی دیکەی کۆمەڵگە کە زۆربەی کات دژبەرین بە ڕێگەی خۆیدا بڕوا. لە ئەنجامدا ئەوەی کە هەمیشە لەنێو جڤاکی کوردیدا لە ئارادا بووە ئەمەیە کە لەم جڤاکەدا هیچکات و ئاڵایە لە هیچ بوارێکدا بەو مانایە کە دەبێ لەپێناو هەموو گەلدا تێکۆشابێ و لەلایەن زۆرینەی گەلیشەوە ناسراو و پەژێردراو بێ، نوخبەی نەتەوەیی لەنێو کورددا یان هەر هەڵنەکەوتووە یان زۆر بەدەگمەن هەڵکەوتووە. بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەم جەمسەری تێڕوانینەدا کۆمەڵگەی کوردی لە لایەک لە بواری دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی وەک بەشێ لە پیرۆزییەکانی نەتەوەبوون بووەتە کۆمەڵگەیەکی خەساو و نەزۆک، لە لایەکی تریشەوە هاوتەریب بووەتە چاوگی سەرهەڵدان و دروستبوونی گەلێ پیرۆزی بچووک بچووکی ناپێویست و ناشیاو لەنێو ئەم جڤاکەدا. میناکی نوخبەکانی سیاسەتی کوردی لەم بوارەدا هێندە زەقە کە چیدی پێویست ناکا ئاماژە بە نموونەیەکی دیکە بکەم.

ئەم نەریتە لەپاڵ ئەمەدا دیوێکی دژوازی زۆر سەیری دیکەشی هەیە کە هیچ نارێکی و هەڵەیەکی لەبیر ناچێتەوە و مرۆڤ ئەگەر تەنانەت لە منداڵیشدا شاشییەکی کردبێ، تا کۆتایی ژیانی وەک ناتەواوییەک لەسەری تاپۆ دەکرێ و تانەی لێ دەدرێ. ئەمە وا دەکا کە ئەگەر کەسێ جارێک و دووان پێی هەڵکەوت و کارێکی نەشیاو و نارەوای ئەنجام دا، لەچاو بەشێکی کۆمەڵگە پاکی خۆی لەدەست دەدا و هاوکات کە بۆ هەمیشە بە لۆمەیی و ڕووڕەشی دەمێنێتەوە، کەچی کۆمەڵگە لەگەڵیشیدا هەڵدەکا. هەر بۆیە لەلای ئەم مرۆڤە چیتر تانە و تەشەری خەڵکی گرنگییەکی

ئەوتۆی نامێنێ و دەتوانێ بە ئاسانی و بە بێئاری لەسەر نارێکییەکانی بەردەوام بێ. لەڕاستیدا ئەم شێوازە لە سۆسیۆلۆژیای جڤاکی کوردی نەتەنیا بەرهەمهێنەری یەکەمی نارێکییە، بەڵکوو مرۆڤێکی نارێکیش بەرهەم دێنێ کە لەنێو خەڵکدا پیرۆزی و نەگبەتییەکی هاوکات دەژی. ئەم بوونەوەرە زۆر جاریش لە سێبەری ئەو پیرۆزییەی کە لەلایەن بەشێکی جڤاکەوە بۆی دروست کراوە و لە تۆڵەی ئەو نەفرەتەی کە بەشەکەی دیکە لێی دەکەن، کۆی کۆمەڵگەکە تووشی نەگبەتی و نارێکی و چەوتییەکانی خۆی دەکا. بەردەستترین میناکی ئەم نەگبەتییە دیاردەی جاشایەتییە لە کوردستاندا. بۆ وێنە لە باشووری ئەمڕودا کەسانێک لە بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتی کوردیدان کە ڕۆژگارێ لە بەرزترین ئاستەکانی ژینۆسایدکردنی کورددا ڕاستەوخۆ بەشدار و دەسەڵاتدار بوونە. ئەمجۆرە دیاردانە تەنیا لە جڤاک و نەریتێکدا جێگەیان دەبێتەوە و دەتوانن بێنە ئاراوە کە تێیدا مرۆڤ بتوانێ هاوکات لۆمە بێ و بەرێزیش، جاش بێ و پێشمەرگەش، ئەنفالچی بێ و ڕزگارکەریش و بەکورتی هەڵگری پیرۆزی و هاووەخت ژێدەری نەگبەتیش بێ.

بەکورتی ئەم نەریتە لە لایەک هیچ هەڵە و چەوتییەکی لەبیر ناچێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئامادەیە لە هەموو هەڵە و نارێکییەک خۆش بێ، بە دیوێکدا دەتوانێ لەگەڵ هەموو هەڵە و نارێکییەکاندا بسازێ و لە ئامێزیان بگرێ، بە دیوێکی دیکەدا بە هەموو کەسێ هێڵان دەدا هاوکات لە هەردوو جەمسەری چاکە و خراپەدا خۆی بدۆزێتەوە. لەم نەریتەدا بێگومان هەم فەرهەنگی پیاهەڵدان و "بە قدیس کردن"ی ناڕاست پڕڕەنگە و هەمیش

فەرهەنگی ناوزڕاندن و "بە شەیتان کردن"ی ناڕەوا. یەکێ لە دەرهاویشتەکانی ئەم قدیسکردنە بۆ وێنە دەبێتە دەسەڵاتدارەکانی باشوور کە لە ئەنجامی بە قدیس کردندا کەوتوونەتە سەرەوەی کۆمەڵگە و لەوێ خەریکی گەورەترین خیانەتەکانی سەد ساڵی ڕابردوو بە کوردن و نەتەنیا کەسیش ناوێرێ لێیان بپرسێتەوە، بەڵکوو هێشتا لەلایەن زۆرێک لە خەڵکیشەوە هەر وەک قدیس مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و ئەوانیش گەیشتوونەتە ئەوەی کە بێ گوێدانە تێڕوانینی خەڵک بۆ خۆیان، بەسەر خەڵکەوە کەڵەگایی دەکەن. بە هەمان شێوە شەیتانیکردنیش بە هەمان کوشندەیی دەتوانێ لەسەر کۆمەڵگا باندۆری خراپ و نەرێنی دابنێ. بۆ وێنە یەکێ لە لێکەوتەکانی شەیتانیکردنی مرۆڤەکان ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە جاشایەتی گیرۆدەیەتی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژە دەسەڵات هاوتەریبی بەڕێوەبردنی سیستەمی جاشایەتی زۆرجاریش لە ڕێگەی ناوزڕاندنی کەسانێکەوە بەئەنقەست ویستوویەتی وا نیشان بدا کە لەنێو خەڵکدا بەکرێگیراوی زۆرە کە لە ڕێیانەوە دەتوانێ چاودێری خەڵک بکا. لەم لاوە خودی خەڵکەکەش هەتا ئێستاش زۆرجار تەنیا بە دەنگۆی ناڕەوا تۆمەتی بەکرێگیراوی دەخەنە پاڵ کەسانێکەوە. لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ساڵانێکی درێژ لەم بەشەدا ڕوویداوە زۆرێک مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگەیە سێبەرێک بوونە لە شەیتان و زۆر کەسیش بوونەوەرێکی جێی گومانی گەڕۆک بووە کە لەوانەیە پیاوی دەوڵەت بێ. بەمجۆرە ساڵانێکی زۆر ترسێکی دەستکرد بەسەر کۆمەڵگەدا فەرمانی دەڕانی کە وێڕای کاڵبوونەوە بەهۆی هۆشیاری ڕێژەیی خەڵکەوە تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە... .

یەکێ لە لایەنە هەر خراپ و هەرە نەگبەتییەکانی فەرهەنگی ئەمڕۆی کوردی بریتییە لە سایکۆلۆژییەتی "خۆ بە کەم زانین". ئەوەی من بزانم و لە نزیکەوە هەستم پێ کردبێ سایکۆلۆژی خۆ بە کەم زانین بەهۆی کوردبوونەوە، بەتایبەت لەهەمبەر نەتەوە سەردەستەکان یەکێکە لەو نارێکییە ڕۆحییە هەرە کوشندانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەسەر تاک و جڤاکی کوردیدا باڵادەستە و پێدەچێ لە بەشەکانی دیکەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەر وابێ. با نموونەیەکی زیندووتان بدەمێ. لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ـی پارلەمانی عێراق سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ ڕایگەیاند کە لەمەو دوا پارلەمانتارانی نەوەی نوێ لە پارلەمانی عێراق بە کوردی قسە دەکەن و عەرەبەکان لە کوردی تێبگەن یان تێنەگەن، ئەوە کێشەی خۆیانە. ئەم بڕیارە چقاس گوزارە بوو لە هەڵوێستێکی بوێرانەی کەموێنە لە ئاستی شەقامی سی ساڵەی سیاسەتی باشوور، بە دیوێکی دیکەدا گوزارەش بوو لە ئاستی تێڕوانینی خەڵکی باشوور بۆ خۆیان بۆ خۆیان لە کەسایەتی زمانەکەیاندا. ناوەڕۆکی پاشگۆ و کۆمێنتەکانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لە فەیسبووکدا نەگبەتئاسا بریتین لە ڕستەگەلی وەک «ئێوە چۆنکە عەرەبی نازانن وا دەڵێن!. زمان سەقافەتە و ئێوە نیتانە، بۆیە وا ئێژن!. ئێوە بە عەرەبی گوێتان لێ ناگرن، ئیتر چۆن بە کوردی گوێتان لێ دەدەن. تکایە بە عەرەبی قسە بکەن با لەوێش ماڵمان بە قوڕ نەگیرێ!. بیکەن بە خاتر خوا، واز لە کوردایەتی بێنن با لە بەغدا ماڵمان بە قوڕ نەگیرێ!. عەرەبەکانیش بە جڕت جوابتان دەدەنەوە!. پارلەمان بووەتە گاڵتەجاڕ!. وا دەزانی پارلەمان چاڤی لاندە؟!.

پارلەمانتار هەیە دەچێتە بەغدا و عەرەبیش نازانێ!. مرۆڤ هەتا دەرەوەی کوردستان نەبینێت، نازانێت کوردی چی زمانێکی هیچە و عەرەبیش چەند زمانێکی عالەمییە؟!.... و هتد. ئەمانە تەنیا مشتێکن لە گشتی ئەو پاشگۆیانەی کە لە فەیسبووکدا لەسەر ئەم هەواڵە نووسراون. ئەڵبەتە زۆربەی هەرە زۆریشیان بە ڕێنووسی چەوت و هەڵە و بە تەختەکلیلی عەرەبی نووسراون کە خودی ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بمانگەیێنێتە وێنایەک لە نەریتی نەگبەتی خۆ بە کەم زانین و بێڕێزیکردن بە خود. ئەگەر جارێکی تر بە پاشگۆکاندا بچینەوە، دەبینین کە هەموویان لێوانلێون لە سووکایەتیکردن و پڕاوپڕن لە گاڵتەکردن بە خود لە کەسایەتی زمانی کوردیدا، تژەن لە خۆ بە کەم زانین و بە تۆخی گوزارەن لە گەورەبوونی داگیرکەری عەرەب لە ناخی ئەم خەڵکەدا. من دڵنیام کە هەرکەسێ بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات تۆزێ سەرنجی دابێتە سەر کەسانی دەورەبەری خۆی و بەگشتی ڕووبەری شەقامی کوردی، دەگاتە ئەم ڕاستییەی کە دۆخی ئەم کۆمەڵگەیە زۆر نالەبارترە لەو میناکەی کە من باسم لێوە کرد. ئەوەی ڕاستی بێ خۆ بە کەم زانینی مرۆڤی داگیرکراوی کورد تەنیا حاڵەت و بوویەر نییە، تەنانەت دیاردەش نییە، بەڵکوو بەتایبەت سەبارەت بە گەلانی سەردەست بووەتە نەریتێکی سەردەست کە لە زۆر وێنای دیکەشدا بە سیمای جڤاکی کوردییەوە خۆی دەنوێنێ. یەکێ لەو وێنایانە بریتییە لە سەرسامی و شەیدابوون بە گەلانی داگیرکەری کوردستان کە لە نارێکییەکانی داگیربووندا باسم لێوە کردووە. هەموو دیوەکانی ئەم نەریتە نەگبەتە لەڕاستیدا بەشێکن لە کەسایەتییەکی داتەپیو کە بە گەلێ هۆکار و لەوانەش دۆخی داگیربوون

مرۆڤی کورد بووەتە خاوەنی و خدەی پێ گرتووە و پێی گۆش کراوە و ئیتر بەشێکە لە کەسایەتی ئەو. هەر بۆیە بە بڕوای من یەکێ لە کلیلە هەرە گەورەکانی ڕزگاری ئەم کەسایەتییە لە نەگبەتی داگیربوون بریتییە لە شۆردنەوەی کەسایەتی ئەو لە هەموو هیم و هێمایەکی گەلانی سەردەست، سڕینەوەی شووناسی لە ئەوەی کە دەرخواردی دراوە، ئەوسا جارێکی تر بارگاویکردنیەتی بە نەریتە ڕەسەنەکەی خۆی و دوبارە گەڕاندنەوەی بۆ خودە ڕەسەنەکەی خۆی. ئەڵبەتە ئەم کلیلە بە هەمان ڕادە کە گەورە و گرنگە، دۆزینەوەشی ئاڵۆز و ئاستەنگ و ئاستەمە.

بەشێکی گەورەی هۆکاری ئەم ئاسەنگییەش چینی نوخبە و ڕۆشنبیر و جڵەوکێشی کۆمەڵگەی کوردییە کە تا ئێستاکە نەیتوانیوە بە ئەم کارە ڕابێ. بە ڕاشکاوی دەڵێم تاکوو ئێستا جگە لە ئۆجالان هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد بیری لە نەگبەتییەکانی کەسایەتی داتەپیو و ئەستۆخواری کوردی نەکردووەتەوە و بە تۆخی لەسەر ڕاستکردنەوەی ئەم نەگبەتییانە ڕانەوەستاوە. و ئەڵبەتە من ئەمە بە ئاڵۆزییە هەرە گەورەکەی بەردەم دوبارە هەستانەوەی کەسایەتی کورد دەزانم. ئەڵبەتە ئەمە تەواوی داستانەکە نیبە و ئەگەر لە مەودایەکی دوورترەوە سەیری فەرهەنگی خۆمان بکەین و لە داب و نەریتی خۆمان بڕوانین، دەتوانین نیوەکەی تری ئەم ئاڵۆزییە لەنێو دڵی ئەم نەریتەدا بدۆزینەوە کە ئەویش تامەزرۆییبە بۆ ڕابردوو و مەیلی مانەوەیە لە دۆخی هەیی و ئێستاییدا و سڵەمینەوەیە لە گۆڕان. وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەم ڕەهەندە لە فەرهەنگی کوردی هەرچەندە بە دیوە پیرۆزەکەیدا بەردەوام یەکێک بووە لە بەربەستەکانی

توانەوەی ئەم گەلە لەنێو بەرداشی هەمەلایەنەی داگیرکاریدا، بەڵام بە دیوە نەگبەتەکەیدا یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتن و کرانەوە و گۆڕانی ئەم جڤاکە لە هەموو بوارێکدا و هەر ئەم سەرسەختییە لە بەردەم گۆڕاندایە کە بۆ دەیان ساڵە نەتەنیا هۆکار، بەڵکوو بەشێکە لە بەردەوامی داگیربوونی کوردستان. ڕاستە کوردبوون بە مانا فەرهەنگییەکەی هەوێنی هەرە گەورە و بەهێزی خۆڕاگری و تۆکمەبوونی کیانی جڤاکی کورد بووە، بەڵام بە دیوەکەی تریدا تۆکمەبوونی تێپەڕاندووە و لە زۆر بوار و ڕەهەندەوە بە شێوازێک وشک و ڕەقە کە لە بەردەم گەلێ گۆڕانکاری جڤاکیدا ڕێگرە و وەک قەفەزێ بۆ بەندکردن و بەسنوورکردنی ئەم جڤاکە ڕۆڵی دەگێڕێ. ئەم ڕەقێتی و وشکبوونە هێندە تۆخ و بەباندۆرە کە لە توانایدایە تەنانەت لە دەرەوەی ئەم جڤاکەش خۆی بەسەر سایکۆلۆژی مرۆڤی کورددا بسەپێنێ و لەگەڵیدا بژی تا هەم دۆگمەکانی خۆی بپارێزێ و هەم مرۆڤی کورد لەنێو بەستەڵەکێکی فەرهەنگی وشک و ڕەقدا بهێڵێتەوە. بۆ وێنە من لە شارێکدا دەژیم کە بەپێی ڕێژەی دانیشتووانەکەی یەکێ لەو شارانەیە کە زۆرترین پەنابەری ڕەوانەی دەرەوە و بەتایبەت ئەورۆپا کردووە، بەڵام ئەم ڕەوەندە جگە لەو پارەیەی کە دەیهێننەوە نەیانتوانیوە تۆزقاڵێ لە فەرهەنگ و نەریتی ئەوێ وەربگرن و لانیکەم تا ئەو ئاستەی کە من سەرنجم دابێ و لێیان تێگەیشتبم و بینیبێتم، لە نێویاندا کەسانێکم دیوە کە تەنانەت دوای زیاتر لە سی چل ساڵ ژیانی تاراوگە هەمان تێگەیشتن، هەمان هەڵسوکەوت و هەمان داب و نەریتی کۆنی شار و گوندەکەی خۆیان و بە گوتنێکی دیکە هەمان بەستەڵەک و قاڵبە فەرهەنگییەی چل ساڵ لەمەو

پێشی خۆیان دەژین. و ئەڵبەتە کێیە کە نەزانێ بەشێکی گەورە لەم فەرهەنگەی کە کورد خەریکە ژیانی دەکا فەرهەنگی قەبوولکردنی باڵادەستی داگیرکەران و ڕاهاتنە لەگەڵ داگیربوونی خۆیدا.

کە واتە، ئەم هێشتنەوەی مرۆڤی کوردە لە دۆخی هەبیدا پێش هەموو شتێ بە شێوازێکی نەگبەتئاسا هێشتنەوەیەتی لە دۆخی ژێردەستی و داگیربووندا. با بە هەندێ مەراقی ساکار و ڕاسکانی لە میناکی بەردەست ئەم گوزارەیە شی بکەمەوە. کە تۆ کوردێکی یارسانی بی و وەک تا ئێستا کردووتە لە کەسایەتی کتێبە پیرۆزەکانتدا زمانی خۆت لە خۆت بشاریتەوە، ئیتر جگە لە سمێڵێکی گەورە چیت لێ دەمێنێتەوە تا لەو قڕانە فەرهەنگییەی کە لەسەر تۆ لە ئارادایە بەرگری لە خۆت بکەی؟!. ئەگەر تۆ کوردێکی موسڵمان بی و وەک تا ئەمڕۆ کردووتە گەلانی موسڵمانانی داگیرکەری وڵاتەکەت وەک برای خۆت بزانی، چۆن دەتوانی دژی داگیرکارییەکانی ئەوان بوەستیتەوە؟!. کە تۆ وەک تا ئەمڕۆ هاتووی هێشتا خۆت لە پارتێکدا بدۆزیتەوە کە دەیان ساڵ خیانەت بە نیشتمانی لە مێژوودایە، چۆن دەتوانی بە دوای ڕزگاریدا بگەڕێی؟!. ئەگەر تۆ وەک تا ئەمڕۆ هێناوتە هێشتا لە سەرۆکێکدا توابیتەوە کە لە کاتی خۆیدا دەیان هەڵەی ستراتێژی و گەورەی کردووە، چۆن بە تەمای ڕێگایەکی تازە بۆ ئەم ڕزگاربوونە بدۆزیتەوە؟!... و هتد. ئەم نەریت و خوازە تۆخەی مانەوە لە دۆخی ڕابردوو و ژیانی ئێستاکەدا لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و جڤاکی کوردیدا بوونی هەیە و بەدی دەکرێ و وەک لە سەرەوش ئاماژەم پێدا بەشێکی زۆری ئەم نەگبەتییە ئەگەر هەوێنی

درێژەکێشانی داگیربوون نەبێ، بێگومان بە ڕێژەیەکی زۆر یارمەتیدەریەتی. هەر بۆیە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکانی ڕابوونی داگیرکاری لەسەر مرۆڤی کورد ڕزگاربوونیەتی لە سایکۆلۆژییەتی مانەوە لە دۆخی ئێستایی و ئازادبونیەتی لە نەریتی وێستایی و مەندبوون.

سەرباری هەموو ئەمانە، نابێ لە بیریشمان بچی کە بەشێکی بەرچاوی نەریتی هەڵسوکەوت و کولتووری ژیانی ئێستای ئێمە لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەو کولتوورەیە کە سەردەستەکان لە ناخماندا دەیچێنن. بە مانایەکی تر داگیربوون لە کەسایەتی فەرهەنگدا بەشێک لە ڕۆحی ڕەسەنی ئێمەی لەناو بردووە و بەشێکی بەرچاوی ئێمەی کورد بە ڕادەیەکی زۆر لە فەرهەنگی خۆمان جیا کراوینەتەوە و سێبەرێ لە فەرهەنگی داگیرکەران دەژین. ئۆجالان دەڵێ «ئەگەر گەلێک لە فەرهەنگەکەی جیا بکرێتەوە، نەتەنیا ڕواڵەت، بەڵکوو ڕۆحەکەشی کە ڕێنمایەتی لەناو دەچێ»[1] و بێگومان ئەمە نەگبەتترین لایەنی ئەم کولتوورەیە کە ئێمە سەد ساڵە ژیاوین و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بەر تەوژمی کەوتووین. ئەڵبەتە لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئەم تەوژمە فەرهەنگییە وێڕای بەردەوامکردنی هێرشەکانی خەریکە هێزی خۆی لەدەست دەدا و لە بەرانبەردا کورد بە گەلێ هۆکار هێدی هێدی خەریکە بەرەو خۆدە ڕەسەنەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. بەڵام نابێ نکۆڵی لەمە بکەین کە ئێمە هێشتا بە تۆخی سێبەرێ لە ژیانی فەرهەنگی گەلانی سەردەست دەژین و

---

١ عبدالله اوجالان، شهروند آزاد، ل. ٣٠

تەنانەت لە هەندێ بواریشدا بە ئاراستەی توانەوە بەرەو پێش دەچین. بە مانایەکی دیکە ئێمە هێشتا بە توندی گیرۆدەی ئەو ئەندازیارییە فەرهەنگییەین کە دەوڵەتانی داگیرکەر بە سەرماندا سەپاندوویانە و ئەمە ئەو هۆکارە گرنگ و بەباندۆرەیە کە ئەم نەگبەتییە لە هەموو نەگبەتییەکانی دیکەی فەرهەنگی ئێمە ترسناکتر دەکاتەوە. بەشێک لە گەورەیی ئەم مەترسییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێزی کولتوور هێزێکی نەرم و هەست پێنەکراوە و وەک لە شێوازی پێشوازیکردنی ئەم ساڵانەی دوایی خەڵکی کورد لە مۆسیقا و دراماکانی فارس و تورک بەدی دەکرێ، زۆر جاران مرۆڤ خۆویستانە و بە نائاگا بە پیریەوە دەچێ. لەم سۆنگەیەوەیە کە ئۆجالان لە پێشنیاری ڕێگەچارەی کۆتاییهێنان بەم نەگبەتیبە دەڵێ: «پێویستە کورد بەگشتی و تەنانەت ئەو کوردانەش کە لە ناوەندە پیشەسازییەکانی وڵاتانی دیکەدا گیرساونەتەوە، یان لەو شوێنانەی کە وەک کۆچبەر تێیدا دەژین، هەبوون و شووناسی فەرهەنگی خۆیان بپارێزن، مافی وڵاتیبوون بەدەست بێنن و لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی پەروەردەی زمانی دایک، ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، مافی مرۆڤ و پێوانەکانی دیمۆکراسی، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا چالاکانە بەشداری بکەن و ئەرکی خۆیان سەرکەوتووانە بەجێ بێنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لە هەموو بوارەکانی جڤاکی، وەرزشی، پیشەیی و بوارە هاوشێوەکانی دیکە و بەتایبەت لە هونەردا شارەزایی بەدەست بێنن و بە

**شێوازێکی چالاک هەبوونی فەرهەنگی خۆیان بپارێزن و گەشەی پێ بدەن»[٢].**

٢سەرچاوەی پێشوو، ل.١٨

## ئایین

ئەگەر ئایین ئەو تاکە چەمکە نەبێ کە زۆرترین گرێدراوی و پەیوەندی لەگەڵ پیرۆزی و نەگبتی هاوکاتدا هەیە، بێگومان لەناو هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتیدا ناسراوترین و گشتگیرترین و کاریگەرترینیانە. لێرەدا من لەو پیرۆزی و نەگبەتییە ڕۆحییەی کە ئایین بەگشتی هەمیشە هەڵگریەتی و لەنێو جڤاکدا بەرهەمی دێنێ باس ناکەم، بەڵکوو مەبەستم باسکردنە لە باندۆری ئایین لە گۆڕینی ژیان، پێگە و بارودۆخی گشتی جڤاک بە ئاراستەی ئەرێنی یان نەرێنی و لەم ڕوویەوە دەبێتە بوونەوەرێکی پیرۆز بۆ جڤاک یان دەبێتە مایەی نەگبەتی بۆی. کاتێ لەم سۆنگەیەوە سەیری

کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکەین، دەبینین کە لە هەر جڤاکێکدا لەڕاستیدا ئەمە تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی ئەو جڤاکە سەبارەت بە ئایینە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ ببێتە بکەرێ کە ژیان و بارودۆخی ئەو جڤاکە بە لای ئەرێنی یان نەرێنیدا دەشکێنێتەوە. با نموونەیەک بێنمەوە. لە هیچکەس شاراوە نییە کە هاتنی ئیسلام لە سەرتادا و بۆ سەدان ساڵی بەردەوام گەورەترین باندۆری ئەرێنی لە ژیان و پێکە و بەگشتی چارەنووسی گەلی عەرەب داناوە و توانیویەتی تەنانەت لە هەندێ چاخی مێژوودا لە ئاستێکی گەردوونی سەروەرییەکی وایان پێ ببەخشێ کە لە هەندێ بواری وەکوو فەرهەنگدا تاکوو ئێستاش نیشانەکانی هەر ماون. کە واتە، ئیسلام بۆ سەدان ساڵ بەشێکی گەورەی پیرۆزییەکەی لەنێو عەرەب لەوەدا بووە کە ئەم گەلە بەکاری هێناوە بۆ دابینکردن و دروستکردنی ژیانێکی پیرۆز بۆ خۆی. بەڵام هەر ئەم گەلە لەم سەردەمەدا بە شێوازێک لە شوومی ڕەفتارکردن لەگەڵ هێما و ئامرازە پیرۆزەکەی دوێنێدا گرفتارە کە خەریکە گەورەترین نەگبەتییەکانی بۆ بەرهەم دێنێ. ئەم نەگبەتییانە هێندە ئاشکران کە کەسێکی ئاساییش دەتوانێ بە ئاسانی بیانبینێ. کێیە کە نەزانێ بەشێکی گەورەی پاشڤەڕۆیی، برسێتی، تیرۆر، شەڕ و ئاژاوەکانی جیهانی عەرەب پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هەڵسوکەوت و خوێندنەوەی ئەم گەلە لە ئیسلام هەیە؟!. کە واتە، ئەو ئامرازە پیرۆزەی کە تا دوێنێ بۆ عەرەب دابینکەری ژیانێکی پیرۆز بوو، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرباری ئەوەی کە هێشتا لە سیمای ڕواڵەتێکی پیرۆزدا چاوی لێ دەکرێ، کەچی بەرهەمهێنەری نەگبەتییەکی گەورەیە بۆ ئەم گەلە. بە

**مانایەکی دی ئەم گەلە ئەمڕۆ سەبارەت بە ئایین لە ژیانیکی هاوکات پیرۆزی و نەگبەتیدا دەژی.**

**با بێینە سەر مژارە سەرەکییەکەی خۆمان کە بریتی دەبێ لە سەرنجدانە سەر دۆخی پیرۆزی و نەگبەتی هاوکات ژیانکردنی کورد بەهۆ و سەبارەت بە ئایین کە بێگومان زۆر زیاتر لە عەرەبی ئەمڕۆ و بۆ ماوەی سەدان ساڵە درێژەی هەیە و ئەڵبەتە لێرەدا سەرنجی باسەکەمان زیاتر لەسەر سەد ساڵی ڕابردوو دەبێ. ئیسمائیل بێشکچی لە کتێبی "کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی" و بە سەردێڕی "شێخ خزمەتی ئایدۆلۆژی ڕەسمی دەکات"، باس لە شێخێکی کورد وەک نموونە دەکا بەناوی سەیدا. ئەو دەڵێ: «شێخ سەیدا لە ساڵی ١٩٦٨ لە ناوچەی جزیرە دەژیا. ئەم شێخە هەمیشە بەم شێوەیە ئامۆژگاری پەیڕەوانی خۆی دەکرد کە گرنگ ئەوەیە مرۆڤ موسڵمان بێت و برایانە هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ئەوەی کوردایەتی بکات، دژایەتی ئیسلام دەکات و هەر وەها لەبەر ئەوەی کە ئێمە خۆمان بە ئومەتی پێغەمبەر دەزانین، پێغەمبەری خوا داوامان لێدەکات ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزەکانی خۆمان دەربکەین... . لەبەر ئەوەی کاتێ شێخ جەخت لەسەر دژایەتی نێوان ئینتمای نەتەوایەتی و ئیسلام دەکات، دەیەوێت بە موریدەکانی بڵێت خودا و پێغەمبەری خودا دژی مەسەلەی کوردن، بۆیە موسڵمان تاوان دەکات ئەگەر بەرگری لە مەسەلەی کورد بکات و داوای مافە نەتەوایەتی و دیمۆکراتییەکانی بکات»[٣]. ئەمەی کە بێشکچی لە**

٣ئیسمائیل بێشکچی، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی حەمە ڕەشید، ل. ١٣٨

کەسایەتی ئەم شێخەدا باسی دەکا و لەڕاستیدا زۆرێک لە پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوە ئایینییەکانی کورد دەگرێتەوە، یەکێکە لەو وێستگانەی کە جڤاکی کوردی لەوێدا پیرۆزی ئایین دەگۆڕێتەوە بۆ نەگبەتی.

مرۆڤی موسڵمانی کورد لەحاڵێکدا تەنیا ئەو دەقانەی قورئان بە هەند وەردەگرێ کە بە شێوەیەکی گشتی باس لە برایەتی موسڵمانان دەکەن و هۆشداری دەدەن لە مەترسی دابڕان و پارچەکردنی ئومەتی ئیسلامی، کەچی گوێ بۆ هیچکام لەو دەقانە ڕاناگرێ کە دەڵێن لەنێو ئەم ئومەتەدا هەرکەی ستەمی لە برای موسڵمانی خۆی کرد پێویستە نەتەنیا کەسی ستەمدیدە، بەڵکوو برایانی تری موسڵمان دژی لایەنی ستەمکار بوەستینەوە. بە گوتنێکی دیکە، مرۆڤی داگیرکراوی کوردی موسڵمان لەحاڵێکدا کە دەتوانێ خۆی لەپاڵ پیرۆزی دەیان دەقی ئاشکرا و ڕوونی قورئاندا بشارێتەوە کە هانی مرۆڤەکان دەدەن دژ بە ستەمکاری بوەستنەوە و خۆیان لە ستەم و ستەمکار بپارێزن، کەچی بەشێکی گەورەی کورد خۆیان لەم ڕەهەندەی قورئان گێل دەکەن و بۆ نەگبەتی تەنیا ئەو دیوەکەی تری وەردەگرن. هەتا ئێستاکەش زۆرێک لە بکەرەکانی دەزگای ئایین وەکوو شێخ، مەلا، مامۆستا، زانای ئایینی، وتاربێژ، خودی مزگەوت و تەنانەت ئەو کتێبانەش کە لە ڕوانگەی ئایینەوە دەنووسرێن، هەموویان بڵندگۆی ئەم جارەن کە هەر جۆرە پێکدادان و دژایەتییەک لەگەڵ گەلی موسڵمانی فارس و تورک و عەرەب لە بەرژەوەندی ئیسلامدا نییە و دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی ئومەتی ئیسلامی و هەر بۆیە ڕێگە پێنەدراو و تاوانە.

ئەم سایکۆلۆژییەتە کەسی و کۆمەڵایەتییەی کورد کە لە نێوخۆیدا وەک ئامرازێکی بەهێز پیرۆزییەکانی ئایین دەگۆڕی بۆ ماشینێکی بەرهەمهێنەری نەگبەتی، هێندە زەق و ڕووتە کە گەلانی دەوروبەر لەمێژە بە ئاسانی هەستیان پێکردووە و بەردەوامیش بەکاری دێنن. ئەم دەقانەی خوارەوە کە تێیاندا سوپای داگیرکەری تورک بۆ سەرکوتی بەشێک لە بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستان بە ئاسانی دەرخواردی ئەم سایکۆلۆژییەتەی داوە، یەکێکە لەم نموونەکانی ئەم بەکارهێنانە.

دەقی١: «هاووڵاتییان بیر لە ئامۆژگارییەکانی ئیسلام بکەنەوە... . لەپێناوی خوادا شەڕی ئەوانە بکەن کە شەڕتان لەگەڵ دەکەن و دەستدرێژی مەکەن، خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت(بەقەرە١٩٠ ). هاووڵاتییان!، چەتە جوداخوازەکان دەیانەوێ لە بەها پیرۆزەکانی وەک ئایین و منداڵ و ژن و نیشتمان و ئاڵای وڵات و ڕەوشت دوورتان بخەنەوە. بۆیە ئەرکی سەرشانتانە وەک هەر موسڵمانێک دژایەتییان بکەن. کە واتە، ئەرکی سەرشانی خۆتان بەجێ بێنن و هاوکاری هێزەکانی سوپا بکەن»[٤].

دەقی٢: «هاووڵاتییان!، پێغەمبەری کەریم دەفەرموێت... ئەوەی چەکمان لێ هەڵگرێت لە ئێمە نییە و ئەوەی فێڵ و گزیشمان لێ بکات لە ئێمە نییە. ئەو چەتە تاوانبارانە چەکەکانیان ئاراستەی خۆت و دایک و باوک و برا و خۆشک و ژن و منداڵەکانت دەکەن و دەیانکوژن و شەرەفیان دەشکێنن، لە ئێمە نین. ئەو چەتانە شەرەف و کەرامەت و ژیانت دەشکێنن و نۆکەرایەتی

---

٤سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٠٩

ئەرمەن دەکەن. کە واتە، پێویستە هێزەکانی ئاسایش لە شوێن و جێگەی چەتە جوداخوازەکان ئاگادار بکەنەوە، ئەگینا خۆتان بەرانبەر بە خودا تاوانبار دەبن»[٥].

دەقی٣: «هاووڵاتییان!، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەری خودا بن، کێشە و دووبەرەکی لەنێو خۆتاندا پەیدا مەکەن، چۆنکە فاشیل دەبن و بەختتان دەڕوات و خۆڕاگر بن کە خودا لەگەڵ خۆڕاگرانە(ئەنفال ٤٦ ). هاووڵاتییان!، ئەو چەتە و ڕێگرانەی کە بەناو خەبات لەپێناو ڕزگاری نیشتمانی و ئازادی قسەت بۆ دەکەن، لەڕاستیدا یەکێتی و نەفس بەرزیت دەشکێنن، لەبەر ئەوە مەهێڵن ئەو خائین و دەستدرێژکارانە بە خۆیانەوە تووشتان بکەن. لەو چەتە خائینانەی کە بەبێ جیاوازی تەقە لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە دەکەن و دەیانکوژن و سەروەت و سامانیان دەدزن و دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان، هیچ نرخێک بۆ ئایین و ئابڕوو و ڕەوشت دانانێن. باوەڕ بە درۆکانیان مەکەن و هاوکاری هێزەکانی ئاسایش بکەن کە لەپێناو ئێوەدا دەجەنگن»[٦].

دەقی٤: «هاووڵاتییان!، خودای گەورە لە کتێبی پیرۆزدا دەفەرموێت ئەی موسڵمانان، ئێوەش مەبن بەو میلەتانەی دوای ئەوەی ئایەت و بەڵگەی ڕوونیان بۆ هاتە خوارەوە، ڕێگەی پەرتەوازەیی و ناکۆکی و جیاوازییان بەرنەدا. خوا ئەشکەنجەیەکی سەخت و دژواری بۆ ئەوانە ئامادە کردووە

---

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٠٩

[٦] سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣١٠

(ئالی عیمران ١٠٥ ). ماوەی هەزاران ساڵە نەتەوەی تورک بە خوێنی ملیۆنان شەهیدی موجاهید ئیسلام دەپارێزێت. ئەمڕۆ نەتەوەی تورک بووە بە ئامانجی دەوڵەتە ئیمپریالییەکان و دژمنانی تورک و ئیسلام. بنوارە خێزانەکەت و پرسیار لە دایکت و باوکت بکە و بیرت بهێنەوە چەند موجاهید لەپێناوی ئەم خاکەدا شەهید بوون. دەوڵەتی تورکیا گەورەترین و یەکەمین سوپای ئیسلامە کە خیانەتکارانی لەناو بردووە. ئەو ڕاستییەش دژمنانی ئیسلام و تورکیا دەیزانن. ئەوانە لە ڕێگەی پارتی کارکەرانی کوردستان و دەست و پێوەندەکانیان هەوڵدەدەن چەواشەت بکەن، ئاگادار بە نەکەویتە داوی خیانەتکارانەوە»[٧].

وەک دەبینرێ ئەم دەقانە بە یەک ڕێکاری سادە، بەڵام دەقیق لەگەڵ بەردەنگی کورددا دەدوێن و یاری بەو سایکۆلۆژییەتە سادە و ساویلکەیە دەکەن کە بەرهەمی تێگەیشتنی ساویلکانەیەتی لە ئایین. لەم ڕێکارەدا کەسایەتی ڕاوەستاو لەپشت ئەم دەقانە بە زیرەکی یەکەم، خۆی وەک گەورە و نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام پێناسە دەکا و کوردیش دەخاتە پاڵ خۆی. دووەم، لە ڕێگەی دەقێکی ئایینی هاوبەشەوە دەکەوێتە دانووستان لەگەڵ مرۆڤی کورد. سێیەم، هەوڵدەدا ئەو بەشەی کە بەشی هەرە زیندووی جڤاکی کوردە وەک دژبەری ئیسلام بنوێنێ و بەمجۆرە لە جەستەی جڤاکی موسڵمانی کورد جیای بکاتەوە. چوارەم، لەم جڤاکە موسڵمانە دەخوازێ کە ئەرکی خۆی سەبارەت بە ئیسلام بەجێ بێنێ و

٧سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣١٠ و ٣١١

دژی ئەو کەسانە بوەستێتەوە کە بۆ ڕزگاری ئەو و بە هانای ئەوەوە هاتوون. لە ئەمجۆرە گەمەکردنە بە ئیسلام لەنێوان کورد و گەلانی سەردەستدا نەتەوەی سەردەست لایەنی خەڵەتێنەر و کورد لایەنی خەڵەتێنراوی گەمەکەیە کە بەشێ لە خۆی دەکاتە قوربانی. ئەڵبەتە زۆرجاریش ئەم گەمەیە دەکرێ ببێتە یارییەکی یەکلایەنە کە نەتەوەی سەردەست بەتەنیا تێیدا یاری دەکا. ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی ئایین دژ بە کورد. لە ئەم یارییە تاکلایەنەیەدا نەتەوەی سەردەست ڕووی دەمی نە لە کورد، بەڵکوو لە ناوخۆی خۆیە و ڕاستەوخۆ فەرمانی قڕکردن دەدا. بۆ وێنە کاتێ خومەینی لە جیهادە بەناوبانگەکەیدا دژ بە ڕۆژهەڵات بە چەواشەکردنی بەشێ لە قورئان، ڕستەی «لەگەڵ کافران توند و تیژ و لەگەڵ یەکدی بەبەزەیی بن» بەکار دێنێ، لەڕاستیدا بە هەمان پرۆسەی پێشوودا دەڕوا، بە جیاوازی ئەمەی کە ئەمجارە لەگەڵ ناوخۆدا دەدوێ. لەم شێوازە لە بەکارهێنانی ئاییندا تاکە کەسێک بە دێڕێک خەڵکانێک بە کافر پێناسە دەکا، حوکمێکیان بەسەردا دەسەپێنێ و پەیڕەوانی ئەو تاکەکەسەش بۆی جێبەجێ دەکەن. مێژووی ئیسلام لێوانلێوە لەم ڕەوتە و ئاڵایە زۆرینەی ڕەهای هێرشەکانی سەر کورد لەژێر سێبەری دەقێکی ئایینی و بەناوێکی ئایینییەوە ڕوویانداوە. لە هەردوو حاڵەتەکەی پێشوودا ئەمە دەزگای ئایینی کوردییە کە ڕێگەخۆشکەری سەرەکی گۆڕینی پیرۆزییە بۆ نەگبەتی.

کە دەڵێم دەزگای ئایینی کوردی، مەبەستم مامۆستایانی ئایینی، شێخ، مەلا و دەروێشەکان، وتاربێژەکان، ڕۆشنبیران و نووسەرانی بواری

**ئایین، حزبە ئایینییەکان، شوێنە پیرۆزەکان، مجێورەکانی مزگەوت و تەنانەت خەڵکی ئاسایی دینداریشە وێڕای تێڕوانین و تێگەیشتن و هەڵسوکەوتیان سەبارەت بە ئایین و بەتایبەت ئیسلام. بە مانایەکی دیکە مەبەستم ئەو ڕووبەر و فەزا دیمۆگرافی و ڕۆحی و هزری و کردارییە و بەکورتی ئەو ڕووبەرە فەرمانڕەواییەیە کە ئایین بەسەر جڤاکی کوردییەوە هەیەتی. بەشێکی گەورەی ئەم دەزگا ئایینییە گەلانی فارس و تورک و عەرەب بە سەروەر دەزانێ و دەکەوێتە خزمەتیانەوە دژ بە خۆی، بەشێکی چاوپۆشی لە ستەمکارییان دەکا، بەشێکی تریشی تەنانەت دەبێتە شەیدا و هۆگریان. نموونەی زیندووی ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ لە هێمای کەسانی وەک "عەلی قەرەداخی"دا بە زۆری و بە ئاسانی لەنێو کورددا دەست دەکەون. ئەگەر بمەوێ نموونەی کۆنتر بێنمەوە، بەشێکی بەرچاوی یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی وێناکردنێکی دیرۆکییە لە ئەم شەیدابوونە. حیلمی بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری وەک خۆشی تێدا، چەندە جڤاکی کوردی سەردەمی شێخ مەحموود هۆگری تورک بووە و نایشارێتەوە کە هەوێنی بەشێکی زۆری ئەم هۆگرییە ئایینی هاوبەش بووە. ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «دەماری خۆرهەڵاتی، موسڵمانی، ئاشنایەتی گیانی و دێرینم لەگەڵ تورک، خوێندنم لە تورکیا و شارەزاییم بە زمانی تورکی و... هەموو لەوانە بوو کە قازانجی کورد و مەسەلەی کوردستانی لێ بکرێتە دەرەوە، بۆ هیچ مەبەستێکی تر نینۆکی تورک بە باوکی یۆنان نەگۆڕمەوە... . بە لای منەوە تورک ئەو میلەتە خۆرهەڵاتییە گەورە و موسڵمانە بوو کە لەگەڵ کورددا و بەڵکوو لەگەڵ هەموو قەومەکانی تری خۆرهەڵاتدا مێژوویەکی دوور و**

درێژی دۆستایەتی و پەیوەستەگی دینی و نەژادی و تێکەڵاوی خوێنی هەبوو»[٨]. کە حاڵی کەسێکی ڕۆشنبیری خوێندەواری ناسیۆنالیستی کورد لەو سەردەمەدا ئەمە بێ کە خۆی باسی دەکا، زۆر ئاشکرایە کە دۆخی کۆمەڵگا لەمە زۆر خراپترو. ڕەفیق حیلمی بە ڕستەی وەک «ئینکاری ناکەم من لەوەدا کە لەسەر تورکم ئەکردەوە بە هەڵە چووبووم، بەڵام لەناو کورددا هەر من بە هەڵە نەچووبووم»[٩]، وێڕای دانپێدانان و هاوکات پەشیمانی دەربڕین، ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات کە لە کۆتاییدا ئەویش بەشێک بووە لەو دەزگا ئایینییە کوردییەی کە لە سەرەوە باسمان کرد. ئەو لەم پاکانە هێنانەوەیەدا دۆخی جڤاکی کوردی بەمجۆرە وێنا دەکا: «ئەوەم ئەهاتەوە بە بیرا کە ئێمەی کوردەکان با هەندێ لاپەڕەی خوێناویشی تیا هەبێ، ساڵەهای ساڵ لەژێر یەک ئالا، ئالای خۆشەویستی عوسمانیدا پێکەوە ژیاوین. خوێنی خۆرهەڵاتییەکی موسڵمان لە ڕەگەکانی لەشمدا ئەگەڕا. هەموو خەڵکەکەی ئەو ڕۆژە بووبوون بە تورک خوا»[١٠]. ئەم چەند نموونەیە مشتێکە لە گشتی یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی کە لەڕاستیدا گێڕانەوەی حکایەتی گیرۆدەبوونێکی تۆخی بەشێکی گەورەی کوردی باشوورە بە تورکەوە لە سەردەمی شێخ مەحموودا. ئەم گیرۆدەبوونە کە زۆرجار تەنانەت دەگاتە ئاستی بەیەک زانینی خود لەگەڵ گەلانی

---

٨ڕەفیق حیلمی، یادداشت، ل. ٣٠٦ و ٣٠٧

٩سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣١١

١٠سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٠٧

سەردەستدا، ئەگەر نەڵێین بە درێژایی سەدان ساڵ، بێگومان بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بەردەوام بەشێک بووە لە سۆسیۆلۆژی جڤاکی کورد. لەم دۆخەدا زۆرجار کۆمەڵگەی کوردی دەگاتە دۆخێکی سایکۆلۆژی کە بە ستەمی داگیرکەرێک لەسەر خۆی ڕازی و خۆشحاڵ دەبێ بە مەرجێ کە بەناوی داگیرکەرێکی دیکەدا بنووسرێتەوە. بۆ وێنە من ئەمڕۆ کە بە بیرەوەرییەکانی شەڕی هەشت ساڵەی سەدام و خومەینی دا دەچمەوە، بەباشی دێتەوە بیرم کە چۆن خەڵکی سونە مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر ئەوەی کە وڵاتێکی سونی خەریکە لە وڵاتێکی شیعی دەدا دڵخۆش دەبوون و گەشکەیان دەکرد، ئەمە لەحاڵێکدا کە هەموو بۆمبەکانی سەدام نە فارسەکان، بەڵکوو خودی کوردەکانی دەکردە قوربانی.

با لە گۆشەنیگای ئەمڕۆوە بە دوای پیرۆزی و نەگبەتی ژیانکردنی جڤاکی کوردی لە ئاییندا بکەوین تا بزانین بە کوێ دەگەین و ئاسۆی ئەم پرسە بەرەو کوێ دەچێ. یەک ڕاستی ئەمەیە کە ئەزموونی جڤاکی کوردی لە هاوکات پیرۆزی و نەگبەتی ژیانکردنی ئایینیدا بە ڕوونی دەریدەخات کە هەم لەلای تاکەکەس و هەم لەلای کۆمەڵگا ئایین چەندە پیرۆزتر بووبێ، بە هەمان ڕێژە نەگبەتییەکەشی گەورەتر بووە و ئەو نەهامەتییەش کە هەم بەسەر تاک و هەم بەسەر جڤاکی کوردی هێناویەتی بە هەمان ڕێژە وێرانگەرتر بووە. ڕاستی دووەمیش ئەمەیە کە وێڕای ئەوەی دەزگای ئایینی کوردی هێشتا شێوە ژیانی پیرۆزی و نەگبەتی هاوکات دەرخواردی کۆمەڵگەی کوردی دەدا، کەچی بەشێکی ئەم کۆمەڵگایە بە هەر هۆکارێ

بێ، وەکوو جارانی پێشوو ئایینی لەلا بە پیرۆز نەماوە و لە ئەنجامدا نەگبەتیش لەسەری کەم بووەتەوە. بەڵام دیسان ئەو بەشەکەی تری جڤاکی کوردی کە هێشتا زۆرینەیە، بە هاوکاری گەلانی سەردەست بە ڕێبازی نوێی دیکە دەیانەوێ و خەریکن دەزگای ئایینی کوردی بەرەو دۆخێکی نوێی پیرۆزی و نەگبەتی ئاراستە بکەن. ئەم ڕێبازە نوێیە بریتییە لە سێ پرۆژەی گەورەی ئیخوانیزمی تورکی، سەلەفیزمی عەرەبی و شیعیزمی فارسی. مەریوان وریا قانع لە کتێبی "لە چ ئێستایەکدا دەژین" دەڵێت: «بزووتنەوە دینییەکانی تورکیاش خاوەنی ١٩ قوتابخانەن لە هەرێمدا کە ٥٥٠٠ قوتابی تێیاندا دەخوێنن. هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە تورکیا خەریکی بڵاوکردنەوە جۆرێکی تایبەتە لە هەستی ئایینی کە هەرێم بە تورکیاوە ببەستێتەوە»[١١]. ئەم دەستەدێڕە بە دروستی ئاماژە بە هەمان ڕێکارە کۆنەکەی دروستکردنی هەستی بەیەک زانینی خود لەگەڵ گەلانی دیکەی موسڵمان لە ناخی مرۆڤی کورددا دەکات. ئەڵبەتە ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠١٢ـدا لە چاپ دراوە و بێگومان ئەم ئامارە ئەمڕۆ زۆر زۆر لەمە زیاترە. جگە لەمە، لە هەرێمی باشوور تەنیا تورکیا نییە کە لە ڕێگەی ئایینەوە خەریکی دارِشتنەوەی دەزگای ئایینی کوردییە. ئێرانی شیعی لەنێو جەرگەی شارێکی ئاڵایە بە زۆرینەی ڕەها سونەنشینی وەک سلێمانیدا نەک مزگەوت، بەڵکوو حوسێنیە دادەمەزرێنێ. ئەمە نیشان دەدا کە لەم تەوژمە نوێیەدا گەلانی سەردەست زیاتر لە پێشوو بەنیازن ئیسلامێک لەنێو کورددا بەرهەم بێنن کە مۆرک و جیپەنجەی فەرهەنگی

---

١١ مەریوان وریا قانع، لە چ ئێستایەکدا دەژین، ل. ٢٠٢

خۆیانی پێوە دیار بێ و دژ بە ئیسلامە ڕەسەنە کوردێنراوەکەی ئێمە بێ کە مەریوان بە ئیسلامی میللی ناودێری دەکا.

ئەوەی لێرەدا جێگەی داخ و مایەی نەگبەتییە ئەمەیە کە تەنانەت لە هەبوونی کەمترین ئاگاییشدا دەکرا بەشێک لەو خوێندنگە و حوسێنیە و مزگەوتە تورکی و فارسی و عەرەبییانەی کە دەربازی باشوور دەبن لە بەرژەوەندی گوتار و ڕەوتی ئیسلامی ڕەسەنی کوردیدا پێچەوانە بکرێنەوە، بەڵام وەک هەڵسوکەوت و بەرەو پیرچوونی خەڵک، دەسەڵاتی سیاسی، گوتاربێژان و مامۆستایانی ئایینی باشووری کوردستان نیشانی دەدا، لە هێمای باشووردا دۆخی کورد دۆخی ئەو بەندکراوەیە کە هەرەیەکی دەست دەکەوێ و ئەویش نە لەپێناو ڕاکردن و خۆ ڕزگارکردندا، بەڵکوو بۆ دروستکردنی خاچێک بۆ نزاکردن و پاڕانەوە لەنێو زینداندا پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی دەبڕێتەوە.

مەریوان لەم کتێبەدا تەنیا لە باسی باشوور و پیلانەکانی دوو باڵەکەی ئیسلامی سۆنە لەو هەرێمەدا بە دروستی ئاماژە بەم مەترسییە گەورەیە دەدا. ئەو دەڵێ: «ترسناکی ئیسلامی ئیخوانی و سەلەفی ئەو کات دەست پێدەکات کە ئیسلامی میللی، ئیسلامی ناو دڵی ئیماندار و خوداناسە سادە و ئاساییەکانی دنیای ئێمە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دوو تێگەیشتنەی ترەوە»[١٢]. ئەڵبەتە ئەگەرچی مەریوان باسی بەشەکانی دیکە و دەوڵەتانی دیکە ناکا، بەڵام هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە نەتەنیا

١٢سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٣

دەوڵەتانی سەردەست، بەڵکوو وڵاتانی دیکەش و نەتەنیا لە باشوور، بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خەریکن لەسەر پرۆژەکانیان سەرمایەگوزاری دەکەن. نزیکترین نموونەی ئەم ڕەوتە لە ئەردهەژەکەی ساڵی ٢٠١٧ـی زەهاو هاتە ئاراوە. لەم بوویەرەدا وڵاتانی عەرەبی خەلیج لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی ئەو دەڤەرەوە تەنانەت بەر لەوەی ماڵەکانیان دروست بکرێنەوە، مزگەوتەکانی تەواوی دێهاتەکانی دەشتی زەهاویان بە ژمارەیەکی زیاتر لە جاران و لە ڕووبەری گەورەتر لە پێش نووژەن کردەوە. بە جۆرێ کە ئێستا دێی تێدایە کە کەمتر لە دە ماڵی لێیە و دوو مزگەوتی گەورەشیان هەیە و تەنانەت ڕێبوارێکی ئاساییش دەتوانێ لە سیما و کەسایەتی ئەم مزگەوتانەدا نیشانەکانی دابەشبوونی جڤاکی کوردی لەسەر دەستی ئایین ببینێ. بۆ وێنە مزگەت هەیە کە سەلەفییەکان و ئیخوانییەکان بە جیا نوێژی تێدا دەکەن.

خاڵێکی گرنگی دیکەش کە دەبێ دەستی لەسەر دابنرێ ئەمەیە کە لەڕاستیدا ئەم دەوڵەتانە بۆ شێواندنی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت ئەو ئیسلامە ڕەسەنە کوردییەش، تەنیا لە فکری تەشەنە و گەشەپێدان بە ئیسلامی جۆری دڵخوازی خۆیانیش نین، بەڵکوو تەنانەت ئامادەن یارمەتی ئەو جۆرە ئیسلامانەش بدەن کە دژی ئەوەی خۆیانن، بە مەرجێ نێومالّی کورد بشێوێنن. بۆ وێنە ئێرانێ کە تا سەر ئێسقان دژەسونە خۆی دەنوێنێ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانبەشانی پەرەپێدانی شوێنە ئایینییەکانی شیعە، مزگەوتی سونەش پەرە پێدەدا. جگە لەمە پاڵپشتی و هاوکاری دەوڵەت لەگەڵ سەلەفی و ئیخوانییەکان گەیشتووەتە ئاستێک کە

بە ئاسانی دەتوانن بەسەر بەشێکی بەرچاوی ڕووبەی گشتی کۆمەڵگەدا فەرمان بڕانن و ئاراستەی بەشێک لەم جڤاکە بگرنە دەست. ئەم هاوکارییە لەنێوان دەوڵەتێکی شیعی و بزاڤەکانی ئیخوانی و سەلەفی سونی هێندە ئاشکرایە کە لە هیچکەسێ شاراوە نییە. ئەم میناکانە بە ئاشکرا نیشانی دەدەن کە ئەگەر لە مەودایەکی سەرووتر و بەرزترەوە سەیری دۆخەکە بکەین، ئەم قسەیەی خوارەوە کە مەریوان سەبارەت بە باندۆری ئیخوانیزم و سەلەفیزم لەسەر باشوور دەیکا، پانتاییەکی فراوانتر و بەرینتر دەگرێتەوە کە ئەویش بریتییە لە پرۆژەی دوبارە بەنەگبەتکردنەوەی جڤاکی کورد لە ڕێگەی پیرۆزییەک کە هەمان ئیسلامی دوبارە ماکیاژکراوی ئیخوانی و سەلەفی و شیعییە. مەریوان دەڵێ: «ئیسلامی سەلەفی و ئیخوانی تەنیا ئیسلامی میللی وێران ناکەن لە ڕێگای سەپاندنی لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆیانەوە بەسەر ئەو ئیسلامە میلییەدا، بەڵکوو لە ڕێگای بەموقەدەسکردنی دینەوە هەموو وزەیەکی ڕەخنەیی و هەموو ئازادییەکی ڕاستەقینە لە بیرکردنەوەدا دەکوژن»[١٣].

بێگومان نابێ لە نەگبەتییەکانی ئایین لە جڤاتی کوردی بدوێین و باسی ئەو بەشە لەم جڤاتە نەکەین کە لەباتی ئەوەی تاوانی داگیربوون و دابەشبوونی کوردستان بخەنە ئۆباڵی داگیرکەرانی موسڵمان، دەیخەنە ئەستۆی خودی ئیسلام. ئەڵبەتە من لەم تایبەتمەندییە دەروونی و

---

١٣سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٤

سایکۆلۆژییە تێدەگەم کە ئەگەر سەدان ساڵ بەناوی هەر شتێکەوە ستەم لە مرۆڤ بکرێ، وردە وردە ئەو شتە بە ڕادەیەک دەبێتە هێمای ستەمکاری کە لەوانەیە جێی لەگەڵ ستەمکارەکەدا بگۆڕێ. هەر بۆیەش لە ڕووی دەروونییەوە بەشێ لەو دژایەتیکردنەی ئیسلام لەلایەن ئەو کوردانەوە کە هەست بە داگیربوونی خۆیان و وڵاتەکەیان دەکەن، بە ڕەوا و بە حەق دەزانم. بەتایبەت کە وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بەشێکی بەرچاوی دەقەکانی ئیسلام و فەرهەنگی گەلانی موسڵمان بە ئاشکرا هەوێنی داگیرکارییان تێدایە. ئەگەر لەم ڕقە سایکۆلۆژییە ڕەوایە گەڕێین و ژیرانە لە گرفتەکە بڕوانین دەبینی کە جۆری دانووستاندنی دژبەرانی ئیسلام لەنێو ئێمەدا نەتەنیا مامەڵەکردنێکی شاش و هەڵەیە، بەڵکوو لە جۆری خۆیدا نەگبەتییەکی گەورەشە. جارێ پێش هەموو شتێ دژایەتیکردنی ئیسلام بۆ کورد ڕێک بە مانای دژایەتیکردنی زۆرینەی گەل و دەوڵەتە موسڵمانەکان دێت کە هەموویان تا ئاستی دەمارگیری و شۆڤینیزم پابەندی ئەم ئایینەن و ئەمە یانی زیاتر نزیککردنەوەی ئەوان لە بەرەی داگیرکەرانی کوردستان و لە ئەنجامدا زیادکردنی دژمنانی کورد. دوای ئەمەش، ئێمە دەبێ لەمە تێبگەین کە ئیسلام دوای زیاتر لە هەزار ساڵ ژیانکردن لەنێو کورددا چیتر ئایینێکی بیگانە بە کورد نییە و بەشێکە لە شووناسی کورد. هەر بۆیە پێویستە ئێمە ئامرازە هێزبەخشەکانی ئەم ئایینە وەکوو "جیهاد" و "تەکفیر" بە ئاراستەی پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد دژ بە داگیرکەران بخەینە خزمەت خۆمان.

گەر بمەوێ قسەکانم کورت بکەمەوە، دەبێ بڵێم ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو میناکانەی کە هێناومن و لە سۆنگەی شیمانەکانی سەرەوە جارێکی تر سەیری پرۆسەی گۆڕین و گۆڕانی ئایین لە پیرۆزییەوە بۆ نەگبەتی لەنێو کورددا بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئەم پرۆسەیە دیاردەیەکی چەندین ڕەهەندییە کە دیوێکی سایکۆلۆژی قەبوولکردنی سەروەری گەلانی ترە وەک نوێنەری خودا و ئایین و شەیدابوون پێیان، ئالییەکی دەبێتە هەستکردنێکی گەوجانەیە بە برایەتی ئەم گەلانە و لەسەر ئەم بنەمایەش چاوپۆشی لە ستەمکاری ئەوان، ڕەخێکی بریتییە لە خۆ خەڵەتاندن یان خەڵەتێنران لەلایەن ئەوانەوە، باڵێکی دیکەی بەکارهێنانی ئایینە وەک چەک دژ بە کورد، لایەکی تری دابڕانی نێوخۆیی کوردە لە یەکتر و دابەشبوونی بەسەر گەلانی سەردەستدا و سۆیەکی دیکەشی دەبێتە پەرتەوازەیی نێوخۆیی و دژایەتی دەروونی. و ئەڵبەتە لە کۆتاییدا ئەنجام و بەرهەمی هەموو ئەم ڕەهەندانە ئەو نەگبەتییەیە کە بەهۆی ئایینەوە بە ئاشکرا ئێخەی کوردی گرتووە. و کۆتا قسە، ئەم بەنەگبەتبوونە لە پیرۆزی ئاییندا لەمێژە لەگەڵ کورددایە و ئەمڕۆش لەوانەیە بە هەمان تۆخی ڕابردوو نەبێ، بەڵام دیسانەوە لەم جڤاکەدا بوونێکی کاریگەری هەیە و دەیەوێ لە ڕەنگ و ڕێبازی جوداتردا خۆی نوێ بکاتەوە. هەر بۆیە ئەگەر کورد بە ڕێکاری نوێ پێش بەم ڕەوتە نەگرێ، بێگومان هەر لە نەگبەتییەکانی پێشووی دەژێتەوە. کرۆکی ئەم ڕێکارە نوێیانەش دەبێ بریتی بن لە پێشگرتن لە هێنان و هاوردەکردنی ئایینی گەلانی دەورەبەر و دەرخواردکردنیان بە جڤاکی کوردی، جوداکردنەوەی ئەم گەلانە لە ئایینی ئیسلام و لێڕوانینیان نە وەک برای باڵادەستی ئایینی بەڵکوو تەنیا وەک

خراپی کورد لەنێو ئەم ئایینەدا کە خوێندنەوەیەکی ساختەکارانە و دەسەڵاتگەرایانەی لەم ئایینە دژ بە کورد هەیە. لە هەموو گرنگتر دروستکردنی خوێندنەوەیەکی دەروونجڤاکی نوێ و سەردەمیانە کە بریتی بێ لە بە تەعبیری مەریوان "ئیسلامی میللی"، یان بە تەعبیری ئۆجالان "ئیسلامی کولتووری" کورد بەم تایبەتمەندییەوە کە «هەرچی ئیسلامی دیمۆکراتیک یا خود ئیسلامی کولتوورییە دژەژەهری ئەو ئیسلامە ساختە و دەسەڵاتگەرایەیە»[١٤]. هەر وەها بە گوتاری خاوەنداریکردن لەم ئایینە دیمۆکراتیکە نەتەنیا لە زهنییەتی خۆیدا داگیرکەران لە ئیسلام جیا بکاتەوە، بەڵکوو وەک دژبەری پێناسەیان بکا و خودی ئایینەکە بکا بە چەکێکی بەهێز دژ بە ئەوان. ئۆجالان کاتێ دەڵێ «هیچ گومانێکم لەو ڕاستییە نییە کە ئێمە نوێنەرایەتی دادپەروەرانەترین، ئازادیخواز و دیمۆکراسیخوازانەترین نەریتی ئایینی ئیسلام دەکەین»[١٥]، ڕێک خەریکە بانگەشە و بانگەوازی ئەم ڕێبازە دەکا.

١٤عەبدوڵا ئۆجالان، ئیسلام و نیشتمانپەروەری، ل. ٧

١٥سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٣

# شار

بێگومان زمان یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی مێژووی شارستانی و لێکۆڵینەوە لە واتا و ڕیشەی وشەکانی زمان زۆرجار و لە گەلێ بواردا دەتوانێ بمانگەیێنێتە کرۆکی لایەنیکەم بەشێ لە شارستانییەت. لە زمانی کوردیدا کاتێ بە کرۆکی وشەی "شار"دا دەچینەوە، دەبینین کە جگە لەم مانایەی کە ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دێنین هەڵگری واتای دیکەشە. لە زمانی کوردیدا بە هێڵانەی ئەو جۆرە کێزکانەی کە بە شێوەی کۆلۆنی دەژین، دەڵێن "شار". وەکوو شارە مێرووله، شارەزەردەواڵە و... هتد. بە گوتنێکی دی وشەی شار بریتییە لە شوێن و جێگەی کۆمەڵێکی بەرچاوە لە

بوونەوەران. کە واتە پێدەچێ پەیڤی "شار" زۆر کۆنتر بێ لەو واتایەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین و بگەڕێتەوە بۆ یەکەم ئەزموونەکانی چاوپێکەوتنی خاوەنی ئەم زمانە لەگەڵ شاری مێروولەکان، شاری زەردەواڵەکان و... هتد. جگە لەمەش شێوەزاری زازاکی پەیڤی "شار" بە واتای گەل، خەڵک یان هەر کۆمەڵێ لە مرۆڤەکان کە بە شێوەی کۆم لەگەڵ یەکتریدا دەژین بەکار دێنێ کە ئەمەش دیسان دەتوانێ هەر لەو یەکەم ئەزموونەوە هاتبێ کە باسم کرد. بەکورتی وێدەچی چەمکی شار بەو مانایەی کە ئەمڕۆ هەیە لە چەمکە کۆن و مێژینەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی بێ.

لە لایەکی دیکەوە کاتێ بە مێژوودا دەچینەوە دەبینین کە ئەگەر کوردستان مەڵبەندی یەکەم کۆنترین شاری ئەم جیهانە نەبێ، بێگومان نیشتمانی بەشێک لە مێژینترین شارەکانی جیهانە و زۆربەی شارە گەورەکانی ئێستای کوردستان لە هەمان کاتدا لە شارە هەرە دێرینەکانی دیرۆکی مرۆڤایەتین. بۆ وێنە باس لە دوازدە هەزار ساڵ دیرۆکی کرماشان دەکرێ، دیرۆکی ئامەد لە باکووری کوردستان دەگاتە هەشت هەزار ساڵ. هەولێر لە باشووری کوردستان زیاتر لە شەش هەزار ساڵ مێژووی هەیە. مێژووی ئورفا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم لە پێنج هەزار ساڵ پێش و دیرۆکی ئورمیەش بە سێ هەزار ساڵ پێش و لە سەردەمی زەردەشت باسی لێوە دەکرێ.

کورت و کورمانجی، ئەم دوو پێشەکییە کورتە زمانەوانی و دیرۆکییە بەشی ئەوە ڕاستیمان دەداتێ کە وا بیر بکەینەوە بە ئەگەرێکی زۆر نیاکانی ئێمە بناخەی یەکەمین شوێنە گەورەکانی نیشتەجێبوون، واتە یەکەمین

شارەکانیان بنیاد ناوە. وەک دەزانین بە شێوەیەکی ئاسایی یەکەم داهێنانەکانی هەموو جڤاکێک بە جۆرێ لە جۆرەکان دەبنە هێمای پیرۆزی و شانازی لەنێو ئەو جڤاکەدا. ئەگەر سەیری پێکەی شار لەنێو فەرهەنگی کوردیشدا بکەین، بە ئاشکرا ئەم بە پیرۆز و بە شانازی سەیرکردنەی سەبارەت بە شار تێدا دەبینین. لەم فەرهەنگەدا شار شوێنێکە بۆ زانایی، نرخ، ڕێسا و بەهاکانی جڤاک. بۆ وێنە وشەی "شارەزا" کە بە مانای کەسێکە لە شار لەدایک بووبێ و بە واتای پسپۆڕ بەکار دەبرێ، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شار هێما و شۆێنێکە بۆ زانایی و لێهاتوویی و پسپۆڕی. یان وشەی وەکوو "شاربەدەر" کە بە واتای لۆمەکراو بەکار دێ و بە ئاشکرا هەڵگری تێگین و مانایەکی ئەخلاقییە، نیشانەیەکە لەوەی کە شار پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕێسا و بەها جڤاکییەکاندا هەیە. هەروەها واژەگەلی وەک بازاڕ، بازرگان و بازرگانی کە لە هاوواتاکەی تری شار، یانی "باژێڕ(باژار)"ـەوە هاتوون، ئاماژەی ئاشکران کە شار جگە لەو پێگە جڤاکییەی کە هەیەتی، پێگەیەکی گەورەی ئابۆریشی هەیە و شوێنێکە بۆ دابینکردنی ژیان گوزەرانی دانیشتووانەکەی. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە لە فەرهەنگی کوردیدا شار یان باژێڕ یەکێ بووە لە پیرۆزییەکانی ژیانی جڤاکی. بەڵام مخابن ئەمڕۆ شاری کوردی هەڵگری ڕاستییەکی تاڵیشە کە بریتییە لە لەدەستدانی بەشێک لە پیرۆزییەکانی بە ئاراستەی بەنەگبەتبوون.

لە درێژەدا باس لەمە دەکەین کە چۆن و بە چی ئاراستە و تا چی ڕادەیەک پیرۆزییەکی وەکوو شار بووە بە هەڵگری نەگبەتی و نەحسی لە جڤاکی

**کوردیدا. بێگومان لەبەر ئەوەی کە «شار یەکەیەکی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی گەورەیە کە شوێنی دروستبوونی دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتی و پرۆسە و ئاکار و فەرهەنگی نوێ و جیاوازە»[١٦]، ئێمەش دەبێ بە ئاراستە و ڕەهەندی جیاواز لە سۆنگەی دیاردە و پرۆسە و ئاکارە جیاوازەکانیەوە شار بخەینە بەر شیمانە. پەندێکی ڕۆژاوایی هەیە کە دەڵێ "هەوای شار مرۆڤ ئازاد دەکات". بێگومان مانای ئازادی ئەگەر دیوێکی ئەمە بێ کە مرۆڤ لە هەندێ کۆتوبەندی جڤاکی، سیاسی و هەندێ کەموکوڕی ژیواری ڕزگاری دەبێ، ئەو دیوەکەی تری ئەم مانایە بریتییە لەمەی کە مرۆڤ هەندێ مافیش بەدەست دێنێ. بە مانایەکی دی ئازادی لە یەک کاتدا هەم دەربازبوونە لە هەندێ زنجیر و هەم بەدەستهێنانی هەندێ مافیشە و ئەڵبەتە هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە شار یەکێکە لە شوێنە کلاسیکەکە گرنگەکانی بەدەستهێنانی ئەم مافانە. بە گوتنێکی دیکە لە جیهانی ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی کلاسیک «شار ڕووبەرێکە بۆ ماف،... مافی هەبوونی ماڵ، هەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەبوونی کار، هەبوونی ئاستێک لە ژیانی گونجاو، شوێنی یاری و پشوودان، توانای دەست گەیشتن بە زانیاری، هەبوونی ئازادی خۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوە، هەبوونی توانای بەشداربوون و تەعبیرکردن لە خود، هەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و پەروەردە و ڕۆشنبیری، هەبوونی**

---

١٦ مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ل. ٣٣

ژینگەیەکی پاگژ و تەندروست و... هتد»[١٧]. بەڵام پرسیارە گەورەگە ئەمەیە کە ئایا لە کام شاری کوردیدا کام لەم مافانە بوونیان هەیە؟. با لە چەندێک لەم بوارانە ڕاسەڵەی شار بخەینە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە.

هەلی کار یەکێ لەو مافانەیە کە دەبێ لە شاردا دەست بکەوێ، بەڵام کە سەیری شارەکانی کوردستان دەکەی هیچ نین جگە لە مۆڵگەیەکی گەورەی بێکاران. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شارەکانی ئیلام، ئورمیە، سنە و کرماشان لە یەکەمین ڕیزەکانی ئاماری بێکاریدان. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت ڕێژەی بێکاری شارێکی وەکوو کرماشان لەساڵی ٢٠٢٠ گەیشتووەتە ٢٠% و دوای سنە پلەی دووەمی ڕیزبەندی بێکاری هەیە. بێگومان ئەم ئامارە ساختەیە و دەگاتە سەرووی ٤٠%ـیش. ئەمە جیا لەوەی کە ئەم شارە کوردییانە هیچکامیان شاری پیشەسازی نین، بەڵکوو ئەوپەڕی بتوانین وەک شارگەلێکی کشتوکاڵی پێناسەیان بکەین و هەموو کەسێ دەزانێ کە کشتوکاڵ لە کوردستان کارێکی ناهەمیشەیی و وەرزییە. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە سەیری بکەین، بە ئاسانی تێدەگەین کە مۆڵگەی بێکاران کەمترین داناسینێکە بتوانێ دۆخی ئەم شارانە سەبارەت بە کار پێناسە بکا. ئەم دۆخە تەنیا تایبەت نییە بە شارەکانی ڕۆژهەڵات و زۆربەی شارەکانی کوردستان دەگرێتەوە. بۆ وێنە شارەکانی باشووری کوردستان نەتەنیا مۆڵگەی بێکارانن، بەڵکوو ڕێک شوێنی بەرهەمهێنانی بێکاریشن. کارخانەی بەرهەمێنەری ئەم بێکارییەش سیستەمێکی

[١٧] سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٤

مووچەیە کە بە ناوی جۆراوجۆری وەک بنەماڵەی شەهێد، تاقانەی ئەنفال، پێشمەرگەی دێرین، پێشمەرگەی خانەنشین، هونەرمەند، کەمئەندام و لە سێبەری هەموو ئەمانەشدا دەیان جۆری دیکەی بندیوار هەموو شارێکیان بێجووڵە و دانیشتووانیشیان خانەنشین و بێکار کردووە. ئەمە لەحاڵێکدا کە یەکێ لە پیرۆزی و شانازییەکانی شار بریتییە لە جموجۆڵ و تەڤگەر و نەوەستان. بە مانایەکی دی، شارێ کە دەبێ دینامۆ و مەکینەی هەموو جۆرە لڤ و تەڤگەرێکی کۆمەڵگا بێ، لە جۆرە کوردییەکەی خۆیدا بە گەلێ هۆکار هەموو هێز و بزوێنی کۆمەڵگا لە خۆیدا قەتیس و بەند دەکات و لە جووڵەیان دەخات.

یەکێکی تر لەو مافانە کە شار دەبێ بە دانیشتووانی ببەخشێ بریتییە لە هەبوونی ئازادی خۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوە و هەبوونی توانای بەشداربوون و تەعبیرکردن لە خود. ئەوەی ڕاستی بێ بەشێکی گەورەی ڕووکردنە شارەکانی کوردستان لە سی چل ساڵی ڕابردوو هاتوونەتە ئاراوە و هۆکارەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکران. بۆ وێنە ڕێژەیەکی زۆری گەورەبوونی هەندێ لە شارەکانی باکووری کوردستان لە ئەنجامی سووتاندن و چۆڵکردنی دێهاتەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئەم پرۆسەی ڕووکردنە شارە لە باکوور بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دژەکوردی دەوڵەتی تورک بووە کە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و سەندنەوەی ئازادی لە خەڵکی ئەو دێهاتانە بەڕێوە براون. پرۆسەیەکی بە هەمان شێوە و لە ئەندازەیەکی تۆزێ بچووکتر کاتی خۆی لەلایەن دەوڵەتی بەعسی عێراقیشەوە پەیڕەو کراوە. دوای ئازادی باشووری کوردستانیش پرۆسەی

گەورەکردنی شارەکانی ئەم پارچەیە خێراتر و لەزگینتر لە دەورانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی عێراقی بەڕێوە چوون. تەنیا جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە ئەمجارە پرۆسەکە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی پشتگوێخستنی لادێکان لەلایەن دەسەڵاتی خۆماڵی هاتە ئاراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەمان ڕووکردنی خەڵک بەرەو شارەکان هەمیشە لە ئارادا بووە، بەڵام لەوێ پرۆسەکەی زیاتر لە هەموو شتێ کۆچێکی ناچاری خەڵک بووە لەدەست هەژارییەک کە دیسان لێرەشدا دەستکردی دەسەڵاتی داگیرکەر بووە. ئەوەی ڕاستی بێ لە هەموو جۆرەکانی ئەم کۆچانەی بەرەو شاردا مرۆڤی کورد لە یەکەم هەنگاوی ڕووکردنیدا بەرەو شار نە بۆ بەشداربوون لە تەعبیرکردن لە خود، بەڵکوو بۆ هەڵهاتن لە ڕەسەنایەتی خود و خۆ شاردنەوە و خۆ ونکردن لەنێو قەرەباڵخی شاردا. دوای ئەمەش، ئەوەی هەڵگری بچووکترین تام و ڕەنگ و بۆنێک لە ئازادی بێ، لە شاردا بە تەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی سەردەستدا قەتیس کراوە و هەتا ئەم سانەوەختەش لە هەموو شارەکانی کوردستان خەریکە بە توندترین شێواز دەخنکێ. بێگومان ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ژیابێ باش ئاگاداری ئاستی ئەو ئازادییەیە کە خەڵکی شارەکان ژیانی دەکەن.

لەحاڵێکدا کە شار لە پێناسەی خۆیدا دەبێ شوێنی ڕێپێوان، خۆپیشاندان، فێستیڤاڵی جەماوەری، کۆنسێرت و بەگشتی شوێنی کۆبوونەوە گەورەکان بێ، کەچی بارودۆخی داگیربوون لە شارەکانی ڕۆژهەڵات تەنانەت لە بەردەم کۆنسێرتێکی چەندسەد کەسیشدا دەتوانێ ئاستەنگی گەورە دروست بکا. ئەم نەگبەتییانە کە سیمای شاری کوردییان داپۆشیوە

تەنیا بەرهەمی دەسەڵاتی سەردەستی داگیرکەر نین و لەم ساڵانەی ڕابردوودا بەشی هەرە ترسناک و هەرە مخابنی ئەم بەنەگبەتکردنە لە سیمای دیاردەیەکی خۆماڵیدا لە باشوور هاتووەتە ئارادایە. ئەزموونی ڕەفتاری دەسەڵاتی باشوور لە کۆنترۆڵکردنی ژیانی ڕۆژانەی شارەکان و هەروەها کاردانەوەی ئەم دەسەڵاتە لەهەمبەر خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکانی ئەم شارانە بە ئاسانی بەشی ئەوە مافمان دەداتێ کە بڵێین لەم شارانەشدا ئازادی خۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوە و توانای بەشداربوون و تەعبیرکردن لە خود لە ئاستێکی بەرزدا لەقاو و سەرکوت دەکرێن. بەکورتی شاری کوردی نە شوێنی ئەزموونکردنی ئازادی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە شوێنی بەندکردنی ئازادییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی شار، لە پێشتردا گوتم کە شار شوێنێکە بۆ خۆ شاردنەوەی مرۆڤەکان. بەڵام هەموو خۆ شارنەوە لە دۆخێک دەتوانێ خۆ دۆزینەوە بێ لە دۆخێکی نوێدا. پڕ ئاشکرایە کە ئەم ئاڵوگۆڕە تەنیا لە شوێندا نییە، بەڵکوو لە بوارەکانی دیکەی ژیان وەکوو فەرهەنگ و داب و نەریتیش ڕوو دەدەن. بەڵام لێرەدا دژوازییەکی سەیر هەیە و ئەویش، مرۆڤی کورد کە لە زۆر شتی خۆی ڕادەکا و بە بڕیاری دۆزینەوەی شتی نوێ دەیەوێ ژیانێکی تازە بژی، کەچی لە دۆخێکی دژوازدا هەمان ئەو داشتانەی خۆشی لەگەڵ خۆی دەبا. بۆ وێنە لە زۆربەی شارەکان دەبینین کە خەڵکانی هەر بنەماڵە، دێ، ناوچە، ئایین یان عەشیرەتێ دەیانەوێ لەگەڵ یەک و نزیک لەیەک لە کۆڵان یان گەڕەکێکی دیاریکراودا بگیرسێنەوە. بەمجۆرە دانیشتووانی نوێ جگە

لەوەی کە ناتوانن ببنە هاوشارییەکی نوێ، ڕاستەوخۆ هەمان دێکەی خۆیان بە هەمان فەرهەنگ و خەسڵەت و نەریت و هەڵسوکەوت دەگوازنەوە بۆ شار. لە ئەنجامدا شار چیتر ڕووبەرێکی جۆگرافی و دیمۆگرافی گەورە نییە کە ڕێژەیەک لە لێکچوون و هاوسانی دانیشتووانی تێدا بێ، بەڵکوو کۆمەڵێ لادێی پێکەوە لکێنراوە، یان کۆمەڵێ پێکهاتەی ئایینی هاوسێیە، یان کۆمەڵێ هۆز و عەشیرەتی جیرانە. ئەمە لەحاڵێکدا کە یەکێ لە پێناسە و نیشانە هەرە گرنگەکانی شار بریتییە لە پەڕاکەندەگی و ڕەوانی پێکهاتە جڤاکییەکانی. بەکورتی شاری کوردی فەزایەکی گشتی و گشتگیر نییە کە چەمکی شارۆمەندی دروستکەری پەیوەندی دانیشتووانەکەی بێ، بەڵکوو پانتاییەکە کە هەرکەسێ بەگوێرەی خۆی هۆزایەتی و خێڵبازی و ناوچەگەرایی خۆی تێدا پرۆڤە دەکا. بە مانایەکی تر شاری کوردی شوێنی لێکئالانی کولتووره بچووکەکان و درووستبوونی کولتوورێکی گەورەتر نییە تا بتوانێ لەسەر لادێکان باندۆر دروست بکاتەوە و دیسانەوە بە ئاراستەی ئەو کولتووره گەروە هاوبەشە لە یەکیان نزیک بکاتەوە، بەڵکوو خۆی درێژکراوەی کولتووری لادێیە و هەر بۆیە ناتوانی ڕۆڵی پێشەنگ لە جڤاک و فەرهەنگی گەلدا بگێڕێ.

لەپێشدا ئاماژەم پێدا کە شار شوێنی شاردنەوەیە. شاردنەوەی نەریت، شاردنەوەی بێکاری و هەژاری و شاردنەوەی خود و... هتد. ئەمە ئەو شوێنەیە کە سیستەمی سەردەستی داگیرکەر تێیدا ئامادەیە بۆ ئەوەی هێماکانی خۆی بخاتە شوێن شتە شاراوەکانەوە و لە دانیشتووانی شار مرۆڤی دڵخوازی خۆی دروست بکات. بە مانایەکی دیکە سیستەمی

سەردەست شار وەکوو مۆڵگە و ئۆردووگایەکی گەورە دەبینێ کە تێیدا دەتوانی بە دەسەڵاتی خۆی کۆنترۆڵی بکا، دانیشتووانەکەی بە گوێرەی خۆی پەروەدە بکا و ڕایانبهێنێ تا بتوانێ لە هەموو بوارەکاندا لە کوردبوون بیانسڕێتەوە و سیمای کوردی شار بگۆڕێ. ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە ئەمڕۆ بە سیمای زۆربەی شارەکانەوە دیارە. ئەڵبەتە ئاشکرایە کە شاردنەوە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ هەر شتێکی شاردەوە، بە تەواوەتی لە خۆی دایدەماڵێ، بەڵکوو لەڕاستیدا زۆربەی شاراوەکانی مرۆڤ بە جۆرێ لە جۆرەکان لەگەڵیدا دەمێننەوە و بە ناخودئاگاش بووبێ، کەسەکان زۆرجار شتە شاراوەکانی خۆیان دەژین. لەژێر سێبەری سیاسەتی دەسەڵات بۆ گۆڕینی سیمای شاری کوردی ئەم ژیانە شاراوەیە لە زۆر شوێندا لە ڕواڵەتێکی دیکە و ناکوردیدا دێتە ژیانکردن و ئەویش بریتییە لە ژیان بەگوێرەی هێماکانی فەرهەنگی سەردەست. یەکێ لە نموودە هەرە دیارەکانی ئەم ژیانکردنە کە بە سیمای زۆرێک لە شارەکانەوە دیارە ڕەهاکردنی زمانی کوردی و پەنابردنە بۆ زمانی سەردەست. لە شارە هەرە دیارەکان لەم بوارەدا دەتوانین دوو گەورەشاری ئامەد و کرماشان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میناک بێنینەوە کە بە هەڵکەوت دوو گەورەترین شاری کوردستانن. لە کەسایەتی ئەم دوو شارەدا سەد ساڵی ڕەبەقە ڕەوت و تەوژمێکی بەهێزی نابوودکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی و جێگیرکردنی زمانەکانی تورکی و فارسی لە ئارادایە. لە ئەنجامدا لە سێبەری فەرمانڕەوایی ئەم تەوژمە ژینۆسایدییە گەورەیەدا لەمێژە ئەم شارانە بوونەتە شوێنی نەگبەتییەکی گەورە بۆ زمانی کوردی هەر لەم شارانەشەوە شۆڕ بووەتەوە بۆ شارە بچووکترەکان. ئەم نەگبەتییە تەنیا

**لە بواری زماندا نییە و لە هێمای زماندا تەواوی فەرهەنگی کوردی دەکاتە ئامانج. بەڵام پڕ ئاشکرایە کە زمانی ئاخاوتنێ کە سیستەمی سەردەست دەیەوێ لەناوی ببا، ئەگەرچی یەکێ لە گرنگترینەکانییە، تەواوی فەرهەنگی نەتەوەیەک نییە. هیچ شاراوە نییە کە هەموو دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان بە تۆخترین و تۆکمەترین شێوازەکان لە پەی ئەوەدان کە گۆڕینی زمانیشی تێدا، ژیانی فەرهەنگی یی گەلی کورد بە تەواوەتی بگۆڕن بۆ ئەو جۆرە ژیانەی کە لە ڕاستای پەژراندنی سیاسەتی داگیرکاری ئەوان و دۆخی داگیربوونی خۆیدا بێت. ئەم ژیانە فەرهەنگییە نوێیە بە گوێرەی سیستەمی سەردەست بریتییە لە توانەوەی هەمەلایەنە لە فەرهەنگی سەردەست و بە تەواوەتی پەژراندنی ئەو فەرهەنگە. ئەم شێوە ژیانە کە ئەمڕۆ لە شارە کوردییەکاندا دەبینرێ لەڕاستیدا گۆڕدراوی ژیانێکی کوردی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر نییە، بەڵکوو گواستنەوەیەکە لە نەریتێکەوە بۆ نەریتێکی دیکە. بۆ وێنە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات خەڵک بە ئاشکرا دەیانەوێ لاسایی ئەو ژیانە فارسییە بکەنەوە کە لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە، خوێندن، تەلەڤزیۆن و لاڤیتەکانی بانگەشەکردنی ژیانی ماکیاژکراوی فارسی دەرخواردیان دەدرێ. بە گوتنێکی دی لە سێبەری دەسەڵاتێ کە دژی فەرهەنگی کوردییە، ژیانی شار بۆ زۆرکەس ئەو ڕووداوە نییە کە دەیەوێ ئەو درزە لە ئوسلووبی ژیان پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی بەجێهێشتنی گوند و نیشتەجێبوون لە شاردا بۆ مرۆڤی کورد دروست بووە. بەڵکوو ڕووداوێکە بە ئاراستەی کۆچی یەکجاری مرۆڤەکان لە فەرهەنگی کوردییەوە بۆ فەرهەنگێکی سەردەست. ئەڵبەتە بێگومان نەریت و فەرهەنگ ڕەنگێک نییە کە بکرێ بە تەواوەتی پاک**

بکرێتەوە یان بتوانرێ بە تەواوەتی بە ڕەنگێکی دیکە لە فەرهەنگ دابپۆشرێ. بەتایبەت فەرهەنگێکی وەکوو کورد کە لە لایەک ڕەگ و ڕیشەکانی لە قووڵایی مێژووییەکی چەندین هەزار ساڵەدایە و لە لایەکی تریشەوە ئەم خەڵکە لە ئاستێکی بەرزدا بەرانبەر بە هەر جۆرە گۆڕانێکی بنەڕەتی سڵ دەکەنەوە و لە ناخی خۆیاندا بە توندی هەڵگر و گرێدراو و پابەندی داب و نەریتی خۆیان. هەر بۆیە دوای سەد ساڵ هەوڵدان بۆ تواندنەوە، سەرەڕای دروستبوونی جۆرێ لە ڕواڵەت و لاساییکردنەوەی فەرهەنگی سەردەست، جگە لەو ڕێژەیەی کە بە تەواوەتی لە کوردبوون شۆراونەتەوە و لە فەرهەنگی سەردەستدا تواونەتەوە، هێشتا کوردبوون بە زەقی بە سیمای شارەکانەوە دیارە. نموونەی ئەم ڕەفتارە دەتوانین لە مامەڵەکردنی خەڵک لەگەڵ زماندا ببینین. بۆ وێنە لە شارێکی وەکوو کرماشان زۆرێک لە خەڵک بە فارسی دەدوێن، بەڵام لەڕاستیدا بە خەیاڵی خۆیان خەریکن فارسی دەپەیڤن و بە ئاسانی دەبینرێ کە ئەمجۆر قسەکردنە هیچ نییە جگە لە ئاخاوتنی ڕۆحێکی کوردی لە ئاوێنەی ڕواڵەتێکی فارسیدا کە هیچ کاتیش نەیتوانیوە بە تەواوەتی ئەم ڕۆحە کوردییە داگیر بکات. ئەم شەڕە کە لایەکی خۆپارێزییەکی فەرهەنگییە کە شارۆمەندی شاری کورد لە ناخی خۆیدا هەڵگریەتی و دیوەکەی تریشی بەرەوپیرچوونی فەرهەنگی سەردەستە، لەنێو شاری کوردیدا هەمیشە هەڵگری جۆرێکە لە نەگبەتییەک کە دەتوانین ناوی بنێین شپرزەیی و سەرلێشێواوی کۆمەڵگەی شار.

لە شاری کوردیدا بڕێک لە خەڵک بە تەواوی لە سێبەری سیاسەت ژینۆسایدی دەوڵەتی سەردەستدا دەتوێنەوە و چیتر بەشێک نین لە جڤاکی شار و بە ئاشکرا بەم جڤاکە نامۆن. بەشێکی دیکە هێشتا لە ناوەڕۆکدا ژیانێکی کوردی دەژین و کەچی بە ڕواڵەتدا لاسایی ژیانی سەردەست دەکەنەوە. بۆ وێنە بە سەر کوردن و بە زار زمانی سەردەست دەپەیڤن. بەشەکەی تریش ڕەسەنایەتی خۆی دەپارێزێ و ژیانێکی تەواو کوردی دەژی. لە ئەنجامدا شار دیسانەوە بە جۆرێکی تر دابەش دەبێتەوە. بە مانایەکی دیکە شار دەبێتە گۆڕەپانی شەڕێکی بەردەوام لە بەینی کوردبوون و فەرهەنگی سەردەستدا. ئەڵبەتە لەبەر ئەوەی بە هۆکاری وەک خێڵچێتی و ناوچەگەری و ئایینگەرایی و زاراوەچێتی کە پێشتر ئاماژەم پێدان شار یەکەیەکی تۆکمە لە فەرهەنگی کوردی نییە، لەم ڕکابەری و شەڕەدا فەرهەنگی سەردەست هەمیشە دەستی باڵای هەیە و ئەمە بە زیانی لایەنە کوردایەتییەکەی شار دەشکێتەوە.

لە کۆتاییدا ناکرێ ئاماژە بە نەگریسترین جۆر و مەترسیدارترین ڕێبازی بەنەگبەتکردنی شاری کوردی نەکەین کە ئەویش بریتییە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کوردی لە ڕێگەی بەعەرەبکردن، بەتورککردن و بەفارسکردن. ئەم بەنەگبەنکردنە ڕەنگە تاقە جۆرێک بێ کە جڤاکی کوردی خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نییە و بە تەواوەتی بەرهەم و دەستکردی سیاسەتی داگیرکاری دەوڵەتانی سەردەستە. ئەگەرچی زۆرجار کەرکووک وەک هێما و نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم سیاسەتە چەپەڵ و دیاردە نەگبەتە باسی لێوە دەکرێ، بەڵام زۆربەی شارەکانی دیکەش کەم یان فرە

وەبەر نەگبەتی و شوومی ئەم ڕێبازە کەوتوون و زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان ڕێژەیەک خەڵکانی هاوردەی دەوڵەتیان تێدایە کە هەر ئەمانەش بەشی هەرە گەورە و بەباندۆری دەسەڵاتی شارن و لەڕاستیدا بە ئاراستەی بەنەگبەتکردنی شارە کوردییەکان داردەستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی سەردەستن. نموونەی ئورمیە نموونەیەکی زۆر دیاری دیکەیە. یەکەم ئامانجی ئەم سیاسەتە کەمڕەنگکردنی هەبوونی مرۆڤی کوردە لە ڕێگەی بە کەمینەکردنی لە شاردا و گۆڕینی ڕوخسارە کوردییەکەی شارە لە ڕێگەی گۆڕینی دیمۆگرافیاوە. بەڵام لە درێژماوەدا ئامانجی کۆنترۆڵکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی شارە... .

بەگشتی دەتوانین شاری کوردی و بەتایبەت شارە گەورەکان وەک پیرۆزیگەلێ پێناسە بکەین کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری گەلێ نەگبەتی ئاشکرا و شاراوەن. ئەگەرچی بەشێکی ئەم نەگبەتییانە ئەنجامی چۆنێتی تێڕوانین و ڕەفتاری مرۆڤی کوردە لەگەڵ شاردا، بەڵام بەشێکی گەورەشی بەرهەم و دەرکەوتەی دۆخی داگیربوونی ئەم شارانەیە و لەڕاستیدا دەوڵەتانی سەردەست و داگیرکەر شارەکانی کوردستان وەکوو گۆڕەپانێک بۆ بەنەگبەتکردنی زیاتری کۆمەڵگەی دانیشتتووی شار و پەیڕەوی ئەوەش بەنەگبەتکردنی تەواوی جڤاکی کوردی بەکار دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین شاری کوردی چەندە هەڵگری داب و نەریت و بەگشتی هێمای کەسایەتی و فەرهەنگی کوردییە، بە هەمان ڕادەش کارگەیەکی ژینۆسایدییە کە ڕاستەوخۆ بنەماکانی فەرهەنگی و سیاسی و مێژوویی هەبوونی کورد بە ئارمانج دەگرێ. لەم ڕوویەوە شاری کوردی لە دۆخی

**داگیربوونی خۆیدا یەکێکە لە پیرۆزی و نەگبەتییە هاوکاتەکانی جڤاکی کوردی.**

## ئایدۆلۆژی

بەختیار عەلی لە دەسپێکی پرتووکی "ئایدۆلۆژیست"دا، بە بیرەوەرییەکی سەرنجڕاکێش هەوڵدەدا لە تێڕوانینی خۆیەوە ئایدۆلۆژی واتا بکا. بەختیار لەم پرتووکەدا دەگێڕێتەوە کە «سالانیک لەمەو پێش هاوڕێیەک بۆی گێڕامەوە، ماڵێکی هاوسێیان هەیە پێکڕا هەموو لە زگماکەوە نابینان. ڕۆژێک دەبێتە جەنگ و دەمەقاڵێیەکی زۆریان، بە جۆرێک دراوسێکان ناچار دەبن لە یەکیان جیا بکەنەوە و هێوەریان بکەنەوە. هۆی شەڕەکەیان لەسەر بۆیەکردنەوەی ماڵەکەیە. هەندێکیان ویستوویانە ڕەنگەکەی شینی کاڵ بێت و هەندێکی دیکەشیان ڕەنگی کاییان پێ جوانتر بووە.

هاوڕێکەم بە لەزەتێکی زۆر و بە سەرسامییەوە باسی لە ناکۆکییەک دەکرد دەربارەی دوو ڕەنگ. نابیناکان هیچیان نابینن و دەیپرسی تێناگەم لەسەر چی شەڕیان دەکرد، خۆ کەسیان نەیدەزانی شین چییە و کایی چییە؟»[١٨]. هەر دوابەدوای ئەم میناکە بەختیار عەلی بەمجۆرە ئایدۆلۆژیا شرۆڤە دەکات کە گوایە «ئەو دۆخەی مرۆڤ جەنگ لەسەر شتە نەزانراوەکان دەکات، دۆخێکی ئایدۆلۆژییە. ئایدۆلۆژی بە مانا سادە و گشتییەکەی ئەوەیە ناهێڵێت لە چۆنێتی شتەکان تێبگەین، بەڵام دەتوانێت کارێکیش بکات شەڕیان لەسەر بکەین. واتە لە ناخی ئایدۆلۆژیادا تەنیا تێنەگەیشتن بوونی نییە، بەڵکوو خۆ فریودانیش هەیە»[١٩].

لەڕاستیدا ئایدۆلۆژی لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیدا بریتییە لە گەلاڵە و پاکێتێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێ جیهانبینی، شرۆڤە، بیرۆکە، ڕێباز و ڕێکار پێکەوە. بە واتایەکی دیکە ئایدیۆلۆژی هزرێکە بریتی لە شرۆڤە و چارەسەری هاوکات. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە نە ئەو میناکە و نە شرۆڤەکەی دواتریشی کە دەیانەوێ ئایدۆلۆژیا واتا بکەن، هیچکامیان لە مانای ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژیا نزیک نین. کە وابوو پێناسەکەی بەختیار عەلی بێگومان لە شوێنێکی ترەوە ئاو دەخوات و ئەویش بریتییە لە سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی جڤاکناسی گەلی کورد. ئەگەر تۆزێ لە نەریتی ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوینە ورد بینەوە، بە

---

١٨بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست، ل.٧

١٩سەرچاوەی پێشوو، ل.٨

ئاسانی دەتوانین ببینین کە ئەم ناوچەیە هەمیشەی مێژوو هەڵگری شەهوەتێکی گەورە و لە ڕادە بەدەر بووە لە بەپیرۆزکردن و بەبتکردن و بەئایینکردنی هەموو بوونەوەرێک، لە چەمکەوە بگرە هەتا شوێنەکان و هەتا خودی مرۆڤەکانیش. لەم سۆنگەیەوە پێناسەکەی بەختیار عەلی کە دەڵێ «ئایدۆلۆژی بە مانا سادە و گشتییەکەی ئەوەیە ناهێڵێت لە چۆنێتی شتەکان تێبگەین، بەڵام دەتوانێت کارێکیش بکات شەڕیان لەسەر بکەین»، تا ڕادەیەکی زۆر لە جێی خۆیدایە و دەتوانێ بەشێکی گەورە لە ڕاسەڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنا بکا. ئەم وێناکردنە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت مرۆڤی کوردە لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا کە ئەویش بریتییە لە بەخوداکردنی بیردۆزەکان و بەدینکردنی بیردۆزییەکان و بەپیرۆزکردنی بیرۆکەکان. بە مانایەکی دی وێدەچێت مەبەستی بەختیار عەلی لە ئایدۆلۆژی ئەو واتا نەرێنییە بێت کە بریتییە لە بەنەگبەتکردنی ئایدۆلۆژی لە ڕێگەی بەدینکردنی بیرۆکە و هزر و ئەندێشەوە. بێگومان ئایدۆلۆژی تا ئەو چرکەساتە پیرۆزە کە لە قۆناخی شیکاریدا وەک شرۆڤەدەقێکی واڵا و کراوە ببینرێت کە بە هەمان ڕادە کە خواستی ڕاستکردنەوەی دۆخی هزری ئێستای هەیە ئامادەیی ئەوەشی تێدا هەبێ کە دان بە هەڵەکانی خۆشیدا بنێ و گوێ بۆ ڕاستکردنەوەکانی دیکەش ڕادێرێ. هەروەها لە ئاستی ڕێکار و ڕێبازیشدا بەردەوام بە خۆیدا بچێتەوە و کەلێنەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. ئایدۆلۆژی کەی لەمە دەرچوو و خۆی وەک ڕێبازێکی نەگۆڕ و هەتایی پێشکەش کرد، ئەوە سەرەتای بەنەگبەتبوونی خۆی و بەنەگبەتکردنی بەردەنگەکانیەتی.

ئەزموونی ئایدۆلۆژیا لە کوردستان یەکێکە لە ئەزموونە هەرە دیارەکانی دیاردەی بەنەگبەتکردن لە جڤاکی کوردیدا. جارێ پێش هەموو شتێک، ئەگەر زۆرێک لە گەلان وەک شێوازێ لە بەڕێوەبردن یان ڕێکارێ بۆ تێپەڕاندنی دۆخێکی تایبەت یان ڕێبازێ بۆ باشترکردنی ژیانی هەیی چاویان لە ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان کردبێ، بێگومان کوردی داگیرکراو زۆربەی وەختەکان تەنیا لە یەک سۆنگەوە لێی ڕوانیوە کە ئەویش بریتی بووە لە هێز و هزرێکی ڕزگارکەر. بە گوتنێکی دی زۆرینەی ئەو ئایدۆلۆژییانەی کە لە کوردستان سەریانهەڵداوە یان دروستتر بڵێم هاوردە کراون، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە زادەی دۆخی داگیربوونی ئەم نیشتمانە بوونە. کورد لە ساتەوەختی هەستکردن بە بەجێمان لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی و دیتنی خۆی وەک داگیرکراوێکی پاشکەوتوو، لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشوێن ڕزگاریدا بڕوات یەکسەر کەوتووتە کنە و لێگەڕین بە دوای ڕزگارکەردا و ئەڵبەتە ئایدۆلۆژی هەمیشە یەکێک بووە لە ئاوات و خوازەکانی ئەم لێگەڕینە. بەتایبەتیش لەم ڕێگایەدا زۆربەی کات کورد لە دەرەوەی خۆی بە شوێن ئایدۆلۆژیادا گەڕاوە و هەر بۆیە بزاوتە کوردییەکان هەتاکوو ئەم ساتەوەختەش بەگشتی ژیانێکی ئایدۆلۆژیکی هاوردەکراو دەژین کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە نەبووە و نییە. لەوانەیە بەناوبانگترینی ئەم ئایدۆلۆژییە هاوردانە ئایدۆلۆژی مارکسی یان بە واتایەکی گشتیتر ئایدۆلۆژیای چەپ بێ. کەم نین ئەو پارت و ڕێکخراوە و بزاڤانەی کە ڕاستەوخۆ لە هەناوی خوێندنەوە جیاوازەکانی جیهانی مارکسییەوە لەدایک بوونە و بەبێ هیچ لێکدانەوەیەکی لۆژیکی هەموو

ڕەوتەکانی ئەم جیهانەیان بە تاکە ڕێگای ڕزگاری کورد زانیوە و دوور نییە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆژیشدا لێیان هەر مابێ کە لەسەر ئەم تێڕوانینە بەردەوام بن. هەروەها زۆر کەس لەنێو ئەم تەڤگەرانەدا بۆ ساڵانێکی زۆر گرێدراوییەکی ڕۆحی لەگەڵ کەسانی وەکوو لێنین، مائۆ، هۆشی مین، کاسترۆ و چێگڤارادا ژیاون، لەحاڵێکدا کە زۆربەی ئەوانە تەنانەت ناوی کورد و کوردستانیان هەر نەبیستووە. ئەم شەیدابوونە تەنیا بۆ چەپ نەبووە و هەموو ئایدۆلۆژیا هاوردەکانی دیکەی وەکوو بانگەشەکانی دیمۆکراسی ڕۆژاوایی و ڕەوتە ئیسلامییەکانیش دەگرێتەوە. من پێم وایە ئەم شەیدابوونە بە ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرە دەرەکییەکان و بە هێما دیارەکانیان چەندە تێکۆشەرانی کوردی لە وردبوونەوەیەکی دەروونی لە ناخی پرس و گرفتەکانی داگیربوونی خۆیان دوور خستووەتەوە، بە هەمان ڕادەش لە دروستنەبوونی سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردی و دەرنەکەوتنی لێڤەگەڕێکی گشتگیر بۆ گەلی کورد بێ باندۆر نەبووە. بە مانایەکی دیکە دیاردەی چەند سەرۆکی و چەند لێڤەگەڕی یەکێکە لە لێکەوتە هەرە دیارەکانی ئایدۆلۆژیا، لەحاڵێکدا کە ئێمە دەزانین زۆرینەی ڕەهای بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی جیهان بە یەک سەرکردە و لایەنیکەم بە یەک لێڤەگەڕی نەتەوەیی توانیویانە سەرکەوتن و ڕزگاری بەدەست بێنن. ئەم ڕاستییە یەکێکە لە نەگبەتییە هەرە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای هاوردەکراو بۆ کورد.

بێگومان ئەم نەگبەتییە کە لەڕاستیدا بەرهەم و ئەنجامی ڕاستەوخۆی سایکۆلۆژی لە ڕادە بەدەر پیرۆزکردنی چەمکەکانە، لە بوارەکانی دیکەشدا

خۆی بە ڕوونی نیشان داوە. مرۆڤی کوردی گیرۆدەی ئایدۆلۆژیا چەندە ئایدۆلۆژیاکەی خۆی بە پیرۆز دەزانێ، بە هەمان ئەندازە بە ناتەواوی لێی تێدەگا و بە هەمان ئەندازەش دەرگای هزری خۆی لەوانی دیکە دادەخا و بێزیان لێ دەکاتەوە. ئەمجۆرە دانووستاندنە لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا یەکێکە لە زەمینە هەرە بەهێزەکانی بەنەگبەتکردنی لەلایەن ئایدۆلۆژیستی کوردەوە و لە ئەنجامیشدا دابەشکردنی هێزە ئایدۆلۆژیکەکان، یان دەقیقتر بڵێین دابەشکردنی ئایدۆلۆژیستەکانی کۆمەڵگە بەسەر ئایدۆلۆگەکاندا. نموودی هەرە دیاری ئەم دابەشبوونە دیاردەی سەرهەڵدانی چەندین دە پارتی سیاسی کوردییە کە تەنانەت لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکانی جیهانیشدا کەموێنەیە و زیاتر لەوەی ڕواڵەتێکی دیمۆکراسییەت بێ لە پاشاگەردانی و سەرلێشێواوییەکی بەکۆمەڵ دەچێ. ئایدۆلۆژیا ڕۆژاوایی و چەپەکان هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ بەردەوام گرفتێکیان لە بەردەمدا هەبووە و ئەویش بە گومانەوە سەیرکردنیان بووە لەلایەن جڤاکی نەریتپارێز و زۆرینە موسڵمانی کوردەوە. ئەم خاڵە بەردەوام یەکێک بووە لە پەرژینە هەرە گەورەکانی نێوان جڤاکی کوردی و ئەم ئایدۆلۆژییانە. هەر بۆیە هیچکات هێزە کوردییەکانی هەڵگری ئەم ئایدۆلۆژییانە نەیانتوانیوە دانووستاندن و پەیوەندییەکی گشتگیر لەگەڵ شەقامی کوردیدا دروست بکەن. لە ئەنجامدا چەمکە ئایدۆلۆژیکەکان لە لایەکەوە وەکوو چەمکگەلی نامۆ و گوماناوی لەنێو خەڵکدا چاویان لێکراوە، لە لایەکی دیکەشەوە هاوردەکارانی ئەم چەمکانە یان نائاگایانە بە ناتەواوی هێناویانن، یان ئاگایانە و بە هیوای بەهەند وەرگرتنیان لەلایەن خەڵکەوە بە چەواشەکراوی پێشکەشی خەڵکیان کردووە. هەر بۆیە ئەوەی کە بە ناوی

ئایدۆلۆژیاوە هێنراوەتە نێو خەڵک لەڕاستیدا سێبەرێکی ناتەواو بووە لە ئایدۆلۆژیا کە بەهۆی چەواشەبوونەوە لە خۆیدا هیچ نەبووە مەگەر نەگبەتییەکی نامۆ لەنێو جڤاکی کوردیدا. ئەم نەگبەتییە تاکوو ئەم ساتەوەختە بە ئاراستەیەکی دیکەشدا هەم لەلایەن دەوڵەتانی سەردەستەوە و هەمیش لەلایەن خەڵکی موسڵمانی کوردیشەوە بەردەوام درێژەی هەیە. ئێمە دەزانین کە تاکوو ئێستاش شەقامی کوردی بەدبینی و بەدگومانییەکی تۆخی بەتایبەت سەبارەت ئایدۆلۆژیای چەپ هەیە. تا ئەم ساتەوەختەش لەنێو خەڵکدا کۆمۆنیستبوون یەکێکە لەو تۆمەتانەی کە بە ئاسانی و بە مەبەستی لۆمەکردن یان تاوانبارکردن دەتوانێ بخرێتە پاڵ ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە ئایینی ئیسلام دەگرن. ئەڵبەتە ئەم نەگبەتییە بە هەڵکەوت نەبووە و ئەگەر سەرێک لە هۆکارەکانی ئەم نەگبەتییە شەقامی نەریتپارێز و ئایینی کورد بێ، سەرەکەی دیکەی ئەو چینە ئایدۆلۆژیستە کاڵفامەیە کە هەمیشە ئایینیشی تێدا دژایەتی نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی وەک بەشێکی گەورە لە ئایدۆلۆژیا هاوردەکەی خۆی بینیوە. دەوڵەتانی سەردەستی کوردستانیش بە ئاگایی لەم ڕاستییە هەمیشە توانیویانە لە ڕێگەی ئەم بەدبینییەوە مرۆڤی کورد لە بەشێکی گەورەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی دوور بخەنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هیچکام لە ئایدۆلۆژییە هاوردەکانی ڕۆژاوا نە توانییان ببنە ڕزگارکەری کورد و نە تەنانەت توانییان ببنە ڕێنیشاندەرێکی باش بە ئاراستەی ڕزگاری. ئەم ئایدۆلۆژییانە هێندە لە تانوپۆی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ئاڵاون کە ئەستەمە ناسیۆنالیزمی کوردی لێیان جیا بکەینەوە. ئەم ڕاستییە ئەوەندە پڕڕەنگە کە تەنانەت کەسێکی وەک بەختیار عەلی لە

زۆر شوێنی کتێبەکەیدا ئایدۆلۆژیست بە واتای ناسیۆنالیست بەکار دێنێ. بۆ وێنە ئەو دەڵێ «ئایدۆلۆژیست بەردەوام لەوە دەخوێنێت کە مرۆڤ گەر نیشتمان ون بکات مرۆڤ نییە، مرۆڤ بەبێ نەتەوەکەی بوونەوەرێکی نوقسانە، مرۆڤ لە نەتەوەکەی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت. واتە یەکەم ئەرکی ئایدۆلۆژیست ئەوەیە کە جەستەی تاک لە جەستەی نەتەوە بە جۆرێک لەیەک بئاڵێنێت لە یەکدی جیا نەکرێنەوە»[٢٠]. سەرەڕای ئەم هاوواتاییە ڕواڵەتییەی ئایدۆلۆژیست و ناسیۆنالیستی کورد، کەچی هیچکات ئایدۆلۆژی نەیتوانیوە ناسیۆنالیستێکی ڕێکوپێکی کوردی بە ئاراستەی ناسیۆنالیزمێکی ڕزگارکەر و بنیانەری نەتەوە دروست بکات. بەپێچەوانەوە ئەمە ناسیۆنالیستی کورد بووە کە لە سوورێکی نەگبەتی هەمیشەییدا بەردوام لەنێو ئایدۆلۆژیاکاندا وێڵ بووە و دەستاودەست کراوە و بەردەوام لە خۆی و لە ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ئایدۆلۆژیا مایەی ناوە و خەرجی کردووە. نەگبەتییەک کە تا ئەم ساتەوەختەش بەردەوامی هەیە.

دیوێکی تری ئایدۆلۆژیای هاوردە کە لەوانەی ڕۆژاوا مەترسیدارترە بریتییە لە ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان. جارێ بەر لە هەموو شتیک لە کەسایەتی هەموو ئایینزاکان و بەتایبەت لە دوو جۆری گەورەی سونە و شیعەدا ئیسلام بۆ خۆی وەک ئایدۆلۆژیایەک لەنێو جڤاکدا دەجووڵێتەوە و بە مانایەک لە ماناکان زۆرینەی شوێنکەوتووانی ئیسلام کەسانێکی

---

٢٠سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٣٧

ئایدۆلۆژیستن کە بە شێوازێکی نائاسایی گرێدراوی چەمک و جیهانبینی و تێڕوانینی دوگماتیکی ئایینین. هەر بۆیە ئەم ئایدۆلۆژیستانە هەم لە ئاستی جڤاکیدا و هەم تەنانەت لە ژیانی تاکەکەسیشدا هەڵگر و چاوکانی گەلێ نەگبەتی گەورەن. لە بەشی تایبەت بە ئاییندا تا ڕادەیەک ئەم نەگبەتییە گشتییەی ئایین باسی لێوە کرا و لێرەدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەو لایەنە گشتییە، لایەنێکی دووەمی گرێدراو بە ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا باس دەکەین کە بریتییە لە ئایدۆلۆژییە جڤاکی و سیاسییەکانی ئایینی ئیسلام. دیارترین و بەباندۆرترین ئایدۆلۆژیا دینییەکانی هاوردەی کوردستان بە دیاریکراوی بریتین لە ویلایەتی فەقێی شیعی، سەلەفیزم و ئیخوانیزمی سونی. هەرسێی هەم ئایدۆلۆژییانە بەهۆی زەمینەیەکی جڤاکی گەورەوە لە ڕێگەی دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە بەردەوام دەربازی کوردستان دەکرێن و بەردەوام وەک ڕەوتێکی گەورەی پەروەردەکردنی ئەم جڤاکە بەگوێرەی سیاسەتی داگیرکاری ئەم دەوڵەتانە بەکار دەهێنرێن. ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان هەمیشە بە درۆیەکی گەورە و چەمکێکی خەڵەتێنەر و چەواشەکراو خۆیان کردووە بە مێشکی کۆمەڵگەی موسڵمانی کورددا کە ئەویش بریتییە لە درۆی "برایەتی موسڵمانان" و چەمکی "ئومەتی ئیسلامی". هەردووی ئەم دەستەواژانە بەردەوام لە کوسپ و تەگەرە گەورەکانی بەردەم بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ڕۆڵیان گێڕاوە.

وردبوونەوەیەکی زۆری ناوێ تا تێبگەین هەموو ئایدۆلۆژیا دینییەکان نەتەنیا کوردیان بە ئاراستەی بەشێ لە وڵاتەوە سەردەستەکانی

کوردستان پاڵ پێوە ناوە، بەڵکوو لە چوارچێوەیەکی گەورەتریشدا کوردیان وەک بەشێک لە ئومەتی ئیسلامی وێنا کردووە. بێگومان ئەمجۆرە تێگەیشتنە بە ئاشکرا هاوئاراستە و یارمەتیدەری بەردەوامی دۆخی داگیربوون و دابەشبوونی کوردستان و پشتیوانێکی گەورەی دەوڵەتانی داگیرکەرە. هەر بۆیە دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان چقاس دژایەتی و لۆمەی ئایدۆلۆژییە ڕۆژاواییەکانیان کردبێ و چقاس ناوی بزاوت و کەسایەتییە ئایدۆلۆژیستەکانی کوردیان زڕاندبێ، بە هەمان ڕادە لە دەرخواردکردنی ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان بە جڤاکی کوردی هیچ دوودڵییەکیان نەنواندووە و بەردەوام ئەم کارەیان وەک ڕێبازێکی لەپێشینەی سەپاندنی داگیرکاری ڕەچاو کردووە. ئەرک و ئارمانجی سەرەکی هەموو ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان لە کوردستان بە پلەی یەکەم گۆڕینی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بووە بە ئاراستەیەک کە لە هەرجۆرە پێداگرییەکی لەسەر کوردبوون خاڵی بکرێتەوە. ئەم ڕەوتی خاڵیکردنە لە کوردبوون هەم ڕواڵەتەکانی ژیانی کوردی و هەم ناخی کولتووری کۆمەڵگەی کوردیش وەکوو نەتەوە دەگرێتەوە. بۆ وێنە ئەو شیعە تووڕە ئێرانچییەی کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر پەروەردە دەکرێ زۆر جیاوازترە لەو شیعەیەی کە سی چل ساڵ لەمەو پێش خەڵکی شیعەی ڕۆژهەڵات لەسەری دەژیان. هەروەها سونەی باوی کۆمەڵگەی کوردی تەنانەت لە ڕواڵەتیشدا زۆر جودایە لە ئەو سونە سەلەفییەی کە لەم ماوەیەدا خەریکە دەربازی کولتووری کوردی دەبێ. ئەگەر بمەوێ میناکێکی دیاریکراو لەم جیاوازییانە بێنمەوە، حیجابی ئیسلامی بوارێکە کە دەتوانێ بە ئاشکرا جیاوازی ژیانی ڕەسەنی کوردی

و ژیانی دڵخوازی هەموو ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان وێنا بکا. حیجابی دینی چی وەکوو ڕۆژهەڵات لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا سەپابێ، چی وەک باشووری کوردستان لەلایەن هێز و پارتە ئیسلامییەکانەوە هاوردە کرابێ و چی وەک باکوور بە پاڵپشتی ڕەوتێکی ئیخوانی چەواشەکار بانگەشەی بۆ کرابێ، ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی ژنە کە ئامانجە سەرەکییەکەی بریتییە لە خنکاندنی هێزی ژنی کوردە لەنێو جڤاکدا. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم حیجابی دینی ڕواڵەتێکی ترسێنەرە لە ڕەوتێکی زۆر گەورەتر کە ئەویش خەساندنی دینامۆی دەروونی جڤاکی کوردییە لە ڕێگەی یەکەم، دەرگیرکردنی پیاو بە جەستەی ژنەوە وەک نامووس و دووەم، بەندکردنی ژن و لە ئەنجامدا بەندکردنی ئەو جڤاکەی کە ژن پەروەردەی دەکا.

لێرەدا و لە سۆنگەی بەراوردکردنندا خاڵێکی گرنگ پێویست بە ئاماژەیە. ئایدۆلۆژی نە لە جۆرە دینییەکەیدا و نە لە جۆرە نادینییەکەیدا وێڕای بەپیرەوەچوون و هەزینەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەپێناویدا، تا ئێستا نەیتوانیوە و پێناچێ لەمەو دواش بتوانێ کورد لە داگیربوون ڕزگار بکا، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەمیشە وەک ئۆباڵ و نەگبەتییەکی گەورە بە کۆڵی کاروانی ڕزگاریخوازی جڤاکی داگیرکراوی کورددا قورسایی کردووە و لەم ڕوویەوە هەردوو شێوازەکە لەیەک دەچن. بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازیشن. ئایدۆلۆژیای نادینی لە ئەگەری پەژراندنی لەلایەن جڤاکی کوردەوە، توانای ئەوەی تێدایە کە جڤاک بەرەو جۆرێک لە کراوەیی ببا، لەحاڵێکدا ئایدۆلۆژیا دینییەکانی لە جۆری ئەمانەی کە هەن، واتە

ویلایەتی فەقێ، سەلەفییەت و ئیخوانیزم، هەموویان دینامۆیەکی بەهێزی پاشڤەڕۆیی هەردەم ئامادەن لەنێو جڤاکی کوردیدا و لە ئەگەری پەژراندنیان لەلایەن کوردەوە، جگە لەوەی لە نێوخۆدا بە ئاسانی ئەم جڤاکە بەرەو داخراوی و پاشڤەڕۆیی زیاتر ئاراستە دەکەن، سایکۆلۆژی ئەم کۆمەڵگەیە هەرچی زیاتر بەرەو ڕاهاتن و ئاسایی وەرگرتنەوەی دۆخی داگیربوون ڕادەهێنن و لە ئەنجامدا ئەوەی لە ئاستی گشتی جڤاکدا ڕەنگ دەداتەوە خنکانی پێویستترین خوازەیەکە کە کورد لە نەبوونیدا گیرۆدەی داگیرکارییەکی هەمەلایەنەیە و ئەویش خوەستەکی ئازادییە. لەم ڕوویەوە ئایدۆلۆژیای دینی بۆ کورد هەڵگری نەگبەتییەکی زۆر زیاتر لەوانی دیکەیە. ئایدۆلۆژی جگە لەو نەگبەتییانەی کە بەکورتی لە سەرەوە باسم لێوە کردن، هاوکات یەکێکیشە لە ئامراز و هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشبوون و لێکدابڕان و پەرتەوازەیی جڤاکی کوردی و بەتایبەت بزاڤی ئازادیخوازی کوردی. ئایدۆلۆژییە دینی و نادینییەکان لە شەڕێکی بەردەوامی دابەشکردنی کۆمەڵگە و تەنانەت فەزای گشتی نێو ئەم جڤاکەن و بەردەوام دژی یەک دەوەستنەوە. ئایدۆلۆژییە نادینییەکان لەلایەن هەر کەسێکەوە بەگوێرەی خۆی شرۆڤە و شیمانەی بۆ دەکرێ و جاری وا هەبووە لە یەک ڕەوتی هزری چەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆری دژواز سەرانهەڵداوە. ئایدۆلۆژیا دینییەکانیش هیچ نین جگە لە خوێندنەوەی دژبەر و جیاواز لە یەکی یەک سەرچاوە.

خاڵێکی زۆر گرنگی دیکە پەیوەست بە ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیستەکان ئەمەیە کە لە دیاردەیەکی نامۆدا مرۆڤی ئایدۆلۆژیستی کورد چڤاس

گیرۆدەی ئایدۆلۆژییە و چەندە بە پیرۆزی دەزانێ، بە هەمان ڕادەش دەتوانێ لە چرکەساتێکدا لێی پاشگەز بێتەوە و پشتی تێبکا و تەنانەت خۆی بهاوێتە باوەش ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی تەواو دژی ئەوەی پێشوو. وێناکانی ئەم دیاردەیە لە زیاتر لە نیو سەدە سیاسەتی کوردیدا بە ئاسانی لە بەرچاون. ئایدۆلۆژیستی تەنانەت لە ئاستی سەرکردەمان هەن کە تا سەر ئێسقان کۆمۆنیست بوونە و لەپڕێکدا بوونەتە لیبەراڵ دیمۆکرات. دەیان نموونەی پارتەوپارتکردنی بەتاک و بەکۆمەڵ ڕوویانداوە کە لایەنیکەم لە ڕواڵەتدا گۆڕینی ئایدۆلۆژیا ڕۆڵ و باندۆری تێیاندا هەبووە. ئەم کاریگەرییە هەروەها لە دەیان نموونەی بەجێهێشتنی پارت لەلایەن ئەندامانیشەوە بەدی دەکرێ. لەم ساڵانەی دواییدا بە دیاریکراوی لە گۆڕەپانی سیاسەتی باشووردا هاوپەیمانی نێوان هێزی بەناو چەپ و هێزی بەناو ئیسلامی ئەزموون کراوە. ئەم میناکانە بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە ئایدۆلۆژیا چقاس پیرۆز بێ، بە هەمان ئەندازەش پیرۆزییەکەی دەتوانێ ڕووکەش و ڕواڵەتی بێ و بە هەمان ڕادەش تێگەیشتن لێی دەتوانێ توێژاڵی بێ... .

بە هەر حاڵ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئایدۆلۆژیا هاوردەکان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا نە ڕزگارکەر بووە و نەیش تا ئێستا ڕێبازێکی ڕزگارییان بە کورد نیشان داوە. هیچیان نەیانتوانیوە ڕۆشناییەک بخەنە بەرپێی بزاڤی دژەداگیربوونی کورد، بەڵکوو تەنانەت کۆمەڵگەی کوردیشیان دوچاری کوێرەوەری کردووە و هاوکاتی ئەم کوێرەوەرییە بە ئاقاری جیاواز و جۆراوجۆریش ئاراستەیان کردووە. بە مانایەکی دی

ئایدۆلۆژیای هاوردە نەتەنیا شتێکی ئەرێنی ئەوتۆی بە ئاراستەی ئازادی پێشکەشی کورد نەکرد، بەڵکوو بە دەیان جۆری جیاواز لە نەگبەتی، لەوانە دابەشبوونی جڤاک، وێڵبوون بەدوای ڕزگارکەری دەرەکیدا، دروستکردنی پیرۆزییە ساختەکان و فەرامۆشکردنی پیرۆزییە گەورەکە کە ڕزگارییە، کاڵکردنەوەی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی، پەروەردەکردنی جڤاکی کوردی لەسەر ڕێبازی فەرهەنگە داگیرکەرەکان و... هتد، هەرچی زیاتر و زیاتر بەرەو نوقمبوون لە داگیربوون پاڵی پێوە نا و هێندەی تر لە نەگبەتی داگیربووندا گەوزاندییەوە.

## پارت

**ئەوەی ڕاستی بێ سیاسەت وەک گەمە و دەسەڵاتی کلاسیکی ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەڵگری گەلی سیمای ناشیرینە. بەڵام ئەم ڕوخسارە بە زۆری ناشیرینە لە هەمان کاتدا هەندێ دیوی شیرین و جوانیشی هەیە کە ڕەنگە دیمۆکراسی یەکێ لە دیوە هەرە جوانەکانی بێ. بێگومان یەکێ لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی دیمۆکراسیش پارتی سیاسییە. پەیوەندی پارت و دیمۆکراسی هێندە نزیک و لێکئالاوە کە جڤاکناسی گەورەی ئاڵمانی ماکس وێبەر پارت وەک ڕۆڵە و منداڵی دیمۆکراسی پێناسە دەکا. لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا ئەگەرچی کارە خراپەکانی سیاسەتیش بە**

زۆری لەلایەن پارتی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام دواجار ئەمە پارتە کە لە پێگەی ئۆپۆزسیۆندا هەوڵی چاکسازی و دوبارە گەڕاندنەوەی دۆخی ئاسایی دەدا. بە مانایەکی دی لە سیستەمێکی دیمۆکراسیدا یەکێ لە زەمینە و سەرچاوە هەرە بنەڕەتییەکانی پێویستی و سەرهەڵدانی پارتی سیاسی هەمیشە بریتی بووە لە پاراستنی دیمۆکراسی و دیمۆکراتیزەکردنی دەسەڵاتێکی ڕەوا. بەڵام بەداخەوە لە سەد ساڵی ڕابردوودا چاوگی سەرەکی دروستبوونی پارتی کوردی نە دیمۆکراتیزەکردنی دەسەڵاتێکی ڕەوای ناوخۆیی، بەڵکوو بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتێکی داگیرکەری ناڕەوا بووە. بە مانایەکی دی ئەگەر پارتی سیاسی ئاسایی لەنێو مناڵدانی دیمۆکراسیدا لەدایک بووبێ، پارتی سیاسی کوردی لە پەراسووی دۆخی داگیربوونی کوردستاندا هاتووەتە دەرەوە. هەر بۆیە ئەگەر پیرۆزی پارت لە وڵاتانی خاوەن کیانی سیاسی و دەسەڵاتی ڕێکوپێکدا بەهۆی بەرگریکردن و پاراستنی دیمۆکراسی بووبێ، بەشێکی گەورە لە پیرۆزی پارتی کوردی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە زادە و بەرهەمی تێکۆشانیەتی لەپێناو ئازادکردنی گەل و نیشتمانی کورددا. بەڵام ئەم بوونەوەرە سیاسی و جڤاکییە پیرۆزە هاوکات بە گەلێ ڕەهەند و ئاراستەدا هەتاکوو ئەمڕۆش هەڵگری گەلێ نەگبەتی گەورە گەورەیە.

یەکێ لە نەگبەتییە هەرە گەورەکان کە لە "نارێکییەکانی داگیربوون"ـیشدا بە دەستەواژەی "فرەپارتی"[٢١] بە سەردێڕی "زۆری و بۆری" ئاماژەم پێداوە بریتییە لە لەدایکبوون و زاوزێی بەردەوامی ژمارەیەکی نائاسایی لەو پارتانەی کە بە ڕواڵەت هەموویان لەپێناو یەک ئامانجدا بەدی هاتوون. ئەمە لەحاڵێکدایە کە بە باوەڕی من ئەم زۆربوونە لە ژمارەی پارتەکان نەتەنیا ناتوانێ ڕێگەچارەیەک بێ بۆ ڕزگاری گەلێکی بندەست و دابەشکراو، بەڵکوو یەکێکە لە کۆسپە هەرە بنەڕەتییەکانی بەردەم ئاسۆی ئەم ڕزگارییە. لەمە زیاتر تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە وڵاتێکی ئازاد و مسۆگەر و ڕێکوپێکیشدا ئەم ژمارە زۆرە نەتەنیا وەک هەندێ باسی دەکەن نیشانەی دیمۆکراسی و کراوەیی نییە، بەڵکوو گرێیەکی گەورەی بەڕێوەبردنیشە. وەک دەزانین کۆمەڵگەی کوردی لە خۆیدا بە گەلێ هۆکاری خوەزایی وەک هەبوونی زاراوەی جیاواز، ژیانی عەشیرەیی و... هتد، جڤاکێکی لێک دابڕاو و پارچەپارچەیە. پارتایەتی یەکێکە لەو هۆیانەی کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بێسەروبەری پارتیدا لە هۆکارەکانی دابەشبوون و پارچەکردنی ئەم جڤاکە زیادی کردووە. لەڕاستیدا بە پێچەوانەی دابەشبوون بەسەر زاراوە، ئایین یان عەشیرەتدا کە تا ڕادەیەکی زۆر سروشتی و ئاسایی دێتە بەرچاو، دابەشبوونی جڤاک بەهۆ و بەسەر پارتدا یەکێکە لە جۆرە هەرە زیانبارەکانی دابەشبوونی کۆمەڵگای کوردی. ئەمجۆرە دابەشبوونە نە لەسەر ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵگا، بەڵکوو لەسەر هەندێ ڕێباز و ئایدۆلۆژیای دژ بە یەکتری کار دەکا کە

٢١ژیرۆ زاگرۆس، نارێکییەکانی داگیربوون، ل. ٤٣

هەرکامەیان لە بەرانبەر بە هەڵە زانینی ئەوانی دیکە ڕێگەچارەی خۆیان پێ ڕاستە. هەر بۆیە جڤاکی داگیرکراوی کورد وەک کۆمەڵە کەسێکی لێ هاتووە کە دەیانەوێ بارێک بەرەو شوێنێکی دیاریکراو بەرن، بەڵام هەرکامەیان لە ڕاستی خۆیانەوە بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز لەوانی دیکەی ڕایدەکێشن و ئەمەیە یەکێکە لە نەگبەتییە گەورەکانی زۆری و بۆری لە گۆڕەپانی پارتایەتی کوردیدا.

ئەگەر بێینە سەر گۆڕەپانی سیاسی و تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردستان، زاوزێی نائاسایی پارتی کوردی کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، وەهای لە تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردی کردووە کە لە یەک کاتدا دەیان ڕەهەند و ئاراستەی جیاواز و زۆرجار دژبەیەک بەرەو یەک ئارمانج بگرێتە بەر. ئەنجامی ئەم ڕەوتە تاکوو ئەم ساتەوەختەش نەتەنیا پێکەوە بەرەو یەک ئارمانج ڕۆیشتن نییە، بەڵکوو دابەشبوونە لە پێشبڕکێیەکدا کە تەنیا بە ڕواڵەت بەرەو ئەو ئارمانجە دەڕوات. ئەم پێشبڕکێ ڕواڵەتییە تەنانەت لەمە زیاتریش لە ڕێ دەرچووە و گەیشتووەتە پاشقولدان و بەریەککەوتنی ئەم هێزانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە یەکتری بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە. نەوشیروان مستەفا کە خۆشی یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم گۆڕەپانە ئەم دۆخە نائاسایی و نالەبارە لە پەندێکی کوردیدا بەمجۆرە وێنا دەکا: «تووتە، براتووتە، باڵابەرزە، دۆشاومژە و ئەسپێکوژە پێنج برا بوون. تووتە وتی با بچین بۆ دزی. براتووتە: لە کوێ؟. باڵابەرزە وتی لە ماڵی خوا. دۆشاومژە: حەرامە. ئەسپێکۆژە: لە دینی ئێمەدا هیچ شتێ حەرام نییە. لەناو خۆیاندا بوو بە شەڕیان. چواریان یەک

کەوتن بۆ ڕاونانی پێنجەم»[٢٢]. لەڕاستیدا مێژووی پارتی کوردی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە مێژووی ڕاوەدوونانی یەکتری و شەڕی ناوخۆیی و تێکدانی نێومالّی کورد بووە و ئەڵبەتە لەم کاروانەدا وەک نەوشیروان بە دروستی ئاماژەی پێدەکا ئەگەر یەککەوتنێکیش هەبووبێ، نە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و تیمارکردنی برینەکان، بەڵکوو لەپێناو گۆڕینی بەرەی شەڕ و گۆڕینی شێوازی بەریەککەوتن و گۆڕینی جۆری تێکدانەکان بووە. ڕقەبەری ناوخۆیی پارتە کوردییەکان هیچکات لە سیمای بوویەری پچڕپچڕ ڕووینەداوە، بەڵکوو تارماییەکی هەمیشە ئامادە بووە لەنێو گۆڕەپانی پارتایەتی کوردیدا. ئەم تارماییە تەنیا لە لووتکەکانی خۆیدا گەیشتووتە شەڕی گەورەی ناوخۆیی، بەڵام لە زۆر بواری دیکەدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ئارادا بووە. بۆ وێنە نەریتی باڵباڵێن و ئاراستەی جیاواز هەمیشە پەتایەکی ناوخۆیی زۆرێک لە پارتە کوردییەکان بووە. ئەم نەریتە زۆرجار بووەتە هۆی پاکتاوکردنی دەروونپارتی، ڕاوەدوونان یان جیابوونەوەی بەکۆمەڵ، زاوزێی و لەدایکبوونی پارتی نوێ و لە کۆتاییشدا شەڕی ناوخۆیی کوردی... .

مێژووی تێکۆشانی کورد لە چوارچێوەی پارتدا بە ئاشکرا نیشانی داوە کە نەگبەتی دابەشبوون و دابەشکردنی پارتی کوردی لە دۆخی پەنجەکانی حیکایەتەکەی نەوشیروان زۆر خراپتر و زۆر نەگبەتترە. پارتی کوردی ساڵانێکی دوور و درێژە کە بەرۆواژی پەنجەکانی ئەم حیکایەتە باوەڕی

---

٢٢ نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل. ٢

بە ڕاوێژی ناوخۆیی نەماوە و زۆربەی وەختەکان دەمەقاڵەکانی نێومالّی خۆی بردووەتە مالّی دژمنانی خۆی و لە باشترین حالّەتدا بردوویەتە لای لایەنێکی سێیەمی بیانی. ئەم نەریتە تەنانەت ئا لەم ساتەوەختەشدا خەریکە لە ئارادایە. بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بدەم بە نموونەی خراپی ناوبژیوانی ئێران لەنێوان هاوسەرۆکانی یەنەکە لە باشوور و نموونەی لایەنیکەم بە ڕواڵەت باش و دڵخۆشکەری ناوبژیوانی ئامەریکا لەنێوان ئەنەکەسە و پەیەدە لە ڕۆژاوای کوردستان. جۆرێکی دیکە و خراپتری نەگبەتی دابەشبوون کە دەیان ساڵە زۆرێک لە پارتە کوردییەکان ژیانی دەکەن خۆ نزیککردنەوە و ڕاوێژکردنیانە لەگەڵ داگیرکەراندا بۆ ڕاوەدوونانی هاوخەباتەکانی خۆیان. نەوشیروان مستەفا لە گێڕانەوەیەکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە باسی نموونەیەکێ ئەم نەریتە نەگبەتە دەکات: «تازە کارەساتی حەکاری قەومابوو. یەکێتی و پارتی بە خوێنی سەری یەکتری تێر بوون. هەردوو لایان لەلای کاربەدەستانی ئێران هەوڵیان ئەدا ئێران بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و لایەکەی تر لەلای ئێران بەدناو بکا. زۆری نەخایاند لایەنی سێیەمیش کە حسک بوو پەیدا بوو. ئەوانیش بەهۆی محەمەدڕەحیم(خاڵە حاجی)یەوە گەیشتنە لای سەرانی شۆڕش و درێخییان نەکرد لە هەوڵدان بۆ بەدناوکردنی هەردوو لای ناکۆک. بەدوای ئەوان هەندێ کەس و لایەنی تریش هاتنە کایەوە»[٢٣]. ئەڵبەتە ئەم ڕەوتە لە سیاسەتی کوردی کە نەوشیروان باسی لێوە دەکا ڕەنگە لە ڕواڵەتدا لە

٢٣ سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٢

گەمەیەکی نەرمی دیپلۆماتیک بچێ، بەڵام لەڕاستیدا سەرەکیترین دەروازەی گەورەترین هەڵەی بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستانە کە لە ئەنجامیدا بەشی هەرە زۆری تەڤگەری دژەداگیرکاری کورد کەوتووەتە ژێر هەژموون و فەرمانی دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر و بەشی هەرە گەورەی پارتە کوردییەکانی لە بزاڤێکی دژەداگیربوونەوە گۆڕیوە بۆ بزاڤی پاراستنی بەردەوامبوونی داگیرکاری. کارکردی پارتی کوردی وەک دەزگایەکی نەگبەتی پاراستنی داگیرکاری زۆر لەوە ئاشکراترە کە کەسێ بتوانێ بیشارێتەوە و ئەویش بە تەعبیری نەوشیروان مستەفا بریتییە لە "کورداندنی شەڕ"، واتە گۆڕێنی لایەنی داگیرکەر بۆ لایەنێکی دیکەی کوردی لە شەڕێکدا کە بڕیار بووە پارتی کوردی لایەنێکی بێ و داگیرکەر لایەنەکەی دیکەی و بە مانایەکی دی گۆڕینی شەڕی دژمنکوژی بۆ شەڕی خۆکوژی. ئەمجۆرە شەڕە کە لە بەشی تایبەت بە پێشمەرگە هەوڵ دەدەم جارێکی دی بێمەوە سەری و بە هەندێ میناک باسی لێوە بکەم، بە درێژایی دەیان ساڵە لە وێنا و ڕێبازی جیاوازدا لەلایەن پارتی کوردییەوە ژیان دەکرێ. شەڕی پەدەکە و یەنەکە لە ١٩٧٨ و خوڵقاندنی کارەساتی حەکاری، شەڕی ناوخۆیی ١٩٩٤ تا ١٩٩٧ـی نێوان پەدەکە و یەنەکە و لە ئەنجامدا دابەشکردنی دەسەڵات و دوولەتکردنی باشوور بە زۆنی سەوز و زەرد، شەڕی ١٩٧٩ـی پەدەکە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵات و لەخشتەبردنی شۆڕشی ڕۆژهەڵات، شەڕی دەسەڵاتی نێوان کۆمەڵە و حدکا لە سەرەتاکانی ١٩٨٠، شەڕی ١٩٩٩ـی پەدەکە و یەنەکە دژ بە پەکەکە لە ئۆپەراسیۆنی ساندویچدا نموونە دیارەکانی شەڕی خۆکوژین. ئێستاکە لە ساڵی ٢٠٢١ـدا دیسان ڕاوەستە هەڵسوکەوتەکانی ئەمڕۆی

پەدەکە لە هێرشی تورک بۆ سەر قەندیل هێمایەکی ڕوون و ئاشکرایە بەوەی کە ئەم ڕەوتە نەتەنیا تا ئەم ساتەوەختەش بەردەوامە بەڵکوو ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوی ئایندەشە. عەبدوڵا پەشێوی شاعیری گەورەی کورد کە "دیوانی براکوژی" خۆی وەک «دادگایەکی مەعنەوی بۆ بازرگانانی براکوژی»[٢٤] پێناسە کردووە هەر لەو دیوانەدا بە دروستی ئاماژە بە ژمارە و باندۆرە نەرێنییەکەی شەڕەکانی خۆکوژی دەکا و دەڵێ: «من هەر باسی براکوژی ئەم چەند ساڵەی دواییم کرد، ئەگەرنا ئەوەندەی مێژوومان لەبەر چاو بێ دەبینین هەر جارێک ئەم نەتەوەیە سەری خۆی ڕاست کردبێتەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، یان تەنانەت داوای فشەمافێکی خۆی کردبێ، تووشی تاعوونی شەڕی خۆکوژی بووە»[٢٥].

"دۆڕاندنی سیاسەت" یەکێکی دیکەیە لەو نەگبەتییانەی کە پارتی کوردی هاوتەریبی کورداندنی شەڕ هەمیشە هەڵگری بووە. گوتەیەکی باو و دوبارەکراو هەیە کە دەڵێ "کورد ئەوەی لە شەڕدا بەدەستی دێنێ لەسەر مێزی دانووستان لەدەستی دەدا". ئەگەرچی لە سەرەوە باسم کرد کە لەڕاستیدا کورد زیاتر لەوەی شەڕی داگیرکەری کردبێ خەریکی شەڕی ناوخۆیی بووە، بەڵام ئەم قسەیە لە چوارچێوەی دانووستاندنی نێوان کورد و داگیرکەراندا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕاستی تێدایە. پارتی کوردی چقاس لە شەڕی خۆکوژیدا وەک مەکینەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک کاری

---

٢٤عەبدوڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل. ٤٠٠

٢٥سەرچاوەی پێشوو، ل. ٤٠٤

کردبێ، بە هەمان ڕادە لەبەر ئەوەی هەمیشە وەلا نراوە و هیچ نەبووە جگە لە گوێڕایەڵێکی گوێ لەمست و ئەرێکەری بڕیارەکانی سەرۆک، لە زەمینەی سیاسەتیشدا بووەتە هەڵگر و چاوگی نەگبەتی، یان ڕاستتر بڵێم لەلایەن سەرۆکەوە بەنەگبەت کراوە. پارتی کوردی لە نەگبەتترین دۆخ و کارکردی خۆیدا دەزگایەک بووە بۆ پیرۆزکردنی سەرۆک و ئەرێکردن و پاساودانی بڕیارە نەگبەتەکانی ئەو بە درێژایی دەیان ساڵ. ئەم نەگبەتییە دیوێکی دیکەشی هەیە و ئەویش خۆ هەشاردانی ئەندامانی پارتە لە سێبەری پیرۆزی سەرۆکدا بۆ شاردنەوەی کەماسی و هەڵەکانی خۆیان. لێرەدا لە بیرمان نەچێ کە وەک باقی هێما پیرۆز و نەگبەتە هاوکاتەکان گەلێ هۆکار هەن بۆ بەنەگبەتکردنی پارتی کوردی کە لەوانە فەرهەنگ و سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد، ئایدۆلۆژی، کۆی گەمەکانی دۆخی نارێکی داگیربوون و ئەڵبەتە بە ڕای من لە هەموویان گرنگتر بوونەوەرێکە بەناوی سەرۆک یان سەرکردەی کوردی. لەڕاستیدا بەشێکی گەورە لە نارێکی و نەگبەتییەکانی پارتی کوردی زادە و بەرهەمی ئەم گەمەکەرە زۆر بەهێز و گرنگەیە لەنێو کورددا. لە بەشی داهاتوودا باس لە سەرۆکی کورد دەکەم وەک یەکێ لە هەرە پیرۆز و هاوکات هەرە نەگبەتەکان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەم و ئەویش ئەمەیە کە جیا لەو نەگبەتییانەی کە پارتی کوردی تا ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی هێناونی، ئەزموونی دەسەڵاتداری پارتەکانی باشووری کوردستان لە سی ساڵی ڕابردوودا زەنگی مەترسی نەگبەتییەکی دیکەشی بۆ دواڕۆژی کورد پێیە و ئەویش بریتییە لە "پرسی بەڕێوەبردن". ئەم دەسەڵاتە کە سەرەتا بە ڕواڵەت بەشێک لە باشووری لەژێر داگیرکاری عێراق ڕەهاند و لەم ڕوویەوە

ڕێژەیەک لە ڕێز و پیرۆزی بۆ خۆی بەدەست هێنا، بەڵام لەم سی ساڵەدا ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخی باشووری بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپتر برد تا بە کردەوە بیسەلمێنێ کە چەندە هەڵگری نەگبەتی و نەهامەتییە. بە مانایەکی دیکە ئەزموونی دەسەڵاتداری باشوور لەم ماوەیەدا جگە لەوەی کە گەلێ نەگبەتی بەرهەم هێناوە، گومان و مەراقێکی گەورەشی دروست کردووە کە گەلۆ  ئایندەی بەڕێوەبردنی دواڕۆژی جڤاتی کوردی دوای ڕزگاربوون چۆن چۆنی دەبێ. پارتەکانی باشوور ئەمڕۆ جگە لەوەی کە لە هەموو بوارێکدا باشووریان کردووەتە کۆلۆنی ئێران و تورکیا، توانای دابینکردنی ژیانێکی سەرەتایی بۆ ئەو خەڵکەشیان نییە. ئەگەر بمەوێ لەسەر ئەم ئەزموونە نەگبەتە زیاتر قسە نەکەم و لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ڕاسکانیشی لێ بکێشم، هەر ئەمە بەسە کە بڵێم ئێستا لە باشوور کەم نین ئەو کوردانەی کە بە ئاشکرا لەگەڵ یەکێ لە دڕندەترین دژمنانی کورد، واتە بەعس بەراوردی دەکەن.

## سەرۆک

بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە کتێبی "مێژووی ناودارانی کورد"، لە داناسینی مەلا مستەفا بارزانیدا بەمجۆرە دەنووسێ: «مەلا مستەفا بارزانی پیاوێکی دیندار، هێمن و سامدار بووە، ژیانێکی سادەی هەبووە و لە شکۆمەندی و ئەشرافییەت خۆی بەدوور گرتووە. ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە لە باسی ئازایەتی و بوێری ئەم پیاوە داماون. لەپاڵ ئەم تایبەتمەندییانەدا خاوەن گەلێ ویژەگی مرۆیی و ئەخلاقی بووە. ئەگەر پەیمانێکی بەستبێ یان سۆزێکی دابێ، تا پای گیان وەفای نواندووە و هەر بۆیە دۆست و دژمن قسەیان بە بەڵگە زانیوە. لە کلکەسووتە و تەڕزمانی بێزار بووە و ڕێگەی

به کەسانی چاپلووس و دووڕوو نەداوە. گەلێ جار لە کاتی شەڕدا دژمن ئەگەر ئەمانی ویستبێ، بەخشیویەتی و بەری داوە. دڵێکی بەبەزەیی هەبووە و بە ئاسانی لە خەتای دژمنانی قەستەسەریش خۆش بووە. بە درێژایی ژیانی سیاسی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی هیچ کەسێ درۆیەکی لێ نەبیست و فێڵێکی لێ نەدیت...»[٢٦]. ئەم داناسینە کە بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە مەلا مستەفا بارزانی دەیکا، زیاتر لە شێوە داناسینێکی باو گوزارە لە یەکێ لە سایکۆلۆژییەتە هەرە باوەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتی کورد دەکا. ئەم سایکۆلۆژییەتە هێندە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا گشتگیر و هاوبەشە کە داناسینی لەم شێوەیە دەتوانێ لەلایەن هەموو کەسێکەوە و لە پێناسەی هەموو سەرکردەیەکی دیکەدا پێشکەش بکرێ. لەم دەڤەرەدا بە شێوەیەکی پەرجووئاسا لە دوای ئایین سەرکردە و سەرۆک و کەسایەتییە هەڵکەوتەکان پیرۆزترین بوونەوەرن جڤاک شانازییان پێوە بکا و پێیانەوە گرێدراو بێ. وەک لە هێمای داناسینەکەی بابا مەردۆخیشدا دەردەکەوێ سەرۆکی ڕۆژهەڵاتی بوونەوەرێکی خودایی پیرۆزە کە هەڵگری هەموو ویژەگییە بەرز و بڵندەکانە، خاڵییە لە کەماسی و ناتەواوی و لە سەرووی هەمووانەوەیە. ڕەنگە هەر ئەمەش بنگەهیترین هەوێنی دروستبوونی دیکتاتۆرییەت بێ لەم ناوچەیەدا.

بارودۆخی داگیربوونی کوردستان ئەگەر زۆر شتێ لە کورد سەندبێتەوە، بێگومان دەرفەت و گۆڕەپانێ بووە بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی سەرکردە

---

٢٦بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد سوم، ل. ٥٣٣

پیرۆز و نەگبەتەکان. وەک لە پێشتریشدا ئاماژەم پێدا کورد لە کاروانی دژەداگیرکاری خۆیدا بەهۆی ئەوەی هاوکات لە چەندین لاوە و لەلایەن چەند داگیرکەرەوە پەلامار و گەمارۆ دراوە، بەناچار هەر لە سەرەتاوە بەسەر چەندین بەرەی تێکۆشاندا دابەش کراوە، سەری لە ڕێبازی جیاوازی بەرگری داوە، بەشوێن ڕێکاری جودادا وێڵ بووە، لە دەوری ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆر کۆ بووەتەوە، دەستی بۆ دۆستانی جیاجیا ڕاکێشاوە و بەرەو ئاراستەی جیاواز دەنگی هەڵهێناوە و بیری لە ڕەهەندی جۆربەجۆری چارەسەری کردووەتەوە. لە ئەنجامدا یەکێ لە لێکەوتەکانی ئەم بارودۆخە بریتی بووە لە دەرکەوتنی چەندین سەرۆک و سەرکردەی جیاواز لە یەک کاتدا. بەر لە هەموو شتێک خودی ئەم فرەسەرۆکییە بە درێژایی دەیان ساڵ لە بواری جیاجیادا یەکێک بووە لە پەتا کوشندەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. دۆزی کورد هەمیشە لە نێوان چەندین لێڤەگەردا دابەش و دەستاودەست کراوە، زۆرێک لەوانەی کە خۆیان بە دۆست و خەمخۆری دۆزی کورد زانیوە لە باشترین حاڵەتدا دۆستی سەرکردەیەک و دژمنی سەرکردەیەکی دیکە بوونە و یەکیان بە شۆڕشگێڕ و ئەوی دیکەیان بە تیرۆریست ناو بردووە. ئەگەر لەمە گەڕێین، لە ناوخۆدا زۆر وەخت دژمنایەتی سەرکردەکان لەگەڵ یەکدی تەنانەت ئاستی دژمنایەتی لەگەڵ داگیرکەرانیشی تێپەڕاندووە. زۆرینەی ڕەهای سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە درێژایی تەمەنیان ژیانێکی نەگبەت و پڕ لە دژوازی سیاسی، فکری، ئەخلاقیێ دەژین. دژوازی بەوەی کە خۆیان بە سەرۆکی کورد پێناسە دەکەن و لەپێناو تەنیا بەشێکی بچووکیدا سیاسەت

دەکەن و بەوەی کە زۆر جار تەنانەت خیانەت لە بەشەکانی دیکەش دەکەن.

لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێدا کە پارتی کوردی هەمیشە دەزگایەکی واژۆ بووە بۆ ئەرێکردنی بیرۆکەکانی سەرۆک، قەوانێک بووە بۆ لێدانەوە و کاوێژکردنەوەی فەرموودەکانی، چەکێک بووە بۆ بەجێهێنانی فەرمان و بڕیارەکانی و لە کۆتاییشدا مینبەرێ بۆ پاساودانی هەڵەکانی ئەو. سەرۆک لە زەمینەیەکی وەهادا بوونەوەرێکی ئاسمانییە کە تەنیا مەگەر لە بەخشندەترین ساتەکانیدا بهێڵێ پارت وەک سێبەری خۆی دەرکەوێ و زۆرەی کاتەکان پارت وەک ئامێر و ئامرازێک لە خزمەت خۆیدا دەبینێ تا فەرمانەکانی بەو جۆرەی کە ئەو دەیهەوێ جێبەجێ بکا. لەم پەیوەندییە دوولایەنەیەدا سەرکردە تەنانەت مافی ئەوەش بە خۆی دەدا کە لە زۆر شوێندا لە پارتەکەی فێڵ بکا و زۆرجار بیخەڵەتێنێ و زۆر شتی لێ بشارێتەوە. مێژووی سەرکردەکانی کورد پڕە لە دانیشتنی ژێربەژێر و دانووستانی شاراوەی دوور لە چاوی تەنانەت باڵاترین ئەندامەکانی پارتەکانی خۆیان. دەتوانم لە نموونە هەرە دیار و هەرە زیانبارەکانی ئەم ڕەوت و نەریتە بە دانووستاندنەکانی قاسملوو لەگەڵ ئێرانییەکان و ڕاگەیاندنی کتوپڕ و لەناکاوی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ـی مەلا مستەفا ئاماژە بکەم.

لایەنێکی گرنگی دیکەی سەرۆکی خودائاسای کوردی ئەمەیە کە هیچکات ڕێگە بەوە نادا کە تەنانەت هاوشێوەیەک لە خۆی یان تەنانەت بچووککراوەیەکی خۆی لەنێو پارتەکەیدا دروست ببێ. شێرزاد حەسەن لە

ڕۆمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم"دا بە جۆرێ لە جۆرەکان ئاماژە بەم لایەنە سایکۆلۆژییەی سەرۆک دەدا: «ئەو جارەی کە لە هەندەرانەوە میوانێکی ئازیزی بێچوە شێرێکی بۆ هانی، پێی وت خۆزگە لەبری ئەم بێچوە شێرە توولە سەگێکت دەهانی. کە میوانەکەی بەڕێ کرد، سەد هەنگاو دوور نەکەوتبووەوە کە بەچکە شێرەکەی کەل و پاچ کرد و فڕێی دایە بەردەمی سەگەکانی. کە لێمان پرسی بۆ وا باوکە؟، بەدەم کوتە گۆشت خستنە نێو کەڵبەی سەگەکانی لەژێر لێوەوە مڕاندی: تەنها یەک شێر لەم حەسارەدا جێی دەبێتەوە. پەنجەی خستە سەر سینەی خۆی: ئەویشیان منم»[٢٧]. ئەم سایکۆلۆژییەتە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی کوردی وا لێکردووە کە قەت بیر لەوە نەکەونەوە کەسانێک لە ئەندامانی پارتەکەیان بۆ دوارۆژی دوای خۆیان پەروەردە و ئامادە بکەن. لە ئەنجامدا بزاوتە جیاوازەکانی سیاسەتی کوردی هەمیشە جۆرێک لە سەرۆکایەتی ژیاون کە بریتی بووە لە تارماییەکی تاقەکەسی و مۆتەکەئاسا کە بەشێک لە مێشکی جڤاکی کوردی بۆ خۆی قۆرخ و داگیر کردووە. ئەم تارماییە نەگبەتە تەنانەت دوای نەمانی خۆشی بە ئاراستەی جیاواز لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. سەرۆک لە یەکەم جۆری هەرمانی خۆیدا وەک خودایەکی نەمر لە مێشک و ڕۆحی مورید و لایەنگرانیدا وەک بە پیرۆزی دەمێنێتەوە تا لە کەسایەتی و ڕێبازی خۆیدا بۆ ماوەیکی زۆر قەتیس و بەندیان بکا. لەنێو جڤاکی کوردیدا کەم نین ئەو کەسانەی کە یەکێ لە سەرۆکەکانی پێشوو بە ترینی هەموو بوارەکان

٢٧شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم، ل. ٦٨

دەزانن و پێیان وایە تەنیا ڕێبازی ڕاستەقینەی تێکۆشان ڕێبازی سەرکردەکەی ئەوانە ئەگەرچی دەیانساڵیشی بەسەردا تێپەڕیبێ و دەیان هەڵەشی لێ وەدەر کەوتبێ. زۆربەی سەرکردە کۆچکردووەکانی کورد کەم تا زۆر بەشێک لە ئەم کەسانەیان بەردەکەوێ و لە کەسایەتی و سایکۆلۆژییەتی مورید و لایەنگرانی خۆیاندا تەنانەت بە مردووییش لەسەر دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی کار دەکەن. شێوازێکی دیکەی جاودانەگی سەرکردەی کورد لە بنەماڵەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە و لە کەسایەتی خێزانەکەیدا بۆ جارێکی تر دەژییێتەوە. بەشێکی زۆری سەرکردە کلاسیکەکانی کورد لە لایەکەوە خۆیان بە زادەی پاشخانێکی شێخایەتی و خێڵایەتی و دەرەبەگایەتین و لە لایەکی دیکەشەوە وەک پێشتریش باسم کرد کەسێکیان بۆ دوای خۆیان پەروەردە نەکردووە. هەر بۆیە تەنیا بژاردەیەک بتوانێ جێیان بگرێتەوە خێزان و کەسوکاریی خۆیانە. ئەم نەریتە بەتایبەت بۆ خەڵکی باشووری کوردستان زۆر ئاشنایە. ئەوان تاکوو ئەم ساتەوەختەش لە کەسایەتی بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانیدا خەریکن ئەم نەریتە دەژین. ئاوایەکی سێیەمی بەردەوامکردنی سێبەری سەرۆک وەک نەگبەتی بەسەر جڤاکی ئێمەدا دەرکەوتنی سەرۆکە بچووکەکانە دوای نەمانی سەرۆکی مەزن. لە نموونە دیارەکانی ئەم نەگبەتییە دەتوانم ئاماژە بدەم بە میناکی کۆنی لەدایکبوونی سەرکردە بچووکەکانی حدکا دوای قاسملوو و شەرەفکەندی و میناکی تازەی بەڕێوەبەرانی گۆڕانی دوای نەوشیروان مستەفا... . ئەڵبەتە ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە هەموو ئەم دۆخانەدا سەرۆکی

گەورە بە جۆرێ لە جۆرەکان لە هێمای سێبەرێکی نەمر و نوستالژیکدا وەک زیندانێک بۆ هێشتنەوەی مرۆڤی کورد لە ڕابردوودا هەر دەمێننەوە.

پێشتر ئاماژەم بەوە دا کە سەرۆک هەمیشە لە پێگەیەکی خوداییەوە مامەڵە دەکا و ژێردەستەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر ئەم پێگەیە وەک قەدەرێک دەپەژرێنن و پارت بە تەواوی بڕوا و بڕیارەکانی بێ چۆن و چرا ئەرێ دەکا. هەر بۆیە سەرۆک بێباکە لەوەی کەسێ بتوانێ ڕەخنەی لێ بگرێ یان لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکا. ئەم نەریت و ڕێسایە لەنێو پارتی کوردیدا دەیان ساڵە ڕێخۆشکەری گەلێ شاشێتی و هەڵەی گەورە گەورەی زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان بووە. لێرەدا گێڕانەوەیەکی جاناتن ڕەندڵ تەنیا وەک یەکێ لە نموونەکانی ئەم هەڵانە دێنمەوە. ڕەندڵ لە باسی دەسمۆچانە بەناوبانگەکەی مام جەلال و سەدام دوای کۆڕەوە مەزنەکەی باشوور وەها دەڵێ: «تاڵەبانی لە کردەیەکی ناشیانەدا کە لە سەرانسەری دنیادا بەدی دەکرا دیمەنێکی کە باسی کاڵی و نەکوڵێوی سیاسەتوانانی کورد دێنایە گۆڕێ و ئەوانی وەک کەسانێک دەنواند کە ئەو هەڵانەی مێژوو بووی هەڵخستبوون دۆڕاندبوویانن، سەلماندی و سووری کردەوە. تەنانەت کەڵە دەوڵەتدارێکی وەک فرانسوا میتران کە مەیلێکیشی سەبارەت بەرەو عێراق هەبوو، کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس سەرکۆنە کردبوو کە بۆچی ڕوانگەی کوردان لەسەر خودموختاری چەقبەستوو دەکا؟. گوتبووی ئەرکی ئێوە ئەمەیە کە پارێزگاری لە مافی خەڵکی کورد بکەن بۆ هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ. ئێستا کوردەکانی

**عێراق باشترین دەرفەتێکی لە زەمانی تێکچوونی ئیمپەراتۆریەتی عوسمانییەوە تا ئێرە وەدەست هاتبوو تووڕیان هەڵدا»[٢٨].**

**ئەڵبەتە لە بەشی داهاتوودا زیاتر باسی دەکەم کە لەڕاستیدا ئەمە فەرهەنگ و کولتووری خەمسارد و پشتگوێخەری کوردە کە نەتەنیا ڕێگە بەم هەڵانە دەدا و ڕۆژێ لە ڕۆژان نایەوێ و ناوێرێ لە سەرۆک و ڕێبەر بپرسێتەوە، بەڵکوو لەژێ کولتووری "خوا ڕەحمەتی کا"ی خۆیدا بە ئاسانی لە بیریشی دەکا و لێشی خۆش دەبێ. ئەم بەستەرە فەرهەنگییە خۆی بەرهەمهێنەر و دروستکەری ئەمجۆرە سەرکردە کلاسیکانەیە کە نەتەنیا ئازادانە و بوێرانە و بێمنەتانە هەڵە دەکەن، بەڵکوو ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بە هەر هۆیەک کارێکی باشیشیان کردبێ، دواتر لێی پەشیمان بوونەتەوە و خۆزگەیان بە هەڵبژاردنی ڕێگا هەڵە و شاشەکە خواستووە. گێرانەوەی خوارەوە لە جەلال تاڵەبانی نموونەیەکە لەم بێباکییەی سەرکردەی نەگبەتی کورد. ئەو لەم گرتەیەدا دەڵێ: «لە دبلن ڕێکەوتنامەکە کرا. من پێم وایە هەڵەمان کرد. من خۆم یەکێک بووم لە لێپرسراوانی ئەو هەڵەیە. ئەویش ئەوە بوو: ئامەریکا، ئنگلیز و تورکیا لەوێ داوایان کرد ئێمە بڵێین پەکەکە تیرۆریستە. بێگومان پارتی دەیگوت هێزێکی تیرۆریست و دژمنی کوردە. ئێمە ئەوەمان ڕەت کردەوە. نەوشیروان بەپێی ئەو تەعلیماتانەی لەلایەن ئێمەوە پێی بوو قەبوولی نەکرد بڵێت پەکەکە تیرۆریستە. ئامەریکییەکان دڵنیا نەبوون ئایا ئەوە هەڵوێستی کۆتایی**

٢٨جاناتان ڕەندڵ، بەو هەمموو تاوانە لێبوردنی چی؟، وەرگێڕانی سەلاحەدین ئاشتی، ل. ١٥٩

یەکێتییە. بۆیە تەلەفۆنیان بۆ خۆم کرد. من ئەو کاتە لە شام بووم و تکایان لێکردم هەڵوێستی خۆمان بگۆڕین و ڕێکەتنەکە قەبوول بکەین، ئێمە قەبوولمان نەکرد. من پێم وایە ئێمە وەک یەکێتی هەڵەمان کرد. دەبوایە ڕێکەوتنامەکە قەبوول بکەین»[٢٩].

گرتە دیرۆکییەکانی سەرەوە لەڕاستیدا تەنیا میناکی بچووکن لە ڕەوتی سەرکردایەتی لە کاروانی دژەداگیرکاری کورددا کە بۆ دەیان ساڵە بەهۆی سەرۆکەکانیەوە بە نەگبەتی ژیانی دەکا. فەرهەنگی بیربردنەوە و لێبوردن و خودا ڕەحمەتی کا هێندە لەنێو ئێمەدا پڕڕەنگ و تۆخە کە سەرەڕای ئەمەش کە سەرۆک لەنێو بەشێکی جڤاکدا نەفرەت لێکراوە، کەچی لەلای بەشێکی تری جڤاک هێشتا پیرۆزە و هەر بە پیرۆزیش دەمێنێتەوە. ئەم دۆخە ڕۆژانە بە ئاشکرا لەنێو شەقامی کوردیدا ژیان دەکرێ و هەموو کوردێک دەتوانێ بە ئاسانی لە دەوروبەری خۆیدا ببینێ، بەڵام سەردانێکی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و بەڵکوو هەموو کورد سەرکردەکان هاوکات چەندە پیرۆز و چەندە نەفرەتین. بەم جۆرەیە کە لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانیدا یەکەم، بوونەوەری سەرۆک کە وەک ڕەوتی مێژووش نیشانی داوە پیرۆزییەکەی لەوەدایە کە یەکانە بێ، لە هەژماری زۆری خۆیدا بۆ ئێمەی کورد ڕۆڵی دەگۆڕێ بۆ نەگبەتییەکەی هەمیشەیی بە ئاراستەی دابەشبوونی کۆمەڵگەدا. دووەمیش بە دیوێکی دیکەیدا لە

٢٩سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، ل. ٢٤٧

شێوەی ئەو دوئالیتە پیرۆز و نەفرەتییەی کە لەناو خەڵکدا دەژی هەوێنی قووڵبوونەوە و بەردەوامی ئەم دابەشبوونەشە.

یەکی لەو نەگبەتییە هەرە سەیرانەی کە گەلی کورد سەبارەت بە بوونەوەری سەرۆک گیرۆدەیەتی بریتییە لە دژوازی و دژبەری لەنێوان ئەو سەرۆکەی کە خەڵک لە خەیاڵی خۆیاندا ژیانی دەکەن و ڕاستینەی سەرۆکەکان وەک کەسایەتی. زۆر زۆرن ئەو کەسانەی کە سەرکردە دڵخواز و هەڵبژارەکەی خۆیان وەک سەرۆکی گەلی کورد، سەرکردەی نیشتمانی کوردستان، باوکی ڕۆحی کورد، سەرۆکی نەتەوەیی کورد و... هتد بەناو دەکەن، ئەمە لەحاڵێکدا کە ئەم سەرۆک و سەرکردانە بە هەموو شێوازێکی زمانی، کرداری و ئایدۆلۆژیکی نیشانیان داوە لەڕاستیدا ئەوە نین کە وێنا دەکرێن. زۆرینەی ڕەهای سەرکردەکان لەحاڵێکدا لەلایەن لایەنگرانەوە وەک سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی کورد پێناسە دەکرێن کە بە ژیانیان تەنانەت یەکجاریش نەیانویستووە یان نەیانوێراوە بە ئاشکرا داوای مافی نەتەوایەتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن و لە ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆیاندا تەنیا ئەو کوردستانە بچووکە ژیاون کە خۆیان تێدا دۆزیوەتەوە. ئەگەرچی سەرکردە کۆچکردووەکانی پێشوو هەموویان نموونەی ئەمجۆرە سەرۆکەن، بەڵام سەرۆکی نەتەوەیی ژیانکردنی بەشێکی زۆری خەڵکی بەتایبەت باشوور و ڕۆژهەڵات لە هێمای مەسعوود بارزانیدا نموونەیەکی زیندووە کە نیشانی دەدات ئەم گەلە چۆن بە شێوازێکی پڕووکێنەر پێداگرە لەسەر ئەوەی لەمەو دواش بەردەوام ئەم نەگبەتییە بژی. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەم پیاوە بە سەدان جار

دەریخستووە کە ئەو ئامادەگییەی تێدایە نەتەنیا پارچەکانی دی لەپێناو باشوور، بەڵکوو تەنانەت باشووریش لەپێناو بارزان بفرۆشێ، بەس تەنیا پێی بڵێن سەرۆک.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی زۆر گرنک بدەم. خاڵی یەکەم: بێگومان هەتا ئەم ساتەوەختەش زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی کورد خاوەن ڕۆحێکی سەرکەش و بوێری کوردانەن کە ئەمە توانیویەتی بە دروستی بەشێک بێ لە پیرۆزی و گەورەیی ئەوان لەنێو کورددا. ئەم بوێرییە کوردانەیە نەتەنیا لە ئازادی و لە کاتی شەڕدا، تەنانەت لەنێو زنجیر و بەندی داگیرکەرانیشدا دانانەوێ. نموونەیەک لەم بوێرییە لە بەرسڤدانەوەی پێشەوایە بەرانبەر بە دەمدرێژی یەکێک لە ئەندامانی دادگای داگیرکەر کە بە جنێوی "کوردی سەگ سیفەت" هەڕەشەی لێدەکا. پێشەوا لە وەڵامی ئەم کەسەدا وەها دەڵێ: «سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو ئێوەن کە هیچ سنوورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن. ئاخر بێشەرەف! ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێشەرەفەکەی تر داویەتی جێبەجێ بکەی. لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکی دیکەت لەدەست نایێ. من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە بە باوەشی ئاوەڵاوە و ئەوەی کە بێ تاوانم و لە ڕێگەی ئازادی میلەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە ڕەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم»[٣٠]. بەڵام بەداخەوە ئەم ڕۆحە بوێر و سەرکێشەی سەرۆکی کورد لە گەڵێ

٣٠بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێران، ل. ٢١

بواری دیکەدا ناتەواوی پێوە دیارە. بۆ وێنە هەتا ئەم چرکەساتەش سەرکردەی کورد لە ناخی خۆیدا خاوەن ڕۆحێکی گەورەی دیکتاتۆرییە کە سەرچاوەی گەلێ لە هەڵەکانیەتی. ئەم ڕۆحە هەروەها زۆربەی وەختەکان نەخوێندەوارییەکی گەورە و کوشندەی سەبارەت بە گەلەکەی خۆی هەیە و هەر ئەمەش زۆرجار بەرەو هەڵدێری دەبا.

خاڵی دووەم: زۆر کەس پێیان وایە کە وەک چۆن فراوانی پارتەکان لەنێو کورددا نیشانەیە لە کراوەیی و دیمۆکراتبوونی ئەم کۆمەڵگەیە، فرەیی سەرکردەکانیش بە هەمان شێوە بەرهەمی هەزاران ساڵ ژیانی خێڵایەتییە و وەک درێژەی میرایەتی و لە قاڵبی بچووکتردا خانایەتی و کویخایەتی هێمایەکی دیکەی ئەم دیمۆکراتبوونە. بێگومان ئەم بۆچوونە بەشێک لە ڕاستی تێدایە. بەڵام ئەگەر بە تەواوەتی واش بێ، جاری فرەبوونی پارتی سیاسی لە دۆخێکدا دەتوانرێ وەک خاڵێکی ئەرێنی چاوی لێ بکرێ کە لەنێو گەلێکی خاوەن کیانێکی تۆکمە و پارێزراو و خاوەن سیستەمێکی دیمۆکراسیدا بێتە ئاراوە. دوای ئەمەش، ئەم فراوانییە لەنێو کورددا بە جۆرێ ڕێژەی ئاسای تێپەڕاندووە کە هەندێ پارتی کوردی هەن تەنیا چەند بنەماڵەیەک لە خۆ دەگرن و بەس. دیسانەوەش ئەگەر ئەم زۆری و بۆرییەی پارتەکان بە ئاسایی وەربگرین، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە تا ئێستا هیچ نەتەوەیەک نەبووە کە لەژێر ڕێبەرایەتی چەند سەرکردەی هاوکاتدا بتوانێ ڕزگاری خۆی دەستەبەر بکا. ئەم ڕاستییە بەو مانایە دێت کە فرەیی سەرکردە لەنێو تەڤگەری ڕزگاریدا نەتەنیا یارمەتیدەر نییە تا وەک پیرۆزییەک سەیر بکرێ، بەڵکوو تێکدەرێکی کوشندەیە کە دەبێ

هەمیشە بە چاوی نەگبەتییەوە چاوی لێ بکرێ تا ئەو ڕۆژەی کە هەموو سەرکردەکان لە سەرۆکێکی گەورەتردا کۆ ببنەوە. بێگومان تا ئەو ڕۆژە هەموو ئەو دەستەواژانەی کە مەبەستیانە لە ڕێگەی پاشگری "کورد یان کوردستان" ڕیبەرایەتی و سەرۆکایەتی کەسێک بۆ سەر تەواوی کورد و کوردستانی گەورە بگشتێنن، هەر ئەوەندە بەها و مانایان هەیە کە وشەی کورد لە دەستەواژەکانی وەک "هێلکەی کوردی" و "مریشکی کوردی" و... هتد. ئەڵبەتە دیسان تاکوو ئەو ڕۆژە کێ لەسەر بستێ زیاتری خاکی کوردستانی گەورە وەدەنگ بێ، کێ بۆ داوای مافێ زیاتر لە مافە ڕەواکانی تەواوی گەلی کورد دەنگی هەڵبڕێ، کێ وشەیەک زیاتر دژی تەواوی داگیرکەران هاواری کردبێ، بێگومان ئەو کەسە نزیکترە لە ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی گشتی گەلی کورد.

## پێشمەرگە

**بێگومان یەکێ لە هێما هەرە دیار و ناودارەکانی بزاڤی دژەداگیرکاری گەلی کورد پێشمەرگەیە. ئەڵبەتە ناوی پێشمەرگە زیاتر گرێدراوی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سیمایەکی پڕڕەنگ و بەرجەستەی گۆڕەپانی بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەم دوو بەشەیە. لەم دوو پارچەیەدا سێیانەی سەرۆک، پارت و پێشمەرگە لە گرنگترین و ناسراوترین هێماکانی تەڤگەری دژەداگیرکارین کە زیاتر گرێدراو و تایبەتی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانن. لە بەشەکانی پێشتردا باسم کرد کە پارت و سەرۆک کرد چۆن لەژێر پیرۆزی ناوبانگ و پێگەی خۆیاندا هاوکات هەڵگری گەلێ نەگبەتی**

گەورەشن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەدا پێشمەرگەش بە درێژایی تەمەنی خۆی هیچکات لەم پیرۆزی و نەگبەتییە هاوکاتە بێبەری و بێبەش نەبووە. ئەڵبەتە بە یەک جیاوازی زۆر گرنگەوە کە ئەویش، چەندە نەگبەتییەکانی پارت و سەرۆک بەرهەمی دەسەڵات و ستەمکارییەکی بەئەنقەست و ئاگاییەکی فشە و ساختەی ئەوان بووبێ، بە هەمان ڕادە نەگبەتی پێشمەرگە لایەنیکەم لە یەکەم هەنگاوەکانیدا ئەنجامی ستەمدیدەگییەکی نائاگایانە و لێبوردەییەکی فیداکارانە بووە لەپێناو ئامانجێکی پیرۆزدا کە زۆرجار لەلایەن ئەو دووانەکەی ترەوە چەواشە کراوە. پێشمەرگە لە کۆماری مەهابادەوە هەتاکوو ئێستا سەرەڕای هەڵە و کەماسییەکانی بەردەوام یەکێک بووە لە هێما گەورەکانی بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستان و یەکێک بووە لە هێماکانی زیندووبوونی گەلی کورد. بەڵام ئەم نمادە پیرۆزە چەندە لەهەمبەر داگیرکەران شکۆیەکی گەورەی بەدەست هێنابێ، بەرەبەرە بەشێکی زۆری شکۆی خۆی لە کەسایەتی سەرکردە و پارتی سەرەتاییدا ڕادەستی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کورد کردووە و ئەوانیش بە شێواز و ئاراستەی جۆراوجۆر ئەم هێما پیرۆزە دژەستەمکاری و دژەداگیربوونەی کوردستانیان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناخی ڕاستەقینەی خۆی خاڵی کردووە و گۆڕیویانە بۆ نەگبەتی.

دیوی یەکەمی ئەم بەنەگبەتکردنە ئەمەیە کە پارت و سەرۆکی سەرەتایی یەکەمجار بە پێناسەکردنی خۆی وەک تاقە ڕێگە و ڕێبازی ڕاستەقینەی دژ بە داگیرکاری توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر پێشمەرگە بخەڵەتێنێ و ئەو

باوەڕەی پێ بدا کە فەرمانەکانی ئەو بە شێوەیەکی ڕەها پڕە لە ڕاستی و دروستی و نیشتمانپەروەری و لە بەرانبەریشدا هەموو هێز و کەسێکی دژبەر یان تەنانەت دەرەوەی خۆی بە هەڵە و ناڕاست و نانیشتمانی ناساندووە. لە ئەنجامدا تاکی کورد لە دوای هەستکردن بە داگیربوونی خۆی و بڕیاری بەرەنگاربوونەوە، لە یەکەم هەنگاوەکانی بەشداری لەنێو پارتدا کەوتووەتە نێو جیهانێکی پڕ لە ململانێ و دووبەرەکی ناوخۆیی لەگەڵ هاوخەباتەکانیدا. بەمجۆرە بووە کە هەمیشە ئەو هێزەی کە بۆ دژایەتی داگیرکەر کەوتووەتە ڕێ، لە نیوەی ڕێگەدا تووشی دژایەتی و دژبەری هاوڕێکانی بووە. ئەم دۆخە نەگبەتییە لە بیرەوەرییەکانی گەلێ پێشمەرگەدا باسی لێوە کراوە. یەکێ لەم پێشمەرگانە ئەزموونی خۆی لەم نەگبەتییە بەم شێوە تراژدیکە یاد دەکاتەوە: «ئێوارەیەکی سارد و باران بە لێزمە دەباری. پاش نانخواردنی ئێوارە دوو پێشمەرگە منیان ئاگادار کردەوە خۆم ئامادە بکەم و لە دەرەوە چاوەڕێم دەکەن. هەستام و خواحافیزیم لە مەلا بەختیار کرد و لە پرسگە وەدەر کەوتم. لە دەرەوە شۆڕش حاجی و دوو پێشمەرگە وەریانگرتم. [وتیان] مامۆستا دەبێت چاو و دەستت ببەستین. [وتم] پێویست دەکات؟، [وتیان] بەڵێ فەرمانمان پێ دراوە. دەستەکانم لە پشتەوە شەتەک دران و بە جامانەیەک چاویان بەستم. شۆڕش و پێشمەرگەیەک لە هەردوو لاوە باڵیان گرتم و لەسەر گردەکەوە بەرەو نشێو پەلکێشیان کردم... . شۆفێرەکە کە من نەمدەبینی گوتی: یەکێتی لەسەر شووشە تەقڵە بە فیل دەدات و ناشهێڵێ شووشەکە بشکێ. من گوتم: ئێمە کەروێشک بووین و فیل نەبووین!. ئاوەها لەنێوان دوو هاوڕێی خۆمدا دانیشتێنرابووم. من هەستم بە چ ڕک و کینەیەک

بەرانبەریان نەدەکرد، بگرە هەمان خۆشەویستی جارانم بۆ ئەوان هەبوو. ئەوان چۆنیان بیر دەکردەوە نازانم. من لە سۆنگەی داپۆشینی بیناییمدا نەمدەتوانی هەستی ئەوان لە چاوانیاندا بخوێنمەوە... . فەرەیدوون باسی فیلمێکی بۆ گێڕاینەوە گوایە ساڵانێکی زۆر پێشتر دیتبووی. کورتییەکەی بەسەرهاتی دەسەڵاتدارێک بوو کە بە ناچاری برایەکی خۆی دەکوژێ و لە باخچەی کۆشکەکەیدا لە گۆڕی دەنێت و هەموو ڕۆژێ چەپکەگوڵێک لەسەر گڵکۆکەی دادەنێت. فەرماندەکە دەڵێت: من ناچار بووم براکەم بکوژم، چۆنکە بەنیاز بوو دەسەڵاتم لێ وەرگرێت. هەموو بەیانییەکیش بە جوانترین گوڵەوە کڕنۆشی بۆ دەبەم، چۆنکە خۆشەویستترین کەسم بوو. ئەمەیە شەڕی دەسەڵات!. فەرەیدوون دەیویست بێژێ ئێوە هاوڕێ و برا خۆشەویستەکانی ئێمەن، بەڵام مەترسیتان لەسەر دەسەڵاتی ئێمە دروست کردووە. بۆیە دەبێت بە ناچاری بتانکوژین»[٣١].

بەم شێوەیە پێشمەرگە لە سێبەری پارت و سەرۆکی نەگبەتدا دەبێتە کەرستە و قوربانی یەکەمی کورداندنی شەڕ و لەباتی خوێنی داگیرکەر دەستی بە خوێنی برای هاوڕێبازی خۆی سوور دەکرێتەوە تا لە پاکێتی خاڵی بکرێ و لە عیسمەت ڕابماڵرێ. مرۆڤ کە عیسمەت و پاکی خۆشی لەدەست دا، ئیتر هەموو کەسێ پێی دەوێرێ و هەموو جۆرە تاوانێکیشی پێ دەکرێ. ئەم پێشمەرگەیەک کە فەرمانی پارت و سەرۆکەکەی وەک فەرمانێکی خودایی پەتی دەبینێ و ڕێبازەکەی بە تاقە ڕێبازی

٣١پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، ل. ٢٥٤

ڕاستەقینەی کوردایەتی دەزانێ، بێگومان ئێتر لەوە دەردەچێ کە پەشێو گوتەنی «پێشمەرگە پێشمەرگە بێ،/ لەپێناو سەردارێکی/ گەواد و دەم بێ دەرپێ/ ڕووەوە سەنگەری برای/ چۆن چەک دەخاتە سەرپێ!»[٣٢] و تاوانی لەوەی کە لە سەرەوە وەک میناک هێنامەوە گەورەتریشی پێ دەکرێ. بۆ وێنە بە ئاسانی دەتوانێ دڕندانەترین شێوازی کوشتن بەرانبەر بە پێشمەرگەی هەوخەباتی خۆی بەکار بێنێ و لەحاڵی ئەسیری و بێ دەسەڵاتیدا، بیداتە بەر ئار.پی.جی و تیکەتیکەی بکا[٣٣]. ئەمە لەحاڵێکدا نموونەی ئەم ڕەفتارەی پێشمەرگەوە بەرانبەر بە داگیرکەرە ئەسیر و دیلەکان زۆر زۆر کەموێنە و دەگمەنە. لەڕاستیدا بەنەگبەتکردن و ئەتککردنی پێشمەرگە لەلایەن سەرۆک و پارتی کوردی و تا ڕادەیەک لەلایەن خۆیەوەش بە درێژایی دەیان ساڵ ڕەوتی کورداندنی شەڕ و لە چرکەچرکەی شەڕە براکوژییەکاندا بەردەوام لە ئارادا بووە و هیچ سەردەمێک لە تێکۆشانی دژەداگیرکاری کورد نییە کە خاڵی بووبێ لەم نەریتی بەنەگبەتکردنە. ئەم نەریتی بەکەرستەکردن، بەهۆکردن، بەقوربانیکردن و لە کۆتاییدا بەنەگبەتکردن و ڕسواکردنی پێشمەرگە کە لەلایەن سەرۆک و پارتی کوردییەوە بەڕێوە دەبرێ و مخابن خودی پێشمەرگەش بەشێکی تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەتاکوو ئەم

---

٣٢عەبدوڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل. ٤٣٥

٣٣نەوشیروان مستەفا، کارەساتی حەکاری، چاپی چوار، ل. ٨٦

چرکەساتەش چاوەڕوانکراوە و مخابن ئەمڕۆش پێشمەرگە هێشتا ئامادەگی ئەم نەگبەتییەی تێدایە.

سەرەڕای ئەوەی کە باسم کرد دیسان بەشێکی گرنگی پێشمەرگە ئێستاکەش لە سەنگەری شەرەفدان و ئەم هێزە هێشتا هەڵگری بەشێکی گەورە لە پیرۆزی خۆیەتی، بەڵام پرۆسەی بەنەگبەتکردنی ئەم پیرۆزییە بەتایبەت لە سی ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستاندا بە شێوازێکی دیکە هاتووەتە ئاراوە. جارێ بەر لە هەموو شتێ دەسەڵاتی باشوور لە پیلانێکی دژەنەتەوەییدا و بە هاوکاری دەوڵەتانی داگیرکەر سی ساڵە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی وەک بارمتە بەند کردووە و لە هەموو چالاکییەکی ئەوتۆ خستوونی و لەڕاستیدا خەساندوونی. بەم شێوەیە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات کە هەمیشە یەکێک بووە لە هێما و هۆکارە هەرە دیارەکانی بەرز ڕاگرتنی ڕۆح و مۆراڵی تاک و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، ئەمڕۆ و لەڕاستیدا ئەمە سی ساڵە بەئەنقەست لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە کز و لاواز کراوە و لەسەر بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات باندۆرێکی نەرێنی خراپی داناوە. بە مانایەکی دی دەسەڵاتی پارت و سەرکردەی نەگبەتی باشوور توانیویەتی نەگبەتی خۆی بەسەر پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و لە ئەنجامدا بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنێ.

چەند ساڵێکە دیوێکی تری بەنەگبەتکردنی پێشمەرگە لەلایەن باشوورەوە لە کەسایەتی هێزەکانی "پێشمەرگەی ڕۆژ"دا بەر ڕۆژاوای کوردستان کەوتووە و لەسەر ئەوان پەیڕەو دەکرێ. ئەگەر بەنەگبەتکردنی پێشمەرگە لە شەڕەکانی براکوژیدا سیمایەکی تراژیدیکی قووڵی هەبووبێ و

بێدەنگکردنی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە باشوور بە شێوەیەکی دراماتیکی بێدەنگ ئەنجام درابێ، بێگومان ئەم بەنەگبەتکردنە سەبارەت بە پێشمەرگەکانی ڕۆژاوا زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە ڕۆخسارێکی کۆمیدی و گاڵتەجاڕی پێوە دیارە. ئەمە یەکەمجارە بەم ڕوونی و ڕووتییە هێزێکی پێشمەرگە بە بانگەشەی خودی دەرکەوتن لە مافە ڕەواکانی پارچەیەکی کوردستان سەرهەڵبدا و کەچی بە ئاشکراش یەکێ لە داگیرکەرەکان لەپشت پەروەردەکردن و بەخێوکردنییەوە بێ و بە ئاشکرا لەلایەن باڵاترین بەرپرسەکانی ئەو داگیرکەرەوە سەردانیان بکرێ. ئەوەی تۆزێ خوێندەواری هەبێ بە ئاسانی دەتوانێ ببینێ کە ئەم دیاردە نوێیە ڕووتترین و ئاشکراترین جۆری بەکارهێنانی هێزێکی کوردییە بۆ کورداندنی شەڕ و بە ڕوونی ئامادەکاری پرۆسەیەکی براکوژییە کە مخابن لێرەشدا دیسانەوە ئەمە سەرۆک و پارتی کلاسیکی کوردییە کە لە هێمای پێشمەرگەدا زەمینەی ئەم نەگبەتییە دەڕەخسێنێ و لەم ڕێبازەشدا دیسانەوە پێشمەرگەیە کە دەکرێتە کەرستە و قوربانی و لە کۆتاییشدا نەگبەتی ئەم کۆمیدیایە.

دوای ئەمانە، بە هەڵە ناچین ئەگەر بڵێین سی ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی باشووری کوردستان سەردەمی قیزەونترین شێوازەکانی بەنەگبەتکردنی هێمای پیرۆزی پێشمەرگە بووە. سەرۆک و پارتەکانی ئەوێ دوای ڕزگارکردن و مسۆگەربوون، دەبا هێزی پێشمەرگەیان لەگەڵ هەموو پیرۆزی و شانازییەکانیدا خانەنشین کردبا و وەک هێمایەکی پیرۆزی هەتایی خانەنشینیان کردبا و هێزێکی سەربازی فەرمییان دامەزراندایە.

یان لایەنیکەم ئەم هێزە دەبوو لە چنگی پارت و سەرکردەکان دەرهاتبایە و وەک ڕێخراوەیەکی تەمام دەوڵەتی و هێزێکی نیشتمانی دوبارە ڕێک بخرایە. بەڵام ئەوەی ڕوویدا، بەپێچەوانەوە هاتن و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم هێزەیان بۆ خۆیانماڵی کردەوە. ئەوان سەرەتا بە شێوازگەلی وەک مووچەی بندیوار، پێشمەرگەی دێرین، فەوج و پاسەوانە تایبەتەکان، پلەدارە ساختەکان و خزاندنی کوڕەکانی بنەماڵە و جاشەکانی پێشوو لەناو هێزی پێشمەرگەدا ئەم هێزەیان بە تەواوەتی دەستەمۆی خۆیان کرد.

پێشمەرگە نەنەنیا بە ڕێزەوە خانەنشین نەکرا، نەتەنیا بەدەوڵەتی نەکرا، بەڵکوو لەلایەن بەرپرس و سەرکردە نەگبەتەکانەوە ماڵی کرا و بوو بە موڵکی جەنگسالارەکان و هەر جەنگسالار و کوڕی هەر سەرۆک خێڵ و منداڵی هەر بەڕێوەبەرێک هێزی تایبەت بە خۆی پێکهێنا و پێشمەرگە بوو بە چەکدار و پاسەوانی تاکەکان و بنەماڵەکان و خێڵەکان و تا ڕادەیەکی زۆر لە نیشتمانی و نەتەوەییبوون خاڵی کرا. لەم سی ساڵەدا وەک لە زۆر کات و شوێندا نیشان دراوە ئەم هێزە بۆ پاراستنی خاک و کیانی سیاسی باشووری کوردستان پێکنەهێنراوە. بێدەنگی بەردەوام بەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری عێراق، ئێران و تورکیا و زۆر جاریش یارمەتیدانی ئەم هێزانە بەرانبەر بە هێزە کوردییەکان، کارەساتی شەنگال و کوردانی ئێزیدی، چۆڵکردن و ڕادەستکردنی کەرکووک بۆ خەشدی شەعبی و... هتد ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە. لە بەرانبەردا بە ئاشکرا گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتی پارت و سەرکردەکان نیشانی

دەدا کە ئەم هێزە هێزێکی دەستەمۆیە کە تەنیا ئەرکیشی پاراستنی دەسەڵات و هەژموونی ئەوانە. بە مانایەکی ڕوونتر پێشمەرگەی ئەمڕۆ نە سوپایەکی نیشتمانی، بەڵکوو مووچەخۆری چەند سەرکردەیەکە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شۆڕشگێڕی ئەوساکەی کە بەرانبەر بە داگیرکەران هەیبوو دەگۆڕێتەوە بە گوێڕایەڵی وماڵیبوونی بەدەست بنەماڵەکانەوە و بەهۆی گوێڕایەڵی بۆ خێڵەکانی باشوور لە فریشتەیەک کە چاوەڕوانی ڕزگارکردنی کوردی لێ دەکرا، گۆڕاوە بۆ شەیتانێک کە جگە لە پاراستنی ناپاکییەکانی سەرۆک خێڵەکان خۆشی خەریکی ئاژاوە نانەوەیە لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم هێزە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تەنانەت لە ئەستەمترین ساتەوەختەکانی بەرخۆدانیشدا یەکێک بوو لە سەرچاوە بەهێزەکانی بەرهەمهێنانی هزری شۆڕشگێڕی و ویژدانی جڤاکی، ئەمڕۆ بە شێوەیەک لە هەموو شتێ خاڵی کراوە کە تەنیا و تەنیا ئەرکی ئەوەیە کە دەستی لەسەر ماشەی تفەنگەکەی بێ و چاوی لە دەمی سەرۆک و پارتەکەی تا بزانێ ئەو بە کام ئاراستە فەرمانی ئەتککردنێکی دیکەی خۆی و گەلەکەی پێدەدا.

بێگومان جڤاکی کوردی ئەم سەردەمە جیا لەوەی کە زیاتر لە پێشوو لە داگیربوونی خۆی بە ئاگا هاتووە، زیاتر لە جارانیش توانای داوەریکردنی ڕاستی و ناڕاستییەکانی هەیە و باشتریش دەتوانێ دروست و نادروست لە یەکتر جیا بکاتەوە. هەر بۆیە پێشمەرگە لە ئەگەری دەربازبوون لەو نەگبەتییانەی تا ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی هێناونی و وەک تەیمانێکی نەگریس لەسەر شکۆی خۆی قەبوولی کردوون، دەتوانێ دیسانەوە پیرۆزی خۆی

بەدەست بێنێتەوە. ڕێکاری سەندنەوەی ئەم پیرۆزییەش دەبێ بە چەندین ئاراستە و ڕەهەندی جیاواز و ئەڵبەتە پێکەوە گرێدراو ئەنجام بدرێ. بۆ ئەم مەبەستە یەکەم دەبێ پێشمەرگەی باشوور لە دەست بنەماڵە و خێڵ و سەرۆک و پارتەکان دەربهێنرێ و بەنیشتمانی بکرێ و پارتەکانی باشوور ببنەوە پارتی سیاسی ئاسایی. هاوکات لەبەر ئەوەی هەموو نارێکییەکی ئەمڕۆی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا سەرێکی لەلای پارت و سەرۆکەکانی باشووری کوردستانە، پێویستە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لەژێر هەژموون و فەرمانی دەسەڵاتی پەدەکە و یەنەکە و لە دۆخی ئۆردووگانشینی خۆیان دەرباز کەن و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسانەوە پێشمەرگە ببێتەوە بە هێزە شۆڕشگێڕەکەی جاران و هاوتەریبی ڕاماڵینی زیهنییەتی براکوژییەکانی پێشوو بێتەوە گۆڕەپانی ئەو ئامانجەی بۆی دروست کراوە. ئەڵبەتە هاوکاتی ئەم قسانە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا هەناسەیەکی دیکەی بەنەگبەتکردنی پێشمەرگە و بەگشتی هێزی چەکداری کوردی ئامادەیە کە لە ئەگەری باڵادەستبوونی دەتوانێ بە دیوێکی دیکەدا هەڵگر و بەرهەمهێنەری نەگبەتییەکی خراپتر و وێرانگەرتر بێ. ئەم هەناسەیە بە شێوەیەکی دژواز زیاتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ. ئەوان لەحاڵێکدا کە خۆیان سەرەڕای هەبوونی کیانێکی سیاسی دانپێدانراو و مسۆگەر ئامادە نین چەکەکانیان دابنێن و هێزی سەربازی بدەنە دەست حکوومەتی باشوور، کەچی بانگەشەی ئەوە دەکەن سەردەمی چەک بەسەر چووە و بەم شێوەیە پێشمەرگەشی تێدا، هەموو هێزێکی کوردی لەناو ببەن. بە بۆچوونی من ئەم تێڕوانینە

ئەگەر هێندەی شەڕی براکوژی نەگبەتی بۆ کورد و بۆ پێشمەرگە تێدا نەبێ، لایەنیکەم دەتوانێ بە هەمان ترسناکی شەڕی براکوژی هەڵگری نەگبەتییەکی گەورە و وێرانگەر بێ بۆ کورد. ئەم بۆچوونە لە هەناسە و ڕوانگەیەکەوە دێ کە بە شێوازێکی ڕووت بەهای هەموو هەنگاو و ڕێبازێک گرێدەدا بە ڕادەی سەرکەوتنی ئەو ڕێبازەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە شەڕی چەکداری بە درێژایی دەیان ساڵ ئەگەر لە دەرکردنی داگیرکەران سەرکەوتوو نەبووبێ، بێگومان لە بەسیاسیکردنی جڤاکی کوردی ڕۆڵێکی گەورە و باندۆرێکی مەزنی هەبووە. بە مانایەکی دیکە «بە شێوەیەکی هەمیشەیی پەڕینەوە بۆ شاخ و بەرخۆدانی چەکداری لە ڕووی ئەو دەرنجامانەوە کە لێی بکەوێتەوە گرنگە. هەرچی بۆ کوردانە ئەمە بە واتای سیاسیبوون دێت»[٣٤]. من پێم وایە بۆ سڕینەوەی بەشێک لە نەگبەتییەکانی پێشمەرگە وەک یەکێ لە هێزەکانی ئامادەی گۆڕەپانی دژەداگیرکاری کوردستان باشترین بژاردە نە پاڵنانە بە ئاراستەی دانانی چەک و بەردانی ڕێبازی چەکداری، بەڵکوو هاندانە بەرەو دروستکردنی هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئاراستەی شەڕی ڕزگاری. مەریوان ئەم شەڕە بەمجۆرە مانا و پێناسە دەکات: «شەڕی ڕزگاری بە تەنها شەڕی ناوچە سنوورییە ڕزگارکراوەکان نییە، بەڵکوو شەڕی ئازادکردنی هەموو سەرزەمینی نەتەوەیی و نیشتمانییە، شەڕی گۆڕینی هێزە چەکدارەکانە لە شەڕی نوخبەیەکی بچووکەوە بۆ شەڕی لەشکرێکی نەتەوەیی گەورە کە بتوانێت

٣٤عەبدوڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شاریتانێتی دیمۆکراتی، بەرگی یەکەم(شارستانی)، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵا، ل. ١٧

لەم سەری وڵاتەوە بۆ ئەو سەری وڵات سەرکەوتنی گەورە و ستراتیژی بەدەست بێنێ»[٣٥].

٣٥مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، ل. ٢٨١

# گۆرانی

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"، لەسەر ڕۆڵی مۆسیقا لە ژیانی مرۆڤدا وەها دەڵێ: «مۆسیقا وا دەکات لەشمان بەرگەی دەردی زۆرتر بگرێت»[٣٦]. ئەو هەر وەها بە پێناسەی وەکوو «مۆسیقا پەیوەندی بە جاویدان، بە کامڵی و بە باڵگرتنی ڕۆحەوە هەیە»[٣٧] لە گرنگی مۆسیقا دەدوێ. بەڕاستی من نازانم کە ئایا مۆسیقا لە ژیانی گەلانی دیگەدا بەم تۆخییە ڕۆڵ دەگێڕێت یان نا، بەڵام لەمە دڵنیام کە نەخش و کاریگەری مۆسیقا لە ژیانی مرۆڤی کورددا تەنانەت لەو ئاستەی کە بەختیار عەلی پێناسەی دەکا گەلێ زۆرتر و زیاتر و بەرزترە. بەگوێرەی

٣٦بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل. ٨١

٣٧سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٨٠

ئەفسانەیەکی یارسانی کاتێ خودا ویستی بەشێ لە ڕۆحی خۆی بدەمێتە جەستەی ئادەم، ئەو ڕۆحە سڵی دەکرد و ئامادە نەبوو بچێتە نێو ئەو پەیکەرە قوڕینەوە. یەکێ لە فریشتەکانی خودا تەموورەیەکی هێنا و دەستی کرد بە ژەنین. ڕۆحی خوداش هێدی هێدی ئارم بوویەوە و خزایە نێو جەستەی ئادەمەوە. ئەم ئەفسانەیە ئاماژەیەکی گرنگە بە جێگە و پێگەی مۆسیقا لەنێو فەرهەنگی کوردیدا. ئەڵبەتە ئەم گرنگییە جیا لەوەی کە لە گەلێ هێما و ئاماژەی دیکەی فەرهەنگی و دیرۆکیدا دەبینرێ، لە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی خەڵکی کوردیشدا هەزاران ساڵە بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە و لەبەر چاوە. یەکێ لەم بوارانە ئایینە. پێچەوانەی زۆرێک لە ئایینەکانی دیکە کە دژی مۆسیقان، ئایینە کوردییەکان هەتاکوو ئەمڕۆش نەتەنیا لەگەڵ مۆسیقادا تێکەڵاون، بەڵکوو بە پیرۆزیشی دەزانن. نموونەی زیندووی ئەم نەریتە تەموورەیە لە ئایینەکانی یارسان و ئیزدیدا. من پێم وایە تەنیا لە سیاچەمانە، هۆرە، حەیران، لاوژە و لاوک، چەمەری و مەقامەکانی یارسانی کوردیدایە کە مرۆڤ بە شێوازێکی کەموێنە لە ئاستی جیهاندا دەتوانێ ژیانێکی ئەفسانەیی و ئیسانەیی هاوکات بژی. مێژووش بە ئاشکرا دان بە بایەخ و نرخ و باندۆری ئەم لایەنە ئەفسانەیییەی فەرهەنگی کوردیدا دەنێ. هەندێ لە باشترین بەڵگەکانی ئەم دانپێدانانە بریتین لە ناوی دیار و هەڵکەوتووی وەک «"زریاب مووسڵی" لە سەدەی هەشتەم کە هیچ مۆسیقازانێکی ڕۆژهەڵات لە مێژوودا هێندەی ئەو کاریگەری لەسەر مۆسیقای ڕۆژاوا بەگشتی و مۆسیقای ئیسپانی بەتایبەتی دانەناوە، هەر وەها "سەفیەدین ورمێیی" کە دوو کتێبی "الرساله الشرفیه" و "الادوار فی

الموسیقی" نووسیوە و هەر وەها "بەدرەدینی هەولێری" کە کتێبێکی بە ناوی "جواهر النظام فی معرفە الانغام" داناوە»[٣٨]. پێگە و گرنگی دەنگ و مۆسیقا لە فەرهەنگی کوردیدا هێندە پڕڕەنگە کە تەنانەت بە ڕوومەتی زمانەکەشەوە بە ئاشکرا دیارە. لەوانەیە زمانی کوردی تاقە زمانی دەگمەنی ئەم جیهانە بێ کە بۆ هەموو دەنگێک ناوی تایبەت بە خۆی هەیە. هەموو ئەمانە نیشانەی گرنگبوونی دەنگ و گۆرانی و مۆسیقان لە فەرهەنگی کوردیدا. دوای هەموو ئەمانە مۆسیقا و گۆرانی لە ماوەی سەد ساڵی دوایی داگیربوونی ئێمەی کورددا هەمیشە ڕۆڵێکی زۆر پیرۆزتر و گەورەتری دیکەی لە ئەستۆ بووە و ئەویش، هەتا ئەم ساتەوەختەشی لەگەڵ بێ گۆرانی کوردی نەتەنیا هەمیشە پشتیوان و یارمەتیدەر و هاندەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بووە، بەڵکوو بەشێکی کرداری و مەیدانی بووە لێی و تەنانەت لەمە زیاتریش ڕەگەزێک بووە لە ڕەگەزە هەرە بنگەهینەکانی ئەم بزاڤە. بێگومان ئەم پاشخوانە ڕۆحی، فەرهەنگی، دیرۆکی و شۆڕشگێڕییە مۆسیقا و گۆرانی کوردی کردووەتە یەکێ لە ڕەنگە هەرە تۆخەکانی ژیانی ڕۆژانەی جڤاکی کوردی و یەکێ لە هەرە پیرۆزییەکانی ئەم جڤاکە.

بەڵام بەداخەوە بە گەلێ هۆکار کە لە درێژەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم، ئەم پیرۆزییە تووشی گەلێ نەگبەتی هاتووە و بەتایبەت لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا گیرۆدەی گەلێ نارێکی و چەوتی بووەتەوە. جارێ بەر

---

٣٨سۆران حەمە ڕەش، کورد کێیە، ل. ٣٥٤

لە هەموو شتێک یەکەم نەگبەتی و نەگبەتییە هەرە گەورەکە بریتییە لەو خارەت و تاڵانەی کە گەلانی سەردەست بەتایبەت فارس و تورک لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردوویانە و هەتاکوو ئەم ساتەوەختەش خەریکن دەیکەن. ئەم تاڵانە گەورە فەرهەنگییە هێندە زەق و بەرچاو و ئاشکرایە کە نەتەنیا پێویست ناکا مرۆڤ لە مۆسیقا شارەزا بێ تا بتوانێ هەستی پێ بکا، بەڵکوو تەنانەت گوێگرێکی ئاسایی ناشارەزا لە مۆسیقاش دەتوانێ بە ئاسانی لەنێو بەرهەمەکانی هونەرمەندانی فارس و تورکدا چەندین نموونە ئاوازی دزراوی کوردی بناسێتەوە. لەڕاستیدا ئێمەی کورد دوای ئەوەندە ساڵ داگیربوون دەبێ بەم ڕاستییە گەیشتبین کە ئەم تاڵانە فەرهەنگییە وەک هەر ستەمێکی دیکەی داگیرکاری کردەیەکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوی داگیرکەرانە، بەڵام ئەوەی کە هەمیشە ئەم نەگبەتییەی نەگبەتتر کردووە ئەمەیە کە مخابن بەشێک لەم نەگبەتییە لەلایەن خودی کوردەوە ئەنجام دراوە و ئەنجام دەدرێ.

نەگبەتییەکی دیکەی گەورەی گۆرانی کوردی ئەو جیهانەیە کە پێی دەڵێین فۆلکلۆر. لە بەشی تایبەت بە کولتووردا باسم کرد کە نەریت چقاس بە دیوە پیرۆزەکەیدا پەرژینێکە بۆ مانەوە و خۆپارێزی لە نەمان، بە هەمان ڕادە بە دیوە نەگبەتەکەیدا قەفەزێکە بۆ وەستان و پەنگ خواردنەوە و مەندبوون لەناو خۆدا. یەکێ لە نموودە هەرە دیار و بەرجەستەکانی ئەم پیرۆزی و نەگبەتییە هەوکاتە بریتییە لە بواری فۆلکلۆر لە گۆرانی کوردیدا. هەموومان دەزانین کە فۆلکلۆر یەکێکە لە چاوگە هەرە گرنگەکانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی. نەتەوەکانی دەوروبەرمان لە ساتەوەختی

بەدەستهێنانی دەوڵەتدا بە تێگەیشتنی نوێبوونەوە و بە مەبەستی دەربازبوون لە ڕابردوو، بەشێکی فراوان لە فۆلکلۆری خۆیان ڕەها کرد، بەڵام گۆرانی کوردی بەپێچەوانەوە لە هەمان دۆخی ڕابردوو، واتە لە قۆناخی فۆلکلۆردا مایەوە. لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ئەوان ڕوویدا تا ئێستاش بریتییە لە دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان گۆرانی و ژیانی ڕاستەقینەی ئەو گەلانەدا و بە مانایەکی تر بریتییە لە دروستبوونی مۆسیقایەک کە هیچکات نەیتوانیوە وێنا و گوزارەیەکی ڕاستەقینە بێ لە ناخی فەرهەنگ و نەریتی ئەو گەلانە. بەڵام ئەم دۆخە بۆ کورد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێچەوانە شکاوەتەوە و کورد ماوەیەکی زۆرە هونەرێکی ئاڵایە تەواو فۆلکلۆر دەژی. ئەڵبەتە ڕاستە کە بەشێکی ئەم گرێدراوییەی جڤاکی کوردی بە فۆلکلۆرەوە لێکەوتەی نەبوونی سیستەمێکی پەروەردە و ڕاهێنانی دەوڵەتییە وەک ئەوەی بۆ گەلانی سەردەست ڕەخساوە، بەڵام بەشێکی گەورەشی دەرئەنجامی ئەو سایکۆلۆژییەتی سڵکردن لە گۆڕان و مانەوە لە دۆخی ئێستاییەی مرۆڤی کوردە کە لە بەشی کەلتووردا ئاماژەم پێدا. بە هەرحاڵ ئەوەی کە ڕوویداوە لە لایەک مرۆڤی کوردی بێبەشکراو لە زمان و ئەدەبیاتی باڵای خۆی هەمیشە چێژی خۆی لە فۆلکلۆرێکی سەرەتایی و غەریزیدا دیوەتەوە و لە لایەکی دیکەوە هونەرمەندی کوردیش هەوڵی داوە لە هەمان ڕێگەی فۆلکلۆرەوە خۆی بگەیێنێتە بیسەرەکەی خۆی. لە ئەنجامدا تاکوو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ بەشێکی گەورەی گۆرانی کوردی هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ هونەرمەندی کورد ماوەیەکی درێژە کە بریتی بووە لە سووڕانەوە لەنێو جیهانێکی سەرەتایی و ژیانێکی سەرەتاییدا کە تاقە یەک ڕەهەندی

هەبووە و ئەویش ڕەهەندە زۆر غەریزییەکەی نێوان ژن و پیاو. لەم جیهانە تاک ڕەهەند و تاک چێژەدا مرۆڤی کورد بە تێڕوانینێکی هەڵە لە ڕەسەنایەتی لەو بەر بانەوە کەوتووە و هێشتا لە قۆناخی گوێرەدێ و گۆزە و کانی و بێری و مەڕ و... هتددا دەژی، ئەمە لەحاڵێکدا ئەمڕۆ زۆرینەی کورد لانیکەم لە ڕواڵەتدا ژیانێکی شاری دەژین. بەمجۆرە فۆلکلۆر چیتر لەوە دەرچووە کە ڕەسەنایەتی گەلێک بپارێزێ، بەڵکوو بووە بە بازنەیەکی نەگبەت بۆ هێشتنەوە و قەتیسکردنی ئەم گەلە لە چوارچێوەی ژیانێکی زۆر تەسکدا.

نابێ باسی فۆلکلۆری کوردی بکەین و چاو لەو ئاپۆڕا گەورەیە لەو دەنگ خۆش و دەنگ ناخۆشانە داپۆشین کە بە ئۆرگێکەوە هەر لە کاڕناڤاڵی حزبییەوە بگرە تا بانگەشەی هەڵبژاردن و زەماوەند و خەتەنەسوورانەی ماڵان و... هتد وەک دیاردەیەکی نەگبەت هەموو ڕووبەری کۆمەڵگەی ئێمەیان تەنیوە و لە هەموو شوێنێک شایی دەگێڕن و بەیت و بالۆرەی بێتام و بێمانا بە گوێی خەڵکی بە زۆرینە نەخوێندەواردا دەدەن و سەرخۆشانە شاباشانەیان لێ وەردەگرن. لەڕاستیدا کۆی هونەری تێکڕای ئەم حەشیمەتە گەورەیە ئۆرگێکی ئەلەکترۆنی و هەندێکی کەم لە پەیڤی پیداهەڵدان و هەندێ جاریش سووکایەتیکردن بە بەژن و باڵای ژنە کە تەنانەت سەد وشەش تێناپەڕێنێ. بەمجۆرەیە ئەم چینە بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات چینێکن کە بەناو گۆرانی و هونەرەوە هۆکار و ئامرازێکی چالاکی سووککردنی گۆرانی و زمان و نەریتی کوردین. ئەڵبەتە من کە ئەم قسانە دەکەم بێگومان ئاگام لەمە هەیە کە ناکرێ چوار و پێنج

و دە ساعەتی زەماوەند و گۆڤەندێ بە مەحوی و مەولەوی و جزیری پڕ بکرێتەوە و لەڕاستیشدا کێشەکە لەمەدا نییە، بەڵام کێشە و نەگبەتی گەورە لەمەدایە کە بەیت و بالۆرەکانی ناهونەرمەندەکانی ئەم حەفلانە دواتر دەچنە ناو تاکسی، شەقام و ناو ماڵان و تەنانەت وەک تا ئێستا ڕوویداوە تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندنەکانیش بڵاوی دەکەنەوە و بە شێوازێ دەیکەنە چێژی سەرەکی کۆمەڵگا کە ئاسەوارە خراپەکانی لەنێو کۆمەڵگەدا بە ئاسانی دەبینرێن. من بۆ خۆم زۆر کەسم بینیوە کە لە ئەنجامی نەخوێندەواری خۆی و بەردەوام گوێدانە کاوێژکردنی بەناو هونەرمەندانی ناو حەفلەکان پێیان وا بووە کە گۆرانی کوردی جگە لە هەڵگوتن بە سینە و مەمک و ڕانی ژناندا هیچی تری تێدا نییە. زۆر جاریش ئەمجۆرە کەسانە ئەم هونەرە سووکە، یان دروستتر بڵێم ئەم ناهونەرە لەگەڵ هونەری گەلانی سەردەستدا بەراورد دەکەن و چۆنکە لە ڕێگەی سیستەمی سەردەستەوە هونەرێکی والاتریان پێشکەش دەکرێ، هین زێدەتر هونەری کوردی بە بچووک و نزم دەبینن و لەم بوارەشدا تووشی جۆرێ لە خۆ بە کەم زانین و داکەوتنی کەسایەتی دەبنەوە و لە هێمای ئەو ناهونەرەی کە گوێی بۆ شل دەکەن، فەرهەنگی نەتەوەکەیان بە پووچ و بێنرخ دێتە بەرچاو. ئەم چینە ناهونەرمەندە چۆنکە بە تۆخی لەسەر کۆمەڵگە کاریگەرییان هەیە و زۆریش لەنێو شەقامدا خۆشەویستن، لە ئەگەری خوێندەواریدا دەتوانن لانیکەم لە بواری زمان و ئەدەبدا باندۆریان هەبێ و بەشێ لەو مەودایەی کە کەوتووەتە نێوان خەڵک و زمانەکەیاندا پڕ بکەنەوە، بەڵام مخابن زۆربەی هەرە زۆریان وێڕای ئەوەی لە خوانی ئامادەی فۆلکلۆر دەخۆنەوە و ژیانی خۆیانی پێ دەژیێنن، کەچی لە لایەک

بەردەوام خەریکی شێواندنی ئەم سفرەیەن و لە لایەکی ترەوە بە کاوێژکردنەوەی ئاستە هەرە سەرەتایی و هەرە غەریزییەکەی ئەم فۆلکلۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ چێژی زمانی و فەرهەنگی خەڵک بەرەو دواوە دەبەن.

ئەڵبەتە لەپاڵ ئەم چینە بەرفراوانە کە ڕووکەشێکی کرچوکاڵ و سەرەتایی لە گۆرانی کوردی بۆ بژێوی ژیان بەکار دێنن، توێژێکی بچووکتر لە هونەرمەندان بەگشتی و گۆرانبێژان بەتایبەتی هەن کە دەکەونە قاڵبی "هونەر بۆ هەنەر" و لەم چوارچێوەیەدا خەریکی گۆرانی و مووزیکی کوردین. ئەمانە بەشێکی بەرچاویان خەڵکی باشوورن و لە تێڕوانینێکی پارچەگەرایانەوە پێیان وایە وەک کورد بە ڕزگاری و سەربەخۆیی و مافەکانیان گەیشتوون و هەر بۆیە وەک هونەرمەندی گەلانی دیکەی خاوەن دەوڵەت بەگوێرەی ژیانێکی ئاسایی نەتەوەیەکی خاوەن سەربەخۆیی و کیانی مسۆگەر خەریکی ئیش و کاری هونەری خۆیانن. بەشێکی تر ئەو گۆرانیبێژانەن کە بە تێگەیشتنێکی هەڵە لە دۆخی داگیربوونی کوردستان و لە واتای سیاسەت بۆ کورد خۆیان بە سیاسی نازانن و تەنیا لەپێناو هونەری گۆرانی و مووزیکدا تێدەکوشن. بەشی سێیەمیش کەسانێکن کە لەژێر ستەمی داگیرکەراندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات ناوێرن ئازادانە کار بکەن و تەنیا ئەو هونەرە پێشکەش دەکەن کە بێوەی و بێ دەردەسەر بێ و بە توندی خۆیان سانسۆر دەکەن. ئەگەرچی ڕەنگە بە زمان نەیهێنن، بەڵام هونەری ئەمانە تەنیا بە هەمان دروشمی "هونەر بۆ هونەر" پاساو دەدرێتەوە کە بەتایبەتی بۆ هونەرمەندی کورد دروشمێکی سەداسەد هەڵە و نادروستە. ئەڵبەتە

نەگبەتی ئەم چینە لەڕاستیدا نەگبەتییەکی شاراوەیە و ئەگەر لە سۆنگەی دژایەتیکردنی داگیرکارییەوە لێی نەڕوانین زیانێکی ئەوتۆ بە گۆرانی کوردی ناگەیێنێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بەرهەمەکانیان لانیکەم سەبارەت بە گەورەترین گرفتاری کورد، واتە دۆخی داگیربوون پەیامێکی ئەوتۆیان پێ نییە و تەنیا و تەنیا دەکرێ وەک سامانێکی فەرهەنگی ڕەها و پەتی چاویان لێ بکرێ.

بێگومان کاتێ باسی گۆرانی کوردی دەکەین نابێ لایەنە گەورەکە، یانی لایەنی گوێگر لە بەرچاو نەگرین و باسی نەکەین. گوێگری کورد و مرۆڤی کورد بەگشتی خاوەن سایکۆلۆژییەتێکی تۆخی زارەکیبوونە. ئەم ڕۆحە لە لایەک هێندە گوێ دەگرێ بیر ناکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ناخیدا حەزێکی گەورەی کاوێژکردن و دوبارەکردنەوەی تێدایە. ئەوەی کە من تێبینیم کردبێ و سەرنجم دابێ، تاکی کورد چەندە شەیدای گۆرانییە، بە هەمان ڕادەش گوێگرتنەکەی تەنیا گوێگرتنێکی توێژاڵییە لە جۆری ڕابواردنێکی پەتی. لەڕاستیدا زۆربەی ئێمە لە کاتی گوێگرتندا تەنیا لەگەڵ ڕیتم و نەوای گۆرانیدا دەکەوین و لەو کاتانەدا ئەوەی بیرکردنەوە و مانایە لەکن ئێمە ونە. با لە توێی میناکی بەردەستدا کە لە زۆر هاوشێوەی تریشدا سەرنجی ڕاکێشاوم مەبەستەکەم بگەیێنم. ئێمە وەختێ بۆ وێنە گوێ لە گۆرانییەک دەگرین کە بە دەسپێکی «دڵبەر دڵ ئەستانای جە من، شەرت ئی دڵ ئەستانی نیۆ ـ جەورش مەیەی، ڕەنجش مەکەر خۆ کافرستانی

نیۆ»[٣٩] زۆربەی هەرە زۆرمان لەوە زیاتر کە وەک دەروێشێکی مەسخکراو سەر بلەقێنین یان دەست بلەخشێنینەوە، هیچ شتێک لە جوانییەکانی جیهانی سەیدی و هۆنەی بەرزی ئەو تێناگەین. بەڵام کە گەیشتە شابەیتە فۆلکلۆرییەکە، ئێمە تەنانەت بەر لە گۆرانیبێژەکە دەست دەکەین بە خوێندنی «بەلەنجە گیان بەلەنجە، وەی هەموو گیانت بەلەنجە ـ بارەسێو باری کردووە وەی لە شارەکەی هەڵەبجە». ئەم ڕەوتە شێوازی سەرەکی گوێگرتنی زۆربەی هەرە زۆری ئێمەیە کە بریتییە لە گوێگرتنێکی ڕووت لە هەندی وشەی ڕووت و ساکار کە لەوانەیە تا سەر ئێسقان یاری بە هۆشی هەستیاریمان دەکا، بەڵام ناتوانی هۆشی هزریمان بە جۆرێ بجووڵێنێ کە لە ئاماژەکانی جیهانی پشتەوەی هەڵبەستی باڵای سەیدی تێبگەین. یان لە نموونەیەکی تردا بۆ وێنە گۆرانیبێژ دێڕەشێعرێکی بەرزی مەولەوی وەک «سەرئێڵ عەرزم هەن، لا بکەرەوە ـ خێڵخانەی دڵان ها لە بەرەوە»[٤٠] بە شێوازێ دەئاخنێتە نێو چەند دێڕێکی فۆلکلۆرەوە و تێیاندا ونی دەکا کە مەحاڵە گوێگر لەو جیهانە جوانەی کە مەولەوی لەم هەڵبەستەدا وێنای دەکا تەنانەت پارێکی بچووکیشی دەست کەوێ. مخابن میناکی لەم شێوازە هێندە زۆرن کە لە دەنگخۆشێکی ئاساییەوە بگرە تاکوو لووتکەکانی گۆرانی کوردی دەستێکیان لە ڕەوتەکەدا هەیە و دڵنیام هەر خوێنەرێ کە تۆزێ هۆگری گۆرانی کوردی بێ لێی دەگاتەوە و

٣٩سەیدی، دیوان، کۆکردنەوەی محەمەدئەمین کاردۆخی، ل. ٩٧

٤٠مەولەوی، دیوان، کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل. ٤٢٥

هەستی پێدەکا. بە هەرحاڵ ئەوەی کە ڕوونە پشکی گەورەی ئەم نەگبەتییە کە لە دانووستاندنێکی دوولایەنەی نارێکی نێوان گوێگر و هونەرمەندد‌ا دێتە ئاراوە، دەکەوێتە ئەستۆی گۆرانیبێژی کورد کە ئەدەبی باڵا و ئەدەبی فۆلکلۆری بە شێوازێکی ناجۆر تێکەڵ بە یەکتری دەکا لەحاڵێکدا کە ئەم دوو ڕەهەندە لە فەرهەنگ لە ڕووی پێگە و بەها و جیهانبینی و پەیامەوە زۆر لە یەکتری جیاوازن. لە ئەنجامدا ئەوەی کە دێتە ئاراوە گۆرانیبێژی کورد مرۆڤی کوردی شەیدای سەرەتاییبوون بە ئاراستەی هەرچی زیاتر هێشتنەوەی لە دۆخە سەرەتاییبەکەیدا ڕادەهێنێ و هانی دەدا. جیا لەمەش ئەمجۆرە تێکەڵکردن و شاردنەوەی ئەدەبی باڵایە لە سێبەری ئەدەبی فۆلکلۆردا زۆربەی کات ئەنجامەکەی دەبێتە دابەزاندنی ئەم ئەدەبە تا ئاستێکی سەرەتایی. ڕەنگە هەر ئەم نەگبەتییە بەشێ لەو هۆکارانە بێ کە گۆرانی کوردی هیچکات پەیامەکەی ناگات و زۆرێک لە خەڵک بەرەو گۆرانی گەلانی دەوروبەر ڕادەکێشرێن کە ئەوەش نەگبەتییەکی گەورەترە کە ئاسۆکەی بریتییە لە هەرچی زیاتر داگیربوونی هزر و هەستی مرۆڤی کورد.

سەرباری هەموو ئەوانەی کە باسم کردن مووزیک و گۆرانی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گیرۆدەی نەگبەتییەکی دیکەشە کە دەکرێ ناوی بنێین شێواندن یا بە لاڕێدا بردن. ئەگەر هەتا دوێنێ ژمارەیەک جاشی فەرهەنگی سامان و دەوڵەمەندی میلۆدی و گۆرانی کوردییان بۆ فەرهەنگە سەردەستەکان بە تالان دەبرد، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئاراستەکە تەواو گۆڕاوە و هەندێ کەس و تەنانەت هەندێ دەزگای فەرهەنگی گۆرانی و

مۆسیقای کوردی بە نادەوڵەمەند دەزانن و هەوڵ دەدەن مووزیکێکی پووچ و نامۆ لە ئەو سەردەستانەوە هاوردە بکەن و دەرخواردی کوردی بدەن. بە مانایەکی دیکە ئەگەر کورد هەتا دوێنێ لە ڕێگەی مۆسیقاوە ڕەسەنایەتی لێ دەدزرا، ئەمڕۆ ناڕەسەنایەتی بۆ هاوردە دەکرێ. بێگومان وەک چۆن ئەوەی دوێنێ بریتی بوو لە سڕینەوە و خاڵیکردنی کورد لە فەرهەنگ و شووناسی ڕەسەنی خۆی، ئەمەی ئەمڕۆش بریتییە لە ڕامالینی ئەم شووناسە لە ڕەچەڵەکی خۆی لە ڕێگەی چاندنی شێوازێک لە گۆرانییەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆحی کوردبوونەوە نییە. بەشێکی گەورەی ئەم نەگبەتییە لە لایەن زۆرینەی میدیای نانەتەوەیی یا ناپسپۆڕی کوردییەوە دێتە ئاراوە کە بەهۆی ڕووماڵ و بڵاوکردنی ڕۆژانەی دەنگی گۆرانیبێژانی فارس و تورک و عەرەب ڕاستەوخۆ زمان و فەرهەنگ و جیهانبینی ئەم گەلانە دەربازی ژیانی فەرهەنگی ئێمە دەکەن. بەشەکەی تریشی بەهۆی ئەو مۆسیقار و گۆرانیبێژە کوردانەوە دەربازی فەرهەنگی ئێمە دەکرێ کە لەڕێی لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی هونەرمەندانی ئەو گەلانەوە لەڕاستیدا کۆپییەکی ناشیرین لە فەرهەنگی ئەوان کە لە ناخی خۆیاندا دژی فەرهەنگی ئێمەن، هاوردە دەکەن. من لە دیدی خۆمەوە لەوانەیە بە ڕێژەیەک لە چاوپۆشیکردن بتوانم بەشێ لەم چەوتییەی میدیای کوردی بە ناشارەزایی و ناپسپۆڕی ئەوان پاساو بدەمەوە، بەڵام بێگومان جگە لە خۆ ونکردن و پشت لە نەریتی دایک کردن و توانەوە لە فەرهەنگی داگیرکەراندا ناتوانم هیچ پاساوێکی دیکە بۆ چەوتی ئەو هونەرمەندانەی کورد بدۆزمەوە. ئەڵبەتە دڵنیام کە لە کۆتاییدا هەر دوو ڕەوتەکە ڕێژەیەکی زۆر لە نانیشتمانپەروەری و نانەتەویبوونی پێوە دیارە. بە دیوێکی دیکەدا

ئەگەر دۆخەکە لە ئاستی بەشەکانی کوردستان بەراورد بکەین، دەکرێ بە پاساوی سەردەستی سیستەمی پەروەردە و ستەمکاری دەوڵەتانی داگیرکەر لە پارچەکانی دیکە تۆزێک لە ئاساییبون لەم ڕەوتەدا بەدی بکەین، بەڵام هەبوونی هەمان دۆخ تەنانەت بە ڕەنگێکی تۆختر و پێداگرتر لەنێو میدیا و هونەرمەندانی باشووردا ئاماژەیەکی گەورەیە بەوەی کە ئەم نارێکییە لەڕاستیدا جۆرێکە لە خۆکوژییەکی فەرهەنگی. خۆکۆژی فەرهەنگیی کە دژمنان سەد ساڵە ڕاستەوخۆ هێرشی دەکەنە سەر و پێی نەوێراون، بەڵام ئەمڕۆ بەدەست ڕۆڵەکانی خۆیەوە خەریکی خنکاندنە. هەر کەسێکی ئاساییش بە ئاسانی دەتوانێ لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە بگرە هەتا ناو تاکسی و ئوتۆمبێل و دووکانەکان، لە هەموو جۆمگە و ڕووبەرەکانی کۆمەڵگەی باشووردا ڕوخسارێکی قیزەون لەم خۆکوژییە بە چاوی خۆی ببینێ. ئەڵبەتە بێگومان تاوانی هەرە گەورەی ئەم خۆکوژییە فەرهەنگییەی باشوور ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەو بەشە. چۆنکە لە بەشی تایبەت بە دەوڵەتدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم لێرەدا تەنیا وەک ئاماژە قسەیەکی فاروق ڕەفیق دێنمەوە کە گۆشەیەکی ئەم تاوانە بەم شێوازە وێنا دەکات: «بۆ نموونە لە بواری مۆسیقادا لێپرسراوانی حکوومی و حزبی کۆمەکی ئەو کەسانە دەکەن کە سەرقاڵی شێواندنی میزاجی کوردەوارین. مۆرانەکانی مۆسیقا، ئەو کەسانەی کە ئاوازی دنیا نەما نەیدزن و بە شێواوی و ناهونەرییانە نەیدەنە بەرگوێی ئەو نەوە سەرگەردانە»[٤١]. بە هەرحاڵ نارێکی گەورەی

---

٤١فاروق ڕەفیق، یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، ل. ٧٢

ئەم ڕێبازە ترسناكە و وێرانگەری ئەم نەگبەتییە شوومە لەمەدایە كە زۆر جار بە هەندێ كاوێژی خەڵەتێنەری وەک نوێگەرایی، جیهانیبوونی فەرهەنگ یان بێسنووربوونی مووزیک و... هتد كە هەمووشیان لە نەخوێندەواری و لە تێگەیشتنێكی هەڵە لەم چەمكانەوە دێن، پاساو دەدرێنەوە.

لە كۆتاییدا سەرەڕای ئەو هەموو تاڵانییەی كە لە گۆرانی كوردی كراوە و دەكرێ، ئەو خوێندنەوە ناتەواوەی كە لە فۆلكلۆری كوردی هێشتا لە ئارادایە، ئەو تەوژمە بەناو نوێگەراییە چەواشەیەی كە وە گیانی مۆسیقای كوردی كەوتووە و ئەو لێشاوە بەناو گۆرانیبێژەی كە لە هەناویدا سەر دەردێنن و... هتد، من پێم وایە كە ئەم بوارە لە فەرهەنگی كوردی هێشتا هێمایەكی گەورە و پڕڕەنگی كوردبوونە و هێندە دەوڵەمەندە و هێندە لووتكەی بەرزی تێدایە و هێندە ڕەسەنایەتی لە خۆیدا پاراستووە كە نەتەنیا دەتوانێ نەگبەتییەكانی خۆی سارێژ بكاتەوە، بەڵكوو دەتوانێ بە پشتوانەی ئەمەی كە كورد هێشتا ژیانێكی زارەكی دەژی و لەگەڵ خوێندنەوەدا مەودایەكی زۆری لە نێواندایە، هاوتەریب هەم لە بواری فەرهەنگ و هەمیش لە بواری شۆڕشگێڕی دژ بە داگیركاریدا ڕۆڵێكی پیرۆز بگێڕێ. بە مەرجێ واتا و پێناسەی خۆی لە ڕەنگدانەوەیەكی ڕووت و وێنایەكی پەتی لە ژیان بگۆڕێ بۆ ئامرازێكی بەهێزی گۆڕین و ئاراستەكردنی ژیانی جڤاكی. وەک میناک واتای فۆلكلۆر لە بانگەشەی ژیانێكی سەرەتایی و مانەوە لە ڕابردوو بگۆڕێتەوە بە بانگەوازی شێوازێكی نوێتری ئاراستەكەر لە نەریت و فەرهەنگ. هەر وەها بتوانێ

لەژێر هەژموونی دوو دەزگای زۆر بەباندۆر دەربچێ. یەکەم لەجیاتی ئەوەی بکەوێتە خزمەت حزبی کوردییەوە، بەتایبەت حزبە سەرەتاییەکان، دەبێ ببێتە هاوکار و هاندەری گوتاری ڕزگاریخوازانە و ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازی کوردی. دووەم لەباتی ئەوەی بکرێتە کەرستەی پڕکردنەوەی بەرنامەکانی میدیای ناپسپۆڕ و ناشارەزا و بەتایبەت ئەوانەی باشوور، دەبێ وەک یەکێ لە بوارە هەرە پێشەنگەکانی فەرهەنگ سەرکێشی ناسیۆنالیزمێکی فەرهەنگی بکا.

## دەوڵەت

**«لە کتێبی "بەدگۆڕان"دا کافکا بەسەرهاتی کوڕێکی گەنج دەگێڕێتەوە کە ناوی "گریگۆری سامسا"یە. ئەم کوڕە کەسێکی ئیشکەرە و دابینکردنی ژیانی باوکێکی پیر و دایکێکی نەخۆش و خۆشکێکی لە خۆی مناڵتری کەوتووەتە سەرشان. بەبێ نارەزایی دەربڕینێکی بەرچاو ژیانی خۆی و ئەوانیش دابین دەکات و ئەوەی پەیدای دەکات بۆ هەمووانی سەرف دەکات. بەڵام بەیانییەک گریگۆری سامسا کاتێک لە خەو هەڵدەستێ و دەیەوێت بۆ سەر کارەکەی بڕوات، تەماشا دەکا بووە بە دەعبا، بووە بە قالۆنچەیەکی گەورە و لەوە کەوتووە مرۆڤ بێت. گریگۆری سامسا گۆڕاوە**

بۆ دەعەجان. بۆیە نە خۆی ڕووی دێت بچێتە دەرەوە و نە خێزانەکەشی دەهێڵن بڕوات، نە دەشتوانێت هیچ کارێک ئەنجام بدات. بۆیە بۆ چەندان ڕۆژ لە ژووروکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و دەبێت بە ئەرک بەسەر خێزانەکەیەوە. گریگۆری سامسا ناتوانێت ببێتەوە بە مرۆڤ و وەک دەعبایەکی پەککەوتە دەمێنێتەوە، بەڵام لە شانسی خۆی و لە شانسی خێزانەکەیدا دوای ماوەیەکی کەم وەک دەعبایەکی گەورە لە ژوورەکەی خۆیدا دەمرێت و کۆتایی بە کارەساتەکانی خۆی و دەورەبەروکەی دەهێنێت»[٤٢].

ئەم دێڕانەی سەرەوە گێڕانەوەی مەریوان وریا قانعە لە ڕۆمانێکی کافکا لە گوتارێکدا بە سەردێڕی "دەعەجانبوونی ئەزموونی حوکمڕانی کوردی، دۆخی کافکاییيانەی کوردستان". ئەڵبەتە مەبەستی مەریوان لە کوردستان لەم گوتارەدا باشووری کوردستانە کە بەداخەوە وێنایە لە تێگەیشتنێکی بەرتەسک سەبارەت بە نەتەوە و گوزارەیە لە تێڕوانینێکی پارچەگەرایانەی تۆخ کە نەتەنیا لەنێو چینی سیاسی و نوخبەی ڕۆشنبیریدا، بەڵکوو لە تەواوی جڤاتی باشووردا باو و باڵادەستە و هیوادارم لە دەرفەتێکدا بتوانم بە تێروتەسەلی لە سەر ئەم گوتارە باڵادەستەی خەڵکی باشوور بوەستم و تیشکی بخەمە سەر. بە هەرحاڵ مەریوان بە دوای ئەم گێڕانەوەیەدا وێنایەکی تر لە دۆخێکی بە تەعبیری خۆی کافکایی بەم شێوەیە دەخاتە بەرچاو: «لە زۆر ڕووەوە بەسەرهاتی دەسەڵاتدارێتی کوردی لە

٤٢مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، ل. ٣٩٧

بەسەرهاتی گریگۆری سامسای ناو ڕۆمانەکەی کافکا دەچێت. وەک چۆن گریگۆری سامسا بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت و دەبینێت بووە بە دەعبا، بە هەمان شێوە ساڵانێکە کۆمەڵگای ئێمە لە خەو هەستاوە و دەبینێت هێزە باڵادەستەکانی ناو سیاسەتی کوردی بوون بە دەعبا، بوون بە دەعەجانێکی گەورە، بە هێزێک هەموو مانا ئینسانی و ئەخلاقی و دیموکراسییەکانی سیاسەتیان لەدەست داوە. بوونەتە بە بار و بە ئەرک و بە سەرچاوەیەکی گەورەی مەترسی بۆ کۆمەڵگای ئێمە و بۆ خودی خۆیان و بۆ ئەو ژینگەیەی تیایدا ئامادەن»[٤٣].

ئەم دەسەڵاتەی باشوور کە مەریوان لەم وێناکردنەدا بە دەعبا دەیشوبهێنێ و لەگەڵ دەعەجان بەراوردی دەکا و ئەمڕۆ هۆکاری یەکەم و سەرەکی دروستبوونی جۆرێکی دەگمەنی جیهانی کافکاییە لە باشووری کوردستان، لەڕاستیدا نموونەیەکی بچووکترە لەو دەوڵەتە پیرۆزەی کە لانیکەم سەد ساڵە کورد بە دوایدا وێڵە و خەونی پێوە دەبینێ. ئەمە ڕاستییەکە کە کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی لە هێمای هەرجۆرە تەڤگەر و بزاڤێکدا تێکۆشابێ و هەرجۆرە دروشم و ڕێبازێکی هەڵگرتبێ، سەربەخۆیی هەمیشە گۆشەیەکی تایبەت و پیرۆز بووە لە ئاسۆی تێڕوانین و تێکۆشان و ئاواتەکانی. ئەڵبەتە ئەم چەمک و ئاواتە پیرۆزە لە لای کورد تا ئەو ڕادەیە بە دەوڵەتەوە وەک بەهێزترین و دیارترین هێمای سەربەخۆیی گرێ دراوە

---

٤٣سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٩٨

که به شێوەیەکی ئاڵایە ڕەها هەمیشە وێنا و پێناسەی خۆی لەم بوونەوەرەدا دۆزیوەتەوە. بە مانایەکی دی نزیکی سەد ساڵە کورد هەمیشە پێی وا بووە کە تەنیا و تەنیا دەوڵەتە کە دەتوانێ هەبوونی مسۆگەر بکات و هەر بۆیە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە بە شوێن دەوڵەتدا وێڵ بووە و لەپێناویدا تیکۆشاوە و قوربانی داوە و تا ئێستا ئەم ئاواتە بە ناکامی ماوەتەوە، تا سەرئەنجام لە هەلێکی دیرۆکیدا نزیکترین مۆدێلی دەوڵەتی کلاسیک لە باشووری کوردستان هاتە ئاراوە. بەڵام بەداخەوە وەک هەموو ئاماژە و گەواهەکان تا ئێستا دەریدەخەن ئەم "دەوڵەتۆکە"یە نەتەنیا نەیتوانیوە ببێتە وێنایەکی ڕێکوپێک و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئاواتە دێرینە پیرۆزەکەی کورد وەک نەتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بووەتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم دروستکردنیدا و لەمە زیاتریش تەنانەت بە ئاستێکی نزیک لە ڕاسکانی هەم بووەتە دەعەجانێکی ترسناک بۆ سەر کیان و هەبوونی باشوور و هەم دێوەزمەیەکی ترسناکیشە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. من لێرەدا دەستەواژەی "دەوڵەتۆکە" بە مانای دەوڵەتی بچووک لە ڕووی قەوارە و هەیکەل و سەرمایە و هێزەوە بەکار ناهێنم، بەڵکوو وەک لە درێژەی قسەکانمدا دەردەکەوێ مەبەستم بچووک بوونیەتی لە ڕووی ناوەڕۆک و کەسایەتی و هەڵسوکەوت و پسپۆڕییەوە. ئەم دەوڵەتۆکە هەر لە چرکەساتی دروستبوونەوە تا ئەم ساتەوەختەش بەردەوام خەریکە زۆرێک لە بنەماکانی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو دەبا.

جارێ با لە گۆشەنیگایەکی باشوورییانەوە سەیری وێنای ئەم دێوەزمە پیرۆزە بکەین تا بزانین تاکوو ئێستا سەبارەت بە ڕەگەزەکانی نەتەوەبوون چی پێیە و چی کردووە. لە بواری ئابۆریدا لە مەودای نێوان تاڵانکردن و ئەودیوکردنی ماشین و ئالاڤە قورسەکانی وەک ئالاڤەکانی دروستکردنی ڕێگاوبان کە لە هەموو وڵات و دەوڵەتێکدا وەک سامانی نەتەوەیی چاویان لێ دەکرێ، تا گرێبەستە شاراوەکانی ئەمڕۆی نەوت لەگەڵ داگیرکەراندا تەنانەت یەک ئاماژەی ئابۆرییەکی نەتەوەیی بەدی ناکرێ. ئەم مەودایە پڕاوپڕە لە وێرانکردنی هەموو ڕەگەزە ئابۆرییەکانی نەتەوەبوون. ئەم دەوڵەتە لە ڕێگەی دروستکردنی کۆلۆنییەک لە مووچەخۆرانی حزبی و خێزانی و خێڵی توانیویەتی مرۆڤی باشووری لە ئاوەزی "کارکردن" وەک یەکێ لە جەوهەرە سروشتییەکانی مرۆڤ خاڵی بکا و بیکا بە بوونەوەرێکی بەرخۆریماڵیکراو کە چاوەڕێ و چاوەڕوانی دەستی دەسەڵاتە بایی ژیانێکی بژی و نەمر خێرێکی پێ بکات. لە ئەنجامدا ئەوەی ڕوویداوە بریتییە چۆڵکردنی ئەو دێهاتانەی کە داگیرکەری عێراقی بە دەیان ساڵ پێی نەکرا چۆڵیان بکات. وەک ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەیبینین بەرهاتی ئەم چۆڵکردنە و هاوتەریب هاوردەکردنی بە لێشاوی بەرهەمی خۆراکی لە دەرەوە و ڕاکێشکردنی خەڵکەکە بۆ ناو شارەکان بووەتە هۆی لەناوچوونی کشتوکاڵ لەم پارچەیەدا. کشتوکاڵی کە بۆ چەندین هەزار ساڵە لە ڕووی ئابۆری و فەرهەنگییەوە بڕبڕەی پشتی کیانی نەتەوەیی کورد بووە. ئەم شێوازە دەگمەنە لە سیاسەتی ئابۆری لەم بەشەی کوردستاندا ئابۆرییەکی بەرهەم هێناوە لەسەر بنەمای بەرخۆریزم و تاڵانی بەکۆمەڵ. لە سەرێکی ئەم ئابۆرییەدا دەوڵەتێ لە

سیمای دوو بنەماڵە و دوو حزبی قۆرخکاردا دانیشتووە کە تەنیا بە ڕەوایەتی و لە پاداشتی ڕۆژەکانی شاخدا وەک شاهەنگێ خۆی بە خاوەنی کۆلۆنی بزانێ هەموو جۆمگەکانی ئابۆری لەسەر خۆی تاپۆ کردووە و ئەگەرچی خەریکە ئەم لاشەیە بێکەسخۆر دەکا، بەڵام وەک دیارە تەنیاخۆری ناکا و بەشی داگیرکەرانیشی لێ دەدات. ئەم چینە بەڕاستی لەوە دەرچووە کە وەک بەشێکی ناڕێکی کۆمەڵگا چاوی لێ بکرێ تا هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدرێ، بەڵکوو دەبێ وەک جۆرێکی نوێ لە داگیرکەری پێناسە بکرێ و هەوڵی دەرکردنی بدرێ. لە سەرێکی تری ئەم لاشەیە چینێک دانیشتوون کە من وەک لامژی چینی یەکەم پێناسەیان دەکەم و لەڕاستیدا بەرخۆری قورگێنەی بۆگەنی چینی یەکەمن. ئەم توێژە کە بریتین لە لیوا تایبەتەکانی ئەندامانی دەستەی یەکەم، فەرمانبەرانی حزب، خانەنشینکراوەکانی بندیوار و... هتد، ڕۆڵی مژۆک یان زالوو دەگێڕن و فێری مفتخۆری کراون تەنیا بە مەرجێ نیشان بدەن ئەندامی یەکێ لە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەن. چینی یەکەم وەک چۆن بە تەواوەتی خۆی لە ویژدانی نەتەوایەتی شۆردووەتەوە، بە هەمان شێوە چینی دووەمیشی لە ویژدانی کۆمەڵایەتی خاڵی کردووە. دەستەی سێیەمیش زۆرینەیەکی مووچەخۆرە کە بەناوی خاوەن شەهید و تاقانەی ئەنفال و شەهیدی سەنگەر و بەرکەوتەی کیمیاوی و... هتد کە لەوپەڕی بێڕێزیدا مانگانەیان دەدرێتێ. ئەم چینەش لەوپەڕی دەستەوەستانیدا لە لایەن چینی یەکەمەوە و بە هاودەستی لەگەڵ چینی دووەم کەرامەتی مرۆییبیان بە بارمتە گیراوە و بۆ دەباری ژیانێکی بژی و نەمر ناچارن ڕۆژانە ژمارەی

ئەنفالکراوەکان و ژمارەی شەهیدەکان و ژمارەی پارچە بڕاوەکانی لەشی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدا مامەڵە بکەن...

لە ڕووی فەرهەنگییەوە باشوور ئەگەر جاران لەژێر تەوژمی زۆرەملێی فەرهەنگی عەرەبیدا بوو، ئەمڕۆ بە جۆرێ خۆویستانە باوەشی ئاوەڵا کردووە بۆ فەرهەنگی فارسی و تورکیش کە لەڕاستیدا نە وەک کیانێکی فەرهەنگی سەربەخۆ و جیاواز، بەڵکوو زیاتر لە کۆلۆنییەکی فەرهەنگی هاوبەش دەچێ کە شوێنی تەراتێن و تەنانەت ڕکابەری نێوان فەرهەنگە داگیرکەرەکانی کوردستانە. ئەمڕۆ هەر لە شاشەی میدیاکانەوە بگرە تا شانۆی کۆنسێرتەکانی گۆرانی و تا ڕەفەی پێشانگاکانی پرتووک و تاکوو فستیڤاڵە فەرهەنگییەکان و... هتد، نەتەنیا هەموو جۆمگە فەرهەنگییەکانی باشوور بە ئاشکرا تاودان و ڕمبازی فەرهەنگی داگیرکەرانی پێوە دیارە، بەڵکوو تەواوی ئەم کیانە بووەتە جێجەنگەی شەڕی ئەم فەرهەنگانە و بەتایبەتی جەنگی فەرهەنگی نێوان فارس و تورک. جگە لەمەش لە ناوخۆدا لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی زۆر سەرەتایی بۆ چەمکی "زمانی فەرمی" هەموو زاراوەکانی دەرەوەی سۆرانی و کورمانجی بە ئاشکرا نەک پشتگوێ دەخرێن، بەڵکوو هەوڵی خنکاندن و تواندنەوەیان دەدرێ. ئەڵبەتە گرنگیدان بەم دوو شێوەزارەش گرنگیدانێکی تەواو ڕواڵەتییە و لە ناوەڕۆکدا بەتایبەت شێوەزاری سۆرانی بە وەها ڕەوتێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێ کە گومانی ئەمە دروست دەکات کە ئەم دۆخە نەتەنیا لێکەوتەی سیاسەتێکی هەڵە یا نەبوونی سیاسەتێکی زمانپارێزی نییە، بەڵکوو ئەنجامی بەرنامەیەکی داڕێژراوە بۆ شێواندنی

ئەم زمانە. کاتی خۆی هۆزانی گەورەی کورد عەبدۆڵا پەشێو لە کۆڕێکی شێعریدا ئەم دۆخە تۆقێنەرەی زمانی کورد لە باشوور بەم شێواز وێنا کردووە: «زمانی کوردی لە خەتەرێکی حەقیقیدایە ڕەنگە لەناو بچێ،... ئەم زمانە خەریکە کۆدەکانی خۆی ون دەکات،... زمانی کوردی لەدەست نەخوێندەواران خەریکە لەناو دەچێ،... هەرکەسە و ڕێنووسی خۆی هەیە، هەرکەسە و ڕێزمانی خۆی هەیە،...»[٤٤]. بێگومان ئەوەی پەشێو بناسێ و سەرنجی بارودۆخی زمانی کوردی لە باشوور دابێ، تێدەگا کە ئەم قسانە هەناسەی ڕەشبینی کەسێکی ناشارەزا نین، بەڵکوو لە هەناسەیەکی شارەزاوە دێنە دەر کە خۆی بە وردی ئاگای لە ڕاسەڵەی دۆخە نالەبارەکە هەیە. جگە لەمەش ئەم نالەبارییە هێندە زەق و تۆخە کە زۆربەی ڕۆشنبیران پێی هەساون و لێی بەئاگان. بێگومان زمان ڕۆحی فەرهەنگە و هەر زمانێ تووشی نارێکی و نەخۆشی ببێتەوە، نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە ڕاستەوخۆ لە بەشەکانی دیکەی ئەو فەرهەنگە باندۆر دەکا و بە ڕوخساریانەوە دیار دەکەوێ. هەر بۆیە فاروق ڕەفیق بە دروستی قسەکانی پەشێو لەبارەی زمانەوە دەگەشتێنێ بۆ بوارەکانی دیکەی فەرهەنگی کوردی لە باشوور و وێنە گەورەکەمان بە شێوازێکی تەواوتر بۆ دەکێشێتەوە. ئەو دەڵێ: «پاشەکشەیەکی ترسناک هەیە لە ئەدەبی کوردیدا. بە هەڵاواردنی چەند هەولێکی کەم، پاشەکشەیەک هەیە

٤٤پەشێو ئەم قسانەی لە کۆڕێکی شێعری ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر پێشکەش کردووە.

**لە هونەری مۆسیقا و شانۆ و سەما و هونەری شێوەکاریدا»[٤٥]. کە واتە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی باشوور نەک پارێزەری فەرهەنگی کوردی نەبووە و نییە، بەڵکوو نەگبەتییەکی گەورەشە کە وەک خوەرک کەوتووەتە گیانی ئەم فەرهەنگە و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر لێی دەخوا و هاوتەریب و هاوکاتی ئەمەش چڵکاوی فەرهەنگە سەردەستەکانی داگیرکەران لێژ دەکاتە ژێری تا هەرچی زیاتر بیگەنێنێ و شێوازێکی خۆویستانە لە ژینۆساید و قڕانی فەرهەنگی بێنێتە ئاراوە. ئاسۆی ئەم نەگبەتییە ئەگەر یەکسان نەبێ، بێگومان زۆر نزیکە لە لاوازبوون و تەنانەت لەناوچوونی فەرهەنگی کوردی وەک تۆپۆلۆژی مەعنەوی و یەکێ لە گرنگترین ڕەگەزەکانی کیانی نەتەوەی کورد لانیکەم لەم بەشەی کوردستاندا.**

**لە بواری سیاسیدا نەگبەتییەکانی دەوڵەتی باشوور زۆر زیاتر و زەقتر و لۆمەترە لە بوارەکانی دیکە. جارێ پێش هەموو شتێک نارێکی و ناتەواوی گەورەی ئەم دەوڵەتە بریتییە لە نەبوونی دەستوور. بێگومان دەستووری هەر وڵات و دەوڵەتێک هەم پەیمانێکی جڤاکییە کە کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو لە دەوری کۆ دەبێتەوە، هەم پەیمانێکی یاساییە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا و ڕەوایەتی ناوخۆیی بە دەوڵەت دەبەخشێ و هەم پەیمانێکی سیاسیشە کە لە هێمای دەوڵەتدا بە جۆگرافیای فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی دەبەخشێ. بە مانایەکی تر دەستوور هەوێنی بەرزکردنەوە و مسۆگەربوونی کیانی "جیۆگرافی و**

٤٥فاروق ڕەفیق، یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، ل. ٧٢

جڤاکی" دەڤەرێکە بۆ یەکەیەکی "یاسایی و سیاسی" لە ئاستی جیهانیدا. بەڵام وەک بە ئاشکرا دیارـ دەوڵەتی باشووری کوردستان تا ئەم ساتەوەختە خۆی بەربەستی هەرە گەورەی بەردەم دروستبوونی ئەم یاسایە و لە ئەنجامدا دروستبوونی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم دەڤەرەیە. ئەگەر لەمەش گەڕێین، نەگبەتی گەورەتر نەبوونی هێزێکی سەربازی نیشتمانییە کە هاوشان و ڕەنگە تەنانەت زیاتریش لە دەستوور گرنگترین و دیارترین هێمای دەوڵەت بێ. ئەگەر بێینە سەر هەیکەلی فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتە، لە هیچ کەسێ شاراوە نییە کە ئەم هەرێمە بە کردەوە دوو دەڤەری لەیەک جیاوازە کە تەنانەت لە دوو وڵاتی هاوسێش ناچن. بۆ ئەوەی ئەم دۆخی بێوێنە و ئاوارتەیەی "بە ڕواڵەت یەک هەرێم و بە ناوەڕۆک دوو دەڤەر"ـی باشوور بۆ خوێنەری ناشارەزا ڕۆشنتر وێنا بکەم ناچارم لە میناکێکی بەراوردیدا وێناکە بکێشم. لە هەر وڵاتێکدا دەکرێ تاوانبارێ بۆ هەڵاتن لە یاسا و سزادان ئەو وڵاتە بەجێبێڵێ بۆ وڵات و دەوڵەتێکی دیکە، کەچی لەم هەرێمەدا زۆرجار ڕوویداوە تاوانبار بۆ ڕزگابوون لە سزا لە دەڤەری زەرد بۆ دەڤەری سەوز یان بەپێچەوانەوە ڕایکردووە. کە واتە ئەم وڵاتە لانیکەم لە ڕووی یاساوە یەکەیەکی یەکگرتوو نییە. لەمە خراپتر، پێش هاتووە کە دەوڵەتی وڵاتێک مافی وڵاتیبوونی لە کەسانێ سەندووەتەوە و دەرسنووری کردوون بۆ وڵاتێکی دیکە، بەڵام لە باشوور دەبینین خەڵک لە هەرکام لە دەڤەرەکانی سەوز و زەرد بۆ ئەوەکەی دی دەرسنوور دەکرێن. ئەمە یانی ئەم دوو دەڤەرە وەک دوو وڵاتی جیا لەیەک لە یەکتری دەڕوانن. تەنانەت لەمەش خراپتر، لەم هەرێمە ڕوویداوە تاوانبار لە دەڤەرێکەوە هەڵهاتووە و لە لای ئەوەکەی

دی داڵدە دراوە و ڕادەستیش نەکراوەتەوە، ئەمە لەحاڵێکدا کە تەنانەت وڵاتانی دراوسێش لە گەڕاندنەوەی تاوانباران بۆ یەکتری لەگەڵ یەکتردا هاوکاری دەکەن، مەگەر دوو وڵاتەکە دژمنایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەبێ. ئەمجۆرە ڕەفتارە لە هەرێمدا پێمان دەڵێ کە دوو دەڤەری سەوز و زەرد نە وەک دوو دراوسێ، بەڵکوو تەنانەت وەک دوو وڵاتی دژمن لە یەکتر دەڕوانن و هەڵاتووەکانی یەکتریش وەک ئۆپۆزسیۆن و نەیاری بەرانبەرەکەیان دەبینن و بۆیە داڵدەیان دەدەن. ئەم ئاماژانە پێمان دەڵێن کە ئەم دەوڵەتە قەت یەکەیەکی فەرمانڕەوایی تۆکمە نییە تا بتوانێ هێمای یەکەیەکی جیۆپۆلیتیکی دروستکراو لە باشوور و لەوێشەوە بناخە و دینامۆی دروستکردنی یەکەیەکی کلاسیکی دەوڵەت و وڵات بێ لە کوردستانی گەورەدا.

ئەگەر بمانەوێ لە سۆنگەی ڕواڵەت و هەیکەلەوە بڕوانینە ئەم هەرێمە فەرمانڕەواییە، بێگومان هیچ نیشانەیەک لە بوونی فەرمانڕەوایی بە مانای کلاسیکی هەبوونی سێ دەسەڵاتی سەربەخۆی یاسادانان و دادوەری و بەڕێوەبەری بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە بریتییە لە کارتۆنێکی دەستکردی دوو بنەماڵە کە هەرکات و هەرچۆن ویستیان دەیجووڵێنن و یاری پێ دەکەن. ئەم دۆخە هێندە زەقە کە باسکردن لێی وەک ئەوە وایە کورد گوتەنی "مانگ دیار بێ و بە قامک ئاماژەی بۆ بکەین". بەڵام ئەوەی بۆ من لە جۆری خۆیدا ناوازە و دانسقەیە، نە خەساندنی دەسەڵاتە سێیانەکانی فەرمانڕەوایی، بەڵکوو هونەری بە لاڕێدا بردنی دەسەڵاتی چوارەمە لە لایەن ئەم دەسەڵاتەوە. ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی ئەو پارە و

سامانە تاپۆکراو و قۆرخکراوەی ژێردەستی خۆیەوە سوپایەک لە میدیاکاری ساختە و خراپی دروست کردووە کە هەموو جۆرە ڕەوایەتی و فەتوایەکی پێ دەبەخشێ، هەموو شێوازێ لە پاساوی بۆ دادەڕێژێ و لە کاتی پێویستدا بە هەموو شێوەیەک خۆڵ دەکاتە چاوی هەموو لایەکی جڤاکەوە. بەختیار عەلی بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز و پڕ لە تەشەر دۆخی نەگبەتی ئەم چینە بەم ڕستەیە وێنا دەکا: «لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسی خراپ بکە و جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاودا بیانخەرە سەر ئاگر و بیانکوڵێنە، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیار بیست و چواری وڵاتی ئێمەی لێ دەردەچێت»[٤٦]. دەوڵەتی باشوور هەر لە ڕێگەی ئەم سوپایەوە توانیویەتی سەدان میدیای سێبەر و وەهمی دروست بکا و نەتەنیا زۆربەی جۆمگەکانی دەسەڵاتی چوارەم قۆرخ بکا، بەڵکوو لە ڕێگەی زیادکردنی مینبەرە ساختەکانەوە تەواوی فەزای گشتی میدیا و زانیاری تووشی پاشاگەردانی و لە ئەنجامدا بێ متمانەیی و لەوە گرنگتریش تووشی بێ کاریگەری بکا. ڕۆمانی جەمشید خانی بەختیار عەلی زۆر بە دەقیقی وێنەی ڕاستەقینەی ئەم دۆخەمان پێشان دەدا، کاتێ دەگێڕێتەوە: «جەمشید خان لە ماڵپەڕەکاندا چەندین ناوی خەیاڵی هەبوو، لەناو نێتدا کۆمەڵێ وێنەی جیاواز جیاوازی بۆ خۆی دانابوو، لە هەندێ ماڵپەردا بە ناوێک دادەبەزیبە سەر نووسەرێک و بە خەیاڵی خۆی چی تۆمەتێک دزێو بایە بۆی دروست دەکرد، هەر خۆی و بە ناوێکی ترەوە

٤٦بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد، ل. ١٢٦

لە ماڵپەڕێکی دیدا بەرگرییەکی توندی لەو نووسەرە دەکرد و دەیگوت گەورەترین قەڵەمی ئەم سەردەمەنانە و دادەبەزییە سەر نووسەری پێشوو مە هەر خۆی بوو. لە ژوورەکانی چاتدا بە چەندین ناو و چەندین دەنگی جیاواز شەڕی دەنایەوە، شەوێک وەک دینییەک و شەوێک وەک چەپێکی توندڕەو و شەوێک وەک ناسیۆنالیستێکی کوردی توندڕەو قسەی دەکرد»[٤٧].

بەداخەوە بەرهەم و ئەنجامی ئەم نارێکی و نەگبەتییانە لە بواری جڤاکیدا بریتییە لە جڤاکێ کە تەنیا لە مانای "بەکۆمەڵبوون"دا دەکرێ بە جڤاک ناودێری بکەین و لەڕاستیدا لە مانا جڤاکناسییەکەیدا لە زۆر ڕەهەندەوە خاڵییە لە واتای جڤاک. من لێرەدا ناچمە ناو وردەکاری بەشە جیاجیاکانی ژیانی جڤاکی ئەم کۆمەڵگەیەوە و تەنیا وەک میناک باسی ڕەهەندی کوردبوون دەکەم. ئەو ڕەهەندەی کە گرنگترین ڕەهەندی ژیانی ئێمەی کوردە هەم لە واتای ئاسایی و سروشتی نەتەوەدا، هەم لە جێگەی گەلێکی داگیرکراودا و هەمیش لە سۆنگەی ململانێ لەگەڵ ئەم داگیربوونەدا لە ڕێگەی کوردبوونەوە. لەم بارەیەوە ئەوەی کە زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێ و نیگەرانم دەکا بریتییە لە بوونی خدەیەکی زیندووی خۆ دزینەوە و هەڵاتن و ڕاکردن لە کوردبوون. کوردبوونێ کە یەکەم جارە لەم دەڤەرەدا ئازادی بەدەستهێنانی دەست کەوتووە و دەرفەتی پرۆڤەکردنی لە ئارادایە. لەم نیشتمانەدا هەر لەو هونەرمەندە

---

٤٧سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٢٩

دڵشکاوەوە بگرە کە پێی وایە "کوردبوون" تاقە بەربەستی سەرکەوتن و ناوبانگییەتی و دەڵێ خۆزگە "کورد" نەبوومایە، هەتا ئەو گەنجەی کە دەڵێ لە "کوردستان" ژیانم ناخۆشە و هەر بۆیە بە نیشتمانی خۆمی نازانم و کۆچ دەکا، تاکوو ئەو شرۆڤەکارەی کە تەواوی نەهامەتییەکانی وڵات دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتی "کوردی"، هەتا ئەو بازرگانەی کە لە ڕێگەی بانگەشەی وەک "باشترین بەرهەمی تورکی" یان ناوی وەک "گوندی ئاڵمانی" و "گوندی لوبنانی" و... هتد ڕاستەوخۆ پێوەری ژیانێکی باڵا دەبەستێتەوە بە "ناکوردبوون"، تا ئەو پێشکەشکارەی کە بەردەوام مەراقیەتی میوانەکەی جگە لە "کوردی" چەند زمانی تر دەزانێ و جارێکیش ناپرسێ شارەزای چەند شێوەزاری دیمەی کوردیت، یان بێ پسانەوە تامەزرۆیە لە گەرووی هونەرمەندی کوردەوە گۆرانییەکی "فارسی یان تورکی" بکێشێتە دەرەوە، تاکوو پێشوازی شەیدایانە و کەموێنەی بەردەوامی خەڵک لە کتێبی "فارسی و تورکی و عەرەبی" لە پێشانگاکانی کتێبدا و... هتد، هەموو ئەمانە ئاماژەی پڕڕەنگی حاشاهەڵنەگرن لە وەڕەزبوون و خۆدزینەوە و ڕاکردنن لە "کوردبوون" لەم دەڤەرەدا. بۆیە من پێم وایە ئەوەی لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێ و سەرنجی کۆی بارودۆخەکەی دابێ، بە ئاسانی بەم ڕاستییە دەگات کە «ئەم وڵاتە وڵاتی بەفیرۆدانە. هەر لە بەفیڕۆدانی سەروەت و سامان و سەرچاوە

سروشتییەکانەوە تاکوو بەفیڕۆدانی نەک وزە و ئەنەڕژی و توانای مرۆڤەکان، بگرە بەفیڕۆدانی خودی مرۆڤ»[٤٨].

لێرەدا بۆ ئەوەی دەقیقتر ئەم دۆخە ناسروشتییەی پەشیمانبوونەوە لە کوردبوون لەسەر دەستی دەوڵەتی باشوور وێنا بکەم بە خەمبارییەکی زۆرەوە نموونەیەکی بەردەستی ئەم ڕۆژانە بۆ خوێنەر دەخەمە ڕوو. لە دەسپێکی ساڵی ٢٠٢٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "زارا محەمەدی" مامۆستای زمانی کوردی بە تاوانی فێرکردنی زمانی دایکی بە منداڵانی کورد پێنج ساڵ سزای زیندانی بە سەردا سەپێنرا. لەحاڵێکدا زۆرینەی ڕەهای کاردانەوەکانی سۆشیال میدیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لۆمەکردنی دەسەڵاتی سەردەست و پشتیوانی لە زارا و لە زمانی کوردی بوو، کەچی زۆربەی هەرە زۆری باشوورییەکان بەم شێوازە سەرسوڕهێنەرە باسیان لێوە دەکرد کە چەند نموونەیەکیان لێرە دێنمەوە: «ئەم دەسەڵاتەی باشوور وات لێ ئەکات قەت بیر لەوە نەکەیتەوە بە کوردیش قسە بکەی، چی بگات بە داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتداری. دادە گیان گوناهە لەبەر کوردی بێ غیرەت و خۆفرۆش کارێک بکەیت زیندان جێگەت بێت. چوار ڕۆژێکە لەبیری هەمووان دەچیتەوە ـ ئیشێکی گەمژانەی کردووە درۆی کوردایەتی و زمانی کوردی و ئەو شتانەی پەیوەندی بەناسیۆنالیزمەوە هەیە، ئەوە ناهێنێ خۆتی بۆ بخەیە زیندانەوە. ئەو وڵاتە ئازاد بکرێ زارا محەمەدی نان نابێ بیخوا و ئەوەی ئێستا لە کۆیە و هەولێر پاڵیان

٤٨سەرچاوەی پشوو، ل. ٢١

**لێداوەتەوە کام پارووە چەورە دەیخۆن، هەر ئەوانیش ڕەنجەکەی ئەو کچۆڵە دەچننەوە، کەواتە هەڵەی کردووە ـ بەڕاستی قوڕ بەسەر ئەو کوردەی لەپێناو کورد و کوردستاندا دەچێتە بەندیخانە. نازانم کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ لە ئێمەوە دەرس وەرناگرن ـ کە دەسەڵاتی کوردی دەبینین لە باشوور، دەبێت بپرسین ئایا کوردبوون و کوردایەتی ئەوە دەهێنێت زیندان و پەت و سێدارە هەڵبژێریت؟. بەداخەوە پێناچێت وەڵامێکی دروست بۆ ئەم پرسیارە و دەیان پرسیاری تر هەبێت ـ گوو بە کورد و کوردایەتی، ئاخر ئەمانە ئەکەی لە پێناو چی؟، بۆ ئەوەی چوار فازل میرانی و پێنج ئومێد خۆشناو و جەلال پەرێشان و ڕێواس و موئەنەس و فڵان و فڵان بەرهەمەکەی بخۆن و جرت بۆ تۆ لێ بەن؟... هتد»[49]. ئەم پاشگۆیانە و دەیان و سەدان پاشکۆی لایک و ئەرێکەری پاشەوەیان بە ئاشکرا بارودۆخی نالەباری مرۆڤی باشووری نیشان دەدات کە لە لایەک گەوجانە کوردبوونی سروشتی خۆی گرێداوە بە دەوڵەت و دەسەڵاتەوە و لە لایەکی ترەوە لە ڕقی ئەم دەوڵەتە خەریکە خۆی لە کوردبوون دەشواتەوە. ئەمە لەپاڵ ئەمەی کە گەورەترین گەوجێتی ئەم مرۆڤە نیشان دەدات کە گەیشتووەتە ئاستێک کورد گوتەنی ئامادەیە لە ڕقی هاوسێ مشتێ خوێ بخوا و ئامادەیە سروشتی خۆی بدۆڕێنێت، هەروەها گەورەترین ستەمی ئەم دەوڵەتەش دەخاتە ڕوو کە مرۆڤەکانی لە سروشتی خۆیان، واتە لە مرۆڤبوون و کوردبوون سڕیوەتەوە و خاڵی کردووە.**

---

٤٩ئەم کۆمێنت و پاشگۆیانە دەقاودەق لە فەسیبۆک وەرگیراون

ئەگەر بمەوێ قسەکانم کۆ بکەمەوە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ تەعبیرەکەی مەریوان و ئەویش، ئەمڕۆ دەوڵەتی باشوور بۆ کورد هیچ نییە جگە لە دەعبا ترسناکەکەی بنەماڵەکەی کافکا، بەڵام بە جیاوازییەکی جەوهەرییەوە. ئەگەر دەعباکەی کافکا لە ماڵەوە بێوەی دانیشتبێ و هیچ نارێکییەکی دیکەی نەبووبێ جگە لەوەی کە لە دەبار و دابینکردنی ژیانی بنەماڵەکەی کەوتبێ، ئەویش بەبێ خواستی خۆی، بەڵام ڕەفتاری دێوەزمەکەی باشوور لە جۆرێکی ترە. ئەگەر داگیرکەران لە بەشەکانی دیکە سامانی کورد بە زۆر دەبەن، لە باشوور بەناوی ئەم دەوڵەتەوە دوو بنەماڵە دەیبەن و بەشێکی زۆریشی لێ دەدەن بە داگیرکەران. ئەگەر لە بەشەکانی تر خەڵک لەژێر گوشاری داگیرکەراندا ناچاری کۆچ دەکرێن، ئەوە لە باشوور خەڵک زیاتر لە بەشەکانی دیکە و لە ئەنجامی سیاسەتی ئەم دەوڵەتەدا کۆچی بەکۆمەڵ دەکەن. ئەگەر لە پارچەکانی تر کورد بە زۆری سیستەمی پەروەردەی داگیرکەر ئاسیمیلە دەکرێن، لە باشوور خەڵک خۆویستانە و بە دەستەکی ئەم دەوڵەتە خەریکن ئاسیمیلە دەبن. ئەگەر لە پارچەکانی تر داگیرکەر بە قەدەخەکردن زمانی کوردی دەبەستێنەوە تا گەشە نەکا، دەوڵەتی باشوور ئەم زمانەی وێڵ کردووە تا لەسەری خۆی بە تەواوەتی سەری لێ بشێوێ. ئەگەر هەموو ئەمانەی کە بەسەر خودی باشوور دەیهێنێ لە لایەک دابنێین و وەک کوردی پارچەیەکی تر لەم دەسەڵاتە بڕوانین، هەر ئەمە بەسە کە بڵێین ئەم دەوڵەتە نەتەنیا وەک چاوەڕوان دەکرا نەبووەتە پاڵپشتی پارچەکانی دیکە، بەڵکوو زۆرێکیانی تا ئاستی خنکاندن خەساندووە، بە ئاشکرا دژی بزاڤی هەموو بەشەکان ڕاستەوخۆ هاوکاری داگیرکەران دەکا،

شۆڕشگێڕانی کوردی بەشەکانی تر ڕادەست دەکاتەوە، لە سێبەری دەسەڵاتی ئەودا تا ئێستا سەدان شۆڕشگێڕی کورد تیرۆر کراون، بەردەوام لە دووتوێی قسەی وەک "کورد و ئێران دۆستایەتی مێژوویی و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و ئێمە نامانەوێ ئەم بەرژەوەندی و مێژووە هاوبەشە تێک بچێ" و مەبەستیشی لە کورد تەنیا دەسەڵاتەکەی خۆیە، یان لێدوانی وەک "ئێمە ڕێگە نادەین خاکی کوردستان دژ بە تورکیا بەکار بهێنرێ" و دیسان مەبەستی لە کوردستان ئەو بستۆکە جوگرافیایەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، واتە بەشێک لە باشوورە، نکۆڵی و بێبەرپرسیارێتی خۆی لە بزاوتی پارچەکانی دیکە دووپات دەکاتەوە و... هتد. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە بمەوێ درێژەی پێ نەدەم و دۆخەکە لە ڕستەیەکدا کورت بکەمەوە، دەبێ بڵێم ئەگەر ئەم دۆخە درێژەی هەبێ و هەر بەم ڕەوتە بەردەوام بکا بێگومان نەتەوەیەک لە پەراسووی نەتەوەی کورددا سەرهەڵدەدا کە دوور نییە ڕۆژێک بە تەواوەتی حاشا لە نەتەوەی دایک لێ بکا و دژی بوەستێتەوە.

ئەڵبەتە لە کۆتاییدا بەپێچەوانەی ئەو هەناسەیەی کە بەداخەوە ئەمڕۆ لە باشووردا هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبێتەوە، من پێم وا نییە کە گوایە نارێکی و نەگبەتییەکانی ئەم دەوڵەتە ڕاستەوخۆ گرێدراو و ئەنجامی کوردبوونیەتی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێم وایە کە کورد زۆر زیاتر لە گەلانی دیکەی ناوچەکە و بەتایبەت زیاتر لە گەلانی داگیرکەر لە کراوەیی و دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک نزیکترە. باشترین بەڵگەشم ئەزموونی بەڕێوەبەری ڕۆژاوای کوردستانە کە وێڕای ناتەواوییەکانی،

بەشێکی زۆر لە نارێکییەکانی بەڕێوەبەری باشووری تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیە بە ڕای من ئەم ئەزموونەی ڕۆژاوا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی تێبگەین دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی گەرچی لە کەسایەتی دەوڵەتی باشووردا تا ئێستا نەگبەتی نواندووە، بەڵام بە دیوەکەی تریدا دەتوانێ ڕوویەکی جوانی تریشی هەبێ و هەر بۆیە نابێ مرۆڤی کورد لە ناخی خۆیدا دەستی لێ هەڵبگرێ، با ناوی دەوڵەتیشی لەسەر نەبێ، با تەنانەت ناویشی دەوڵەت بێ و دەوڵەتێکی نەگبەتیش بێ. ئەڵبەتە دەبێ لەم ڕاستییەش تێبگات کە دەوڵەتی باشوور، ڕۆژاوا یان هەر دەوڵەتێکی ناوچەیی دیکەی کوردی نە بە مانا ئۆرگانییەکەی و نە بە مانا نیشتمانییەکەی ناتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی ڕاستەقینەی کوردی و هەر بۆیە خەونی دەوڵەت پێویستە خەونی دەوڵەتێکی نیشتمانی و سیوانێکی سەرانسەری بێ بۆ گشت کوردستان. بە واتایەکی دی نابێ کورد بە تەواوەتی لە خەونی دروستکردنی دەوڵەت پاشگەز ببێتەوە و ڕاسەڵەی بارودۆخی باشوور نابێ قەت مرۆڤی کورد وا لێ بکا کە خەونی دەوڵەتی کوردی بە تەواوەتی لە ڕۆحی خۆیدا بکوژێنێتەوە و تەنانەت یەک چرکەش گڕۆی داگیرکەر بگرێتەوە. بەکورتی پێویستە کورد بەدەستهێنانی مافەکانی، لەپاڵ هەرجۆرە ڕێباز و ڕێکارێکدا هەمیشە بژاردەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە زیندوویی بهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر تەنیا لە خەونیشدا بێ.

## میدیا

**بێگومان میدیا لە هەردوو بوارە گرنگەکەی، واتە هەم لە بواری میدیای جڤاتی(ماس میدیا) و هەمیش لە بواری میدیای جڤاکی(سۆشیال میدیا)دا یەکێکە لە هەرە کاریگەرترین داهێنانەکان و بەباندۆرترین ئامرازەکانی مرۆڤ بۆ کارتێکردن لە بیروڕای کۆمەڵگە و تەنانەت کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان. وەک دەزانرێ ئەم ئامرازە لەپێشدا لە بوارە کلاسیکەکەی، واتە میدیای جڤاتی یان ماس میدیا(چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و... هتد) و ئەمڕۆش لە بوارە مۆدێڕنەکەی، واتە میدیای جڤاکی(تۆڕە جڤاکییەکانی ئینتەرنێت وەک فەیسبۆک، تەلەگرام، یۆتیۆب**

و... هتد) هەمیشە بەتوندی گرێدراوی دەوڵەت و دەسەڵات بووە. ئەم پەیوەندییەی نێوان میدیای جڤاتی و دەوڵەت بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتتریش لەم وڵاتانەی کە کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە هەتاکوو ئەم ساتەوەختەش زۆر زیاترە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمە و لەڕاستیدا میدیا هەر لە چاپەمەنی و ڕادیۆوە بگرە تا تۆڕە جڤاکییەکان هەمیشە وەک هێزێک لە هێزە قۆرخکراو و داردەستەکانی دەوڵەتەکان ڕۆڵی گێڕاوە و ئەگەر بە دەگمەن میدیایەکی نادەوڵەتیش هەبووبێ، ئەوە هەمیشە لەژێر توندترین چاودێری و گوشارەکانی دەوڵەتاندا بووە و ئەوانیش لە لایەن هەمان ئەو دەوڵەتانەوە ئاراستە کراون. لە ئەنجامدا میدیا بۆ کورد وەک گەلێکی بێ دەسەڵات و بێ دەوڵەت لەم ناوچەیەدا هەمیشە هێمای دەزگایەکی سەرکوتکەر و چەوسێنەر بووە تا ئامرازێکی خزمەتکار و یارمەتیدەر. سەرەڕای ئەمە و لە نەبوونی دەرفەت و دەسەڵاتێک بۆ گرتنە خزمەت و بەکارهێنانی جیهانی میدیا و هەروەها وێڕای هەموو کەموکۆڕی و ناتەواوییەکان کورد هەمیشە بەپێی توانا و دەرفەتی خۆی کەم تا زۆر توانیویەتی کەڵک لەم جیهانە وەربگرێ. من لەم بەشەدا هەر لە گۆشەنیگای چۆنێتی بەکارهێنان و مامەڵەکردنی خۆمان لەگەڵ میدیا و هەروەها کاریگەری و باندۆرەکانی میدیا لەسەر ئێمەی کورد باس لە هەردوو دیوە پیرۆز و نەگبەتەکەی ئەم جیهانە بۆ کورد دەکەم.

پێش هەموو شتێک نابێ باس لە میدیای کوردی بکەین بەبێ ئەوەی هەندێ لووتکەی پیرۆزی ئەم جیهانە بەتایبەت لە بواری فەرهەنگیدا کە

به ڕای من گرنگترین ڕەهەندی هەموو میدیایەکە، بەبیر نەهێنینەوە. هەندێ لە گرنگترین و بەباندۆرترینی ئەم لووتکانە بریتین لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، واتە ڕۆژنامەی کوردستان کە لەڕاستیدا جڵەوکێش و دەسپێکی سەرهەڵدانی میدیای کوردییە. ڕادیۆ بەغدا و ڕادیۆ کرماشان کە گەرچی داگیرکەران لە چوارچێوەی سیاسەتی داگیرکاری خۆیاندا دایانمەزراندبوون، بەڵام هەندێ هونەرمەندی دیاری کورد توانییان بیانکەن بە ناوەندی گەورەی گەشەدانی زمان و هونەری کوردی بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕادیۆ ئێریڤان کە لە سەردەمی خۆیدا پێچەوانەی سیاسەتی قڕکردنی کورد لە سۆڤیەتی پێشوو نەتەنیا توانی ڕۆحی کوردی لەم دەڤەرە بە زیندوویی بهێڵێتەوە و لە ڕووی فەرهەنگییەوە لە مردن ڕزگاری بکات، بەڵکوو توانیشی بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەم ڕۆحە بگەیێنێتە ناوچەکانی تری شێوەزاری کورمانجی. و لە کۆتاییشدا مەد تێڤێ کە بە گوتەی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد گەورەترین شۆڕش بووە لە میدیای کوردیدا و بە گوتەی پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور «مەد تێڤێ بە دووساڵ بە ئەندازەی سی چل ساڵ کاناڵی تەلەڤزیۆنی تر لە ئەورۆپا کاری کردووە»[٥٠].

لە دوای ئەمە ئەگەر لە وێنە گشتییەکەدا سەیری میدیای کوردی بکەین، ئەم بوونەوەرە هەر لە سەرەتاوە بوونەوەرێکە لە دوو ڕەهەندی دیاریکراوی جیاوازەوە تووشی نەخۆشی زگماکییە. یەکەم، وەک دەزانرێ

[٥٠] ئەم قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ دیمانەیەکی ڕۆژی شەمە ١٧ـی مەی ١٩٩٧ لەگەڵ بەرنامەی شانشین لە مەدتێڤێ.

کوردیش وەک گەلانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین تەکنۆلۆژی میدیای بە شێوەیەکی ڕووت و دوور لە پێشخوان و ئامانجە فەرهەنگی و فکرییە جەوهەرییەکانی هاوردە کردووە و لە ئەنجامدا هەتاکوو ئەم ساتەوەختەش نە وەک داهێنەرەکانی بە دروستی شارەزای بەکارهێنانیەتی و نە بە دروستی لە دەرفەتەکان و لێکەوتەکانی ئەم تەکنۆلۆژیایە بەئاگایە. بە مانایەکی تر میدیا بۆ کورد هەمیشە چەقۆیەکی بێ مشتک بووە کە ئەگەر هەندێ وەخت بە کاری هاتبێ زۆر جاریش دەستی خۆی پێ بڕیوە. دووەم، بە شێوەیەکی گشتی میدیا لە هەردوو ڕواڵەتە جڤاتی و جڤاکییەکەی خۆیدا جیهانی گوتە و وێنەیە و لە ڕێگەی گوزارەکردن و وێناکردنەوە لەسەر دوو هەستی سەرەکی بینین و بیستن خۆی پێشکەش دەکا و هەر ئەمەشە کە هێزێکی گەورەی داوەتێ تا بتوانێ بە کەیفی خۆی وێنا بکا، چەواشە بکا، بەرۆواژ بکا، بخەڵەتێنێ و... بەکورتی کورد گوتەنی بە گەزی خۆی پەیمانە بکا و بێگومان ئامرازێک بەم تایبەتمەندییەوە خۆراکی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتییە کە بە ڕێژەیەکی زۆر دوورە لە هەم ویژدانی جڤاکی و هەمیش بەرپرسیارەتی تاکەکەسی. جگە لەمەش کوردستانیشی تێدا هزری ڕۆژهەڵاتی ناوین لە هەردوو بواری گوتە و وێنەدا بە تۆخی دەلەنگێ و کەلێنی گەورەشی تیدایە. ئەم ناوچەیە لە لایەکەوە بە ڕادەیەکی زۆر دەڤەری شێعر، ڕەوایەت، حەدیس، ئایەت، پەندی پێشینان و بەکورتی دەنگۆ بێ بنەماکان و قسە پیرۆز و یەکلاکەرەکانە و بە دیوەکەی تریدا دانیشتووانی ئەم دەڤەرە کورد گوتەنی عەقڵیان لە چاویاندایە. بە مانایەک لە ماناکان لەم ناوچەیە پەیامەکان هیچ کاتێ خودی ڕاسکانی خۆیان نەژیاون و هەمیشە لە هزرێکی

ناتەندروستەوە گەڵاڵە کراون و بە ناتەندروستیش ئاراستە و گەیێنراونەتە چاو و گوێی هزری ناتەواوی ئەم دانیشتووانە. هەر بۆیە بەتایبەتی میدیای ئەم دەڤەرە لە هەموو بوارەکان و لە هەموو ڕواڵەتەکانیدا هەمیشە ئامرازێکی ناتەندروست بووە بۆ کارتێکردن و ئاراستەکردنی خەڵک و کوردیش هەمیشە هەم لە ناوخۆ و هەم لە لایەن دەرەوە پارێکی گەورەی ئەم نارێکییەی بەرکەوتووە.

ئەگەر ئەم دوو تایبەتمەندییە گشتییەی کە میدیای کورد وەک بەشێ لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی گیرۆدەیەتی وەلا بنێین، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم میدیایە هەتا ئەم ساتەوەختەش لە هەرکاتێک و لە هەر جۆرێکیدا لەدایک بووبێت، هەر لە سەرتاوە لەگەڵ لفانەیەکی نەگبەت و نەفرەتیدا لەدایک دەبێ و ئەویش ئەمەیە کە وەک بەشێ لە زمانحاڵی گەلێکی داگیرکراو بە ڕێژەیەکی زۆر ڕواڵەت و ناوەڕۆکی ئەم داگیربوونەی پێوە دیارە. بە گوتنێکی دی میدیای کوردی بەو مانایەی کە بیهەوێ گوزارە لە دەنگ و ڕەنگی کورد وەک خۆی بکا، ناچار وەک دەزگایەکی دژەداگیرکاری لەدایک دەبێ و وەک بوونەوەرێکی سیاسی سەر هەڵدەدا و چۆنکە زۆربەی بزاڤە دژەداگیرکارییەکان یان بە گوتنێکی دی بزاڤە سیاسییەکانی کورد لە پێناسەیەکی هەڵەدا هەمیشە جۆری داگیربوونی کوردستانیان وەک داگیربوونێکی فیزیکی پێناسە کردووە، لە ئەنجامدا ئالایە زۆربەی هەرە زۆری میدیای کوردی کە زادەی ئەم تەڤگەرانەیە تا ڕادەیەکی زۆر هەمیشە تاک ڕەهەند بووە و ئەگەر زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیانی کوردی وەک فەرهەنگ، زمان، هونەر، ژیانی کۆمەڵایەتی، زانست،

ڕۆشنبیری و... هتد بە تەواوەتی لەبیر نەکردبێ، بێگومان زۆر بە کرچوکاڵی پەرژاوەتە سەریان و ئاوڕی لێ داونەتەوە. بە دیوێکی تریشدا لە ئەنجامی ئەم ڕاستییەی کە بزاڤی سیاسی کوردی لەناو خۆیدا هەمیشە بریتی بووە لە کۆمەڵێکی پارچەکراو لە بزاوتی دژواز، پەرتەوازە و زۆر وەخت تەنانەت دژ بە یەکتری کە هەر لایەنە و بە تێڕوانینی خۆی داگیربوون پێناسە دەکا و بە ڕێکاری خۆشی دەیەوێ بەگژ ئەم داگیربوونەدا بچێتەوە، میدیای کوردی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە باشترین دۆخی خۆیدا هەمیشە و  دەزگایەکی پارچەکراو بووە کە تێیدا هەرکەسە و بە بای خۆی شەن دەکا و ئەڵبەتە هەموومان دەزانین کە زۆر جاریش لە دۆخە خراپەکەیدا مەکینەیەکی شەڕانگێزی خۆخۆر بووە و بە ڕای من بە درێژایی تەمەنی ئەمە یەکێکە لە نەگبەتییە هەرە گەورەکانی میدیای کوردی کە لە هیچ کەسێ شاراوە نییە. هەر بۆیە کاتێ دەڵێم لە میدیای کوردیدا هەرکەسە و بە بای خۆی شەن دەکا، تەنیا مەبەستم بوارە سیاسییەکە نییە کە هەموومان بە ئاشکرا لێی بەئاگاین، بەڵکوو زیاتر مەبەستم بەرجەستەکردنی بواری فەرهەنگی و جڤاکی میدیا و بەتایبەتیتر ئەو ڕەهەندەیە کە گرێدراوی زمانی کوردییە. بەڵام پێش باسکردن لەم ڕەهەندە تۆزێ وردتر دەگەڕێمە سەر ئەو قسەیەی پێشووترم کە گوتم میدیای کوردی دەزگایەکی خۆخۆر و پارچەکراو و پەرتەوازەیە.

ئەوەی ڕاستی بێ بەتایبەت پەیوەست بە سیاسەت و بزاوتی دژەداگیربوونی کوردستان نەگبەتی گەورەی میدیای کوردی بریتی نییە لە پارچەکراوی، بەڵکوو بریتییە لەمەی کە ئەم میدیایە بۆ خۆی

دەزگایەکی تا سەر ئێسقان پارچەکەرە. ئەمڕۆ لەنێو میدیای کوردیدا نیشانەکانی هەبوونی ڕەوتێکی ئاڵایە گشتگیر بۆ پارچەکردنی کۆمەڵگەی کوردی لانیکەم لە ڕووی سیاسییەوە بە ڕوونی و بە ڕووتی دەبینرێ و هەموو کەسێ دەتوانێ ئەم پارچەکردنە بە شێوەیەکی ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و ڕووپەلی ماڵپەڕەکان ببینێ. ئەم نارێکی و نەگبەتییەش زیاتر لەوەی کە لێکەوتەی فرەیی هێزە سیاسییە جیاوازەکان بێ کە زۆرجار دژبەری یەکتریشن، بەرهەمی ئەمەیە کە شێوازێکی کەم وێنە و بێ هاوتا لە ئاستی جیهاندا ئاڵایە زۆرینەی ڕەهای هێزە سیاسییەکانی کوردستان خاوەنی میدیای تایبەت بە خۆیانن کە لە ڕواڵەتدا وەک بڵندگۆیەک لەپێناو کورد و کوردستان دایانمەزراندووە و کەچی لە ناوەڕۆکدا وەک شانۆیەک بۆ پێشکەشکردنی حزب و سەرۆک و ئایدیا و درۆشمە تەسکەکانی خۆیان بەکاری دێنن. بۆ ڕاستی ئەم قسەیەم نموونەیەکی گشتی و نموونەیەکی تایبەت دێنمەوە. لە میناکە گشتییەکەدا، تا ئێستا لەنێو تۆڕە جڤاکییە کوردییەکانی ئینتەرنێتدا هەر لە بانگەوازی شەرمەزارکردنی لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕێکەوە بگرە تا داواکاری ڕۆژی زمانی دایکی، تا لۆمەکردنی داگیرکاری دەوڵەتێکی سەردەست، تا پشتیوانی لە کەیسی پەنابەرێک کە مەترسی گەڕاندنەوەی لە سەرە، تا داواکردنی ئازادی سەرکردەیەکی کورد و... هتد، سەدان بانگەوازی هاشتاگ لێدان و هەڵمەتی تویتەری ڕاگەیێنراون بەڵام تا ئەم ساتەوەختە لە تێکڕای هەموو ئەم هەڵمەتانەدا بەشداریکردن یا نەکردنی میدیای کوردی تەنیا لەو سۆنگەیەوە بووە کە چقاس پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە حزبەکەی خۆیەوە هەیە. ئەمە لەحاڵێکدا کە ئەم

بانگەوازی و هەڵمەتانە لە هەر بوار و مژارێکی جیاجیاشدا بووبن، گشتیان گرێدراوی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بوونە. میناکی تایبەتی ئەم نەگبەتییەش کە ئاماژەی پێ بکەم، لەم ڕۆژانەدا لە هێرشێکی دڕندانەی داعش لە چیای قەرەچۆخ سێ برای بنەماڵەیەک شەهید کران. دایکی جەرگبڕاوی ئەو شەهیدانە گوتی ئەو سێ کوڕەکەی دیکەشم دەکەم بە قوربانی سەرۆک بارزانی، بە مەرجێ تۆڵەی کوڕە شەهیدەکانم بۆ بکاتەوە. ئمجا لەم گۆماوی خوێنەدا میدیاکانی پەدەکە وەک ئەوەی خودا ڕۆژی لێیان کردبێتەوە لەپڕ دەرکەوتن و بە قرتاندنی بەشێ لە قسەکانی دایکە جەرگ سووتاوەکە کردیان بە ڕێکلام و هەرایەکی گەورە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەفسانەی سەرۆکەکەی خۆیان بە گوێی خەڵکیدا بدەنەوە و ئەو نەگبەتییەی لەم هەرایەدا بە ئەنقەست یان بە نەزانی لە لایەن بەشێکی گەورەی میدیای کوردییەوە هێنرایە ئاراوە بریتی بوو لە دوبارە قوربانیکردنی نیشتمانێکی لە خوێن گەوزاو لەپێناو تاکەکەسێکدا و هەروەها بریتی بوو لە ونکردن و شاردنەوە و گێلکردنی خەڵک لەوەی کە چۆن نەتەوە و نیشتمانەکەیان لەسەر دەستی تیرۆریستان و داگیرکەران ئەتک دەکرێ...

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پەیوەندی میدیا و فەرهەنگ و زمان، لەڕاستیدا من پێم وایە لە جیهانی ئەمڕۆی میدیا و بەتایبەت لەم سەردەمەی باڵادەستبوونی میدیای جڤاکیدا زۆرێک لە ئێمە چیتر تەنیا بەردەنگێکی خاو و پەتی نین کە یەکلایەنە پەیامەکان وەربگرین و لە ڕێگەیانەوە ئاراستە بکرێین، بەڵکوو ئێمەش ئیتر چەندە بچووکیش بین دیسان

بکەرێکین لەنێو ئەم جیهانەدا کە ناتوانین وەک ئەوەی لە دەرەوە چاوی لە گۆڕەپانەکەیە بە دروستی دۆخەکە بخوێنینەوە و هەست بە ئاڵۆزی و نەگبەتییەکانی بکەین و هەر لەبەر ئەمەشە کە هەرچی زیاتر بەرجەستەکردنی باندۆرەکانی میدیا لە بواری زماندا زۆر بە پێویست دەزانم. وەک دەزانرێ بە درێژایی مێژووی سەد ساڵەی داگیربوونی کوردستان لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانەوە تاکوو ئێستاش زمانی کوردی لە لای ئەم دەوڵەتانە هەمیشە هێمایەکی گەورەی گوزارەکردن لە هەبوونێ بووە کە ئەوان هەمیشە ویستوویانە لەناوی ببەن. لە لایەکی تریشەوە ئەم دەوڵەتانە ئەم زمانەیان وەک دەزگایەکی بەئاگاهێنانەوە لە داگیربوون چاو لێکردووە و هەروەها وەک پردێکی پەیوەندی نزیککردنەوەی کورد لە یەکتری و هێزێکی بەباندۆری کاڵکردنەوەی پارچەبوونی کوردستان لێیان ڕوانیوە. هەر بۆیە ئەم زمانە بەتایبەتی وەک نووسین و چاپەمەنی هەمیشە یەکێک بووە لە هێڵە هەرە سوورەکانی هەموو داگیرکەران و ئەوان هەموو کاتێ و بە هەموو شێوازێ لە بەردەم چاپەمەنی کوردیدا لەمپەر و بەربەستی گەورەیان دروست کردووە. لەم دۆخەدا میدیای کوردی لە هەردوو جۆرە جڤاتی(ماس میدیا) و جڤاکی(سۆشیال میدیا)یەکەیدا تاقە ئامراز بووە کە توانیویەتی تا ڕادەیەک دوور لە لەمپەر و سەرکوتی داگیرکەران سنوورە دەستکردەکان و سنوورە ناوخۆیییەکانی وەک جۆراوجۆری شێوەزارەکان تا ڕادەیەک ببڕێ و کاڵیان بکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە میدیای کوردی بەتایبەت لە نەبوونی پەروەردەیەکی گشتگیر و فەرمی بە زمانی کوردی هەمیشە وەک دەزگایەک بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەم زمانە ڕۆڵی گرنگ و پیرۆزی هەبووە. بەڵام مخابن هاوتەریبی ئەم ڕۆڵە

پیرۆزە ناچاریش بووە بە جۆرێ لە جۆرەکان هاوکات بە ڕێگایەکی نەگبەتیشدا هەنگاو هەڵبگرێ. وەک دەزانرێ یەکێ لە نەگبەتییە گشتییەکانی جڤاکی کوردی نامۆبوونی بەشێکی بەرچاوی ئەم جڤاکەیە بە زمانەکەی خۆی. ئەم نامۆبوونە هەم ئەوانە دەگرێتەوە کە بە تەواوەتی زمانی دایکیان دۆڕاندووە و هەم ئەوانەش کە وێڕای پاراستنی ڕواڵەتی زمانی دایک گیرۆدەی میدیای زمانە سەردەستەکانن. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئێستاش بەشێکی گەورەی کورد هۆگر و گیرۆدەی بی.بی.سی فارسی و ڤی.ئۆ.ئەی فارسین. لە ئەنجامدا میدیای کوردی بۆ گەیاندنی خۆی بە بەردەنگی کوردی نامۆ بە زمانی کوردی ناچارە بەشێکی بەرچاوی هێز و وزەی خۆی بخاتە خزمەت زمانە سەردەست و داگیرکەرەکانەوە کە بە بڕوای من ئەمە لە خۆیدا نەگبەتییەکی گەورەیە. ئەڵبەتە ئەگەرچی دەتوانم بڵێم ئەم میدیایە لە سەرەتاوە لە لایەن بەردەنگی گیرۆدە و ڕاهاتوو بە زمانی سەردەستەوە ڕاکێشی نەگبەتییەکە دەکرێ، بەڵام وەک ڕەوتی میدیای کوردی دریدەخات بەشێکی گەورەشی خۆویستانەیە و ئەم دەزگایە لەو نەگبەتییەی کە تێیدا گلاوە، دیسان بە جۆرێکی دیکە دەبێتە بەرهەمهێنەری نەگبەتی. من بەو پاساوەی کە لە سەرەوە باسم کرد، واتە نامۆبوونی مرۆڤی کورد بە زمانی دایک، لەوە تێدەگەم کە میدیای کوردی نووچە بە زمانی سەردەست بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەمە بە یەکێ لە نارێکی و نەگبەتییەکانی ئەم دەزگایە دەزانم کە دێت و لە دووتوێی هونەر و گۆرانی و دراما و فیلم و... هتددا دیسانەوە فەرهەنگی ئەوان دەرخواردی کۆمەڵگەی کوردی دەداتەوە. ئا لێرەدایە کە پیرۆزییەکەی ئەم دەزگایە لە بواری فەرهەنگیدا بە

نارێکییەکی گەورە بارگاوی دەکرێتەوە و لە ئەنجامدا دەگۆڕدرێ بۆ نەگبەتییەک کە تێیدا مرۆڤی کورد لە دوئالیتەیەکی بەردەوامی پیرۆزی و نەگبەتی هاوکات دەژی. جگە لەو بەرهەمە هاوردانەی فەرهەنگی داگیرکەران کە ئاماژەم پێدان، هێماکانی ئەم پیرۆزی و نەگبەتییە هاوتەریبە لە زۆر جاران بە سیمای ماس میدیای کوردی و لە سەرووی هەمووشیانەوە بە ڕوومەتی تەلەڤزیۆنی کوردییەوە بە ڕوونی دیار دەکەون. بۆ وێنە کاتێ زمانی کوردی بێ ترس لە داگیرکاری لەسەر تەلەڤزیۆن خۆی پێشکەش دەکا و سنوورەکانی نێوان کورد دەبڕێ، ڕێک لەو کاتەدا هەر لە دابەشکردنی دەستەواژەکان بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای حزبییەوە بگرە تاکوو داتاشینی ناشارەزایانەی وشەی سەیری وەک کاژێر، هەتا پەیڕەوکردنی ڕێنووس و ڕێزمانی خۆکردی نێو ژێرنووسەکانی شاشە و... هتد، میدیاکاری کورد ئەم پیرۆزییە بەرەو جۆرێک لە نەگبەتی دەبا کە بریتییە لە بێڕێزیکردن بەم زمان و فەرهەنگە. ڕەنگە هەندێ خوێنەری بەڕێز وا بیر بکەنەوە کە مەگەر چەندە گرنگە وشەیەک بە هەڵە بنووسرێ یان بە چەندین ڕێنووسی جیاواز بنووسرێتەوە، یان وشەیەک لەنێو زمانێکدا بزر بکرێ. بەرسڤی من بۆ ئەم تێڕوانینە ئەمەیە کە من لەو باوەڕەدام کە لە دۆخێکدا هیچ هێما و سەمبۆلێکی هاوبەش نییە کە بتوانێ جڤاکی دابەشکراو و پارچەکراوی کورد پێکەوە گرێ بداتەوە، زمانی کوردی گرنگترین تەونێکە کە دەتوانێ ئەم جەستەیە پێکەوە ببەستێتەوە و ببێتە هەوێنی یەکەمی گرێدانەوەی جڤاکی کوردی بە یەکەوە. هەر بۆیە من نەتەنیا پاراستن، بەڵکوو بەخێوکردنی ئەم زمانە بە پێویستییەکی زۆر گرنگ دەزانم کە بەداخەوە لە بەرچاو ناگیرێ. با لە درێژەی قسەکانی

پێشووم نموونەیەکی بەراوردی بێنمەوە تا باشتر بتوانین لەم ڕەوشە ناڵەبارەی ڕەهاکردنی زمانی کوردی لە لایەن میدیاوە تێبگەین. وەک دەزانرێت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی فەرهەنگستانێکی زمانی فارسی هەیە کە بەگوێرەی خۆیان یەکێ لە ئەرکەکانی داتاشین و داڕشتنی وشەی فارسییە. ڕێک لە ساتەوەختێ کە ئەم فەرهەنگستانە واژەیەک دادەتاشێ نەتەنیا تەواوی میدیاکانی ئەم دەسەڵاتە، بەڵکوو تەواوی میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت تەواوی میدیا بێگانەکانیش ڕەچاوی دەکەن و پەیڕەوی لێ دەکەن. ئەمە لەحاڵێکدا کە ئەم دەزگایانە هەم لە هێمای ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و هەم لە کەسایەتی میدیا بێگانەکاندا تا سەر ئێسقان وەک نەیاری ئەم دەوڵەتە دەردەکەون و لە هیچ بوار و مژارێکدا لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە هاودەنگ هاوئاراستە نین، کەچی بێ گرنگیدانە ئەوەی کێ لەپشت داڕشتنەوە و داتاشینیانە هەر هەموویان لەژێر چەتری وشەیەکی فارسیدا کۆ دەبنەوە. بەڵام بەداخەوە وەک لە سەرەوەش باسم کرد لە میدیای کوردیدا نەتەنیا دەزگا میدیاییەکان، بەڵکوو تاکەکانیش جیهانێکی زمانەوانی تایبەت بە خۆیان هەیە کە تێیدا بە گەزی خۆیان دەپێون. کاتێ ئێمە دەربازی میدیای جڤاکی دەبین، ئیتر لەو پەیوەندییە تاکلایەنەی میدیای جڤاتی دەردەچین و بەگوێرەی خۆمان لەم پاشاگەردانییەدا تەراتێن دەکەین و دەبینە بکەرێکی ناهۆشیار و ناشارەزای هاوبەش و هاوکاری ئەم بەنەگبەتکردنە. لەم ڕەوتەدا بەکارهێنەری میدیای جڤاکی لەجیاتی ئەمەی ڕاستییەکانی پێ خۆش بێ و ڕەچاو و پەیڕەویان بکا، ئەوەی کە خۆی پێی خۆش بێ بە ڕاستی دەزانێ و بەکاریان دێنێ. یەکێ لە گەواهەکانی ئەم قسەیەم تۆڕی

فەیسبۆکە کە ئەوەی ئالفابێ و ڕێنووسێکی تۆکمە و ڕێکوپێکی ئارامی بێ لەوێ بوونی هەر نییە و لەڕاستیدا ئەوەی کە لە ئارادایە وێڵبوونی کۆمەڵگایەکە لەنێوان زمانی دایک و زمانە سەردەستەکان و لە هەمان کاتدا لە ناوەڕاستی زمانە بێ ڕێنووس، بێ ڕێزمان و بێ یاساکەی خۆیدا. ئەم وێڵبوونە بەتایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیدا زۆر بە تۆخی و لەنێو ئەوانەی کە کورمانجی بە ئارامی دەنووسن بە ڕێژەیەکی کەمتر دەبینرێ. ئەم وێڵبوونە لەنێو زاراوەکانی تری وەک کەلهوڕی و هەورامیدا هاوکاتە لەگەڵ جۆرێک لە خنکان و پەلەقاژە کە ئەنجامی پشتگوێخستن و لەبیرکردنی ئەم شێوەزارانەیە لە لایەن میدیای کوردییەوە. شێوەزارەکانی زازاکی، کەلهوڕی و هەورامی لەڕاستیدا لە لایەن میدیای جڤاتی و بەتایبەت تەلەڤزیۆن و چاپەمەنییەوە تا ئاستی خنکاندن و لەناوچوون پەراوێز خراون. لە لایەکی تریشەوە لە میدیای جڤاکیدا ئەگەرچی تا ڕادەیەک لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە خەریکی هەناسەدانێکن بۆ هەستانەوە، بەڵام ئەم هەناسەدانە هەندێ جار دیسان بەرەو ئاقاری نارێک دەڕوات. بۆ وێنە یەکێ لەم نارێکییانە بریتییە لە داهێنانی چەندین تیپی سەیر و سەمەرە بۆ ئالفابێی هەورامی و کەلهوڕی لە لایەن کەسانێکەوە کە لەوانەیە کەمترین شارەزایییان لە ڕێنووس و لە ناخی ئەم شێوەزارانە نەبێ.

بێگومان کاتێ باس لە میدیای کوردی دەکەین دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە بەهۆی هەلومەرج و بارودۆخەوە بەشی هەرە گەورەی ئەم میدیایە لە باشووری کوردستانە و لەڕاستیدا باشوور ئەمڕۆ ناوەندی هەناسەدان و

**شوێنی چڕبوونەوەی میدیای کوردییە. لەبەر ئەمە کاتێ باس لە میدیای کوردی دەکەین پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت چاومان لەسەر میدیای باشوور بێ. هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم بەکورتی و بە شێوەیەکی تایبەت تیشک بخەمە سەر میدیای ئەم بەشە. لەڕاستیدا دەتوانم فەلسەفەی فەرمانڕەوا بەسەر ڕووبەری گشتی میدیای باشوور لەم شرۆڤەیەدا کورت بکەمەوە کە «دەسەڵات لە ئەمڕۆدا بەو ڕادەیەی جاران لەسەر بێدەنگکردنی دەنگە ڕەخنەیییەکان کار ناکات، بەڵکوو لەسەر ستراتیژیەتی بێنرخکردنی ئەو دەنگانە کار دەکات. واتە ئەم دەسەڵاتە لەوە تێگەیشتووە کە ناتوانێت قەڵەم و دەنگە ڕەخنەیییەکان بێدەنگ بکەن، بۆیە لە ستراتیژیەتی بێدەنگکردنەوە گواستوویانەتەوە بۆ ستراتیژیەتی بێنرخکردنی دەنگ»[٥١]. بێگومان وەک بە ئاسانی دەبینرێت ئەم بێنرخکردنەش لەسەر یەک بنەما و یەک پەیڕەو داڕێژراوە کە ئەویش بریتییە لە دروستکردنی لەشکرێکی زۆری میدیا و میدیاکار کە بە تەعبیرەکەی بەختیار عەلی کە لە بەشەکانی پێشدا ئاماژەم پێکرد، دەسەڵات بە تێکەڵکردنی چەند کەوچکێ لە ئەندامان و دەست و پێوەندەکانی خۆی بە نارێکی دروستی کردوون و بەکاریان دەهێنێ بۆ بێنرخکردنی میدیای ڕاستەقینە و چەواشەکردنی ڕەوتی ئاسایی میدیا لەم بەشە و لە ئەنجامدا لە تەواوی کوردستان. ئەگەر بمەوێ دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازی بێنرخکردنە بە کورت و پوختی وێنا بکەم، دەتوانم بڵێم ڕەوشی ئەمڕۆی میدیای باشوور کتومت لە دۆخی**

---

٥١مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، ل. ٧٤

کوێرەکانی شانۆنامەکەی مۆریس مەتەرلینگ دەچێ کە هەر بە ناوی "کوێرەکان"ـەوەیە. ئەم شانۆیە باسی چەند کوێرێک دەکات کە ڕۆژێ قەشەیەکی پیری ئەو کلیسایەی کە بەخێویان دەکات دەیانبا بۆ پیاسە و لە کاتی پیاسەکردندا لە گۆشەیەکدا دەمرێ و ئیتر کوێرەکان دەکەونە شرۆڤەی کوێرانەی بارودۆخێکی کوێرانەترەوە. بۆ ئەوەی توانیبێتم تۆزێ خوێنەر لە فەزای ئەو جیهانە پڕ لە چاوەڕوانی، دڵەڕاوکەیی، سەرگەردانی، نەزانی و شیمانەییبە بێ بنگەهەی کوێرەکان نزیک بکەمەوە تا بتوانێ باشتر لەگەڵ دۆخی میدیای باشووردا بەراوردی بکا، چەند دێڕێکی لێرەدا دێنمەوە.

«دووەم کوێر: ئێمە ئێستا لەبەر هەتاوداین؟. سێیەم کوێر: بۆچی هەتاو هێشتا ماوە؟. شەشەم کوێر: باوەڕ ناکەم، وا بزانم درەنگە. دووەم کوێر: ئاخۆ ساعەت چەند بێ؟. کوێرەکانی دی: نازانین، کەس نازانێ. دووەم کوێر: ئاخۆ دنیا هێشتا ڕووناکە؟... . شەشەم کوێر: وا بزانم زۆر تاریکە... . یەکەم کوێر: هەمیشە درەنگانێ برسیم دەبێ، ئێستا برسیمە. سێیەم کوێر: سەیری ئاسمان بکەن، لەوانەیە شتێک ببینن. شەشەم کوێر: من دڵنیا نیم ئێمە لەژێر ئاسماندا بین....»[٥٢]. لەڕاستیدا من لەو باوەڕەدام کە میدیای باشوور جگە لەوەی کە بە کوردی و ئەویش وەک پێشتر باسم کرد بە ناتەواوی خۆی پێشکەش دەکات، هیچ کاتێ و لە هیچ بوارێکدا نەیویستووە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەما ڕەسەنەکانی نەتەوەبوون

---

٥٢مۆریس مەتەرلینگ، کوێرەکان، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداخی، ل. ٣٢

ڕابێنێ و پەروەردەی بکات و ئەوەی هەمیشە لەم ڕووبەرەدا لە ئارادا بووە بریتی بووە لە دەمەلاسکێی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئاسایی بە جۆرێ کە تێیدا هەر دەزگایەک وێنەی یەکێ لە کوێرەکانی مەتەرلینگ بەگوێرەی ئەو جیهانە تاریکەی کە حزب و دەسەڵات بۆی دەستنیشان و دروستی کردووە، خەریکی وێناکردن، شرۆڤەکردن، ڕاهێنان، ئاراستەکردن و ئاگاکردنی جڤاکی کوردییە. ئەڵبەتە ئەم کوێرانە ژیانکردنەی میدیا تەنیا تایبەتی باشوور نییە و کەم تا زۆر لە میدیای پارچەکانی دیکەش بەدی دەکرێ، بەڵام بە جیاوازییەکی گرنگەوە کە ئەویش، بەرۆواژی میدیای باشوور کە لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتنە کوێرانەیەی کە باسم کرد پێی وایە قۆناخی ڕزگاریخوازی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە کەناری ئارام، میدیای پارچەکانی دیکە لانیکەم ڕواڵەتی دژەداگیرکاری بە سیمایانەوە دیارە و لەم ڕوویەوە تا ڕادەیەک ژیانێکی ڕاسکانیتر دەژین. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەشێ لە میدیاکانی باشوور لە زۆر بواردا هەم بە قسە و هەم بە کردەوە دەیانەوێ کورد و کوردستان تەنیا بۆ پێناسە و وێناکردنی باشوور بچەسپێنن و لەو بەشەکانی تری جیا بکەنەوە. ئاماژەکانی ئەم ڕەوتە هەر لە پێناسەکردنی ڕۆژانەی باشوور بە کوردستان و هەوڵی جێخستنی ئەم ناوە تەنیا بۆ باشوور بگرە تا وێناکردنی دەوڵەتانی داگیرکەر بە دۆستانی نزیک و لەمێژینەی ئەم کوردستانە بە هەڵە پێناسەکراوە، هەتاکوو دژایەتی و تیرۆریزەکردنی بزاڤی پارچەکانی تر ڕۆژانە بە ڕوومەت و ڕواڵەتی ئەم میدیایانەوە بە ئاسانی دیارن... .

لە کۆتاییدا من پێم وایە کە زۆر ئەستەمە بەم نزیکانە نەگبەتی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەست لە میدیای کوردی هەڵگرێ و تێکڕای ئاراستەکانی ئەم دەزگایە لەژێر چەترێکی ئاسایشی نەتەوەییدا ئامانجێکی دیاریکراوی هاوبەش بۆ خۆیان پێناسە و دەستنیشان بکەن. بەڵام لەو باوەڕەدام کە میدیای کوردی دەرفەتی ئەمەی هەیە کە لە بواری فەرهەنگی و زمانیدا بەرەو لە ئاراستەیەکی هاوبەشی دروستکردنی ڕۆحێکی فرەڕەنگ و لە هەمان کاتدا یەکگرتووی فەرهەنگی و کولتووری و زمانیدا هەنگاو بنێ. ئەڵبەتە یەکەم و گرنگترین هەنگاوی ئەم ئەگەرە بە ڕووکردنی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بەرەو جیهانی میدیای کوردی دەست پێدەکا کە بەداخەوە تا ئەم ساتەوەختە شوێنیان وەک بکەرێکی دیار و کاریگەر لەم گۆڕەپانەدا بە تەواوەتی خاڵییە و ئەمە پرسیارێکی گەورەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ شەقامی فەرهەنگی کورد بەرسڤێکی بۆ بدۆزێتەوە و بە بڕوای من ئەم ناتەواوییە تەنیا یەک پاساو و وەڵام هەڵدەگرێ و ئەویش کەمتەرخەمی شەقامی فەرهەنگی و هونەری کوردییە. هەر بۆ وێنە ڕەوەندی هونەرمەندانی تاراوگە ئەگەر بەڕاستی کەمتەرخەم نەبوونایە هەتا ئێستا هەر بە پارەی سۆسیال دەیانتوانی چەندین تەلەڤزیۆنی فەرهەنگی دامەزرێنن. با کەس نەڵێ ئەم کارە کردەنی نییە، چۆنکە نموونەی ئەم کارانە لەنێو ڕەوەندی تاراوگەی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆماندا بە ئاشکرا دیارە و ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە وڵاتانی ئەورۆپی کە مۆڵگەی تاراوگەی کوردین لانیکەم لە بواری فەرهەنگیدا لە یارمەتیدانی کاری فەرهەنگی درێغی ناکەن. بە هەرحاڵ یەکێ لە دەروازە هەرە گرنگەکانی دەرچوونی میدیای کوردی لە نەگبەتییەکانی ئەمەیە کە ناڵێم سەداسەد،

بەڵام بە ڕێژەیەک لە سیاسەتەوە ڕووی وەربگێڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و دوور لە سیاسەتی ڕووت و پەتی ڕۆژانە لە ڕێگای فەرهەنگ و هونەر و ڕۆشنبیری و زمانەوە هەوڵی دروستکردنی ڕۆحێکی یەکپارچەی نەتەوەیی بدات. لۆژیکی پشت ئەم بڕوایەشم لەمەوە دێ کە لەڕاستیدا وەک دیارە بە گەلێ هۆکار و پاساو تا ئەم چرکەساتە سیاسەت نەیتوانیوە کارێکی ئەوتۆی گرنگ بۆ کورد بکات. یەکێ لەم هۆکارانەش ئەمەیە کە سیاسەت داگیربوون و بندەستی کورد بە بندەستییەکی سەداسەد دەرەکی و سەداسەد فیزیکی دەبینێ، ئەمە لەحاڵێکدا کە بەشێکی گەورەی گیرۆدەبوون و بندەستی کورد ئەنجامی دۆخی دەروونجڤاکی خۆمانە و هاوتەریبی سنوورە دەسکردەکان ئێمە لەنێو خۆماندا دەیان سنووری دابەشبوونی فەرهەنگی دەژین و سەرباری داگیربوونی دەرەکی، ئێمە لە نێوخۆدا گیرۆدەی نەریتگەلێکین کە ڕۆحی جڤاکی ئێمەی داگیر کردووە. کە وا بوو، میدیای کوردی تا لە سیاسەتەوە نەگوازێتەوە بۆ فەرهەنگ و نەبێتە میدیایەکی فەرهەنگی، نەتەنیا نەگبەتییەکانی خۆی کۆتایی پێ نایێ، بەڵکوو جڤاکی کوردیش لەگەڵ خۆیدا هەرچی زیاتر بەرەو نەگبەتی دەبا و ئەمەش نە بە سیاسەت، بەڵکوو بە نزیکبوونەوە لە هونەر و ڕۆشنبیری دەکرێ.

## ڕۆشنبیر

**بە بڕوای من لە تێکڕای هەموو بوارەکانی زانستە مرۆییەکاندا گرنگترین ناتەواوی ئەمەیە کە تاکوو ئەمڕۆ ئاڵایە هیچ زانستێکی مرۆیی نەیتوانیوە بۆ هیچکام لە چەمکەکانی خۆی پێناسەیەکی یەکلاکراو و داناسینێکی یەکلاکەر بە شێوازێک پێشکەش بکات کە هیچ شرۆڤەیەک هەڵنەگرێ و هەموو کەسەکان وەکوو یەک وەریبگرن و بە یەک واتای دیاریکراو و بێ ئەملا و ئەولا لێی تێبگەن. بە بۆچوونی من هەر لەبەر ئەمەیە کە هەموو زانستێکی مرۆیی هەمیشە هەم بەشی ڕاستکردنەوەی جڤاکی تێدایە، هەمیش هاوتەریب بەشی چەوتاندن و بە لاڕێدا بردن و هەر ئەمەش یەکێ**

لەو ئازارە هەرە گرانانەیە کە مرۆڤ هەمیشە پەیوەست بە زانست هەیبووە. ئەڵبەتە بێگومان ئەم ئازارە بە دیوە "لۆژیک و نالۆژیک"بوونەکەیدا لە چاو کەسانێکی وەکوو من کە تۆزێ لە ئالفابێی لۆژیک و بیرکاری دەزانین، زۆر گەورەتر دەنوێنێ. یەکێ لە نارێکترینی ئەم ئازارانە چەمکی ڕۆشنبیرە. نارێکییەکە لەمەدایە کە چەمکەکان ڕاستەوخۆ گرێدراوی مرۆڤەکانە و ئەمە کەسەکانن کە خۆیان دەستنیشان دەکەن ڕۆشنبیری چییە، کێ ڕۆشنبیرە و کێ ڕۆشنبیر نییە و ئەڵبەتە لە هەموو نارێکتر، لە ڤالاهی ئەم گۆڕەپانەدا زۆر کەسان هەن کە بە نووسینی چەند کتێبێ، بە چڕینی چەند گۆرانییەک، بە بەشداری لە چەند سمینار و کۆڕێک، بە هۆنینەوەی چەند هەڵبەستێ، بە چەند ساڵ وانە گوتنەوە لە زانکۆیەک، بە جێگرتن لە وەفدێکی سیاسی، نووسین لە ستوونی چەند ڕۆژنامەیەک، یان تەنانەت بە گەشتی چەند وڵاتێک و... هتد، ئیتر خۆیان وەک ڕۆشنبیر بە خەڵکی دەناسێنن. بەو هیوایەی ڕۆژێک بێت کە چەمکی ڕۆشنبیریشیان تێدا، پێناسەی چەمکەکانی زانستە مرۆییەکان ئەگەر بە ڕێژەییش بێت نزیک بکرێنەوە لە ماناکردنێکی ماتەماتیکییانە و واتا و پێناسەیەکی ماتەماتیکی و بیرکارییان بۆ بدۆزرێتەوە. بە هەرحاڵ لێرەدا من بەبێ ئەوەی هێڵان بە خۆم بدەم یان نیازم هەبێ لەسەر ئەم بابەتە بوەستم کە بەڕاستی ڕۆشنبیری چییە و ڕۆشنبیر کێیە، مەبەستم لە ڕۆشنبیر هەموو ئەو نووسەر و شاعیر و ئەدیب و هونەرمەند و سیاسەتڤان و ڕۆژنامەڤان و بەگشتی ئەو کەسانەیە کە بە هەر هۆکارێک یان بەشێ لە خەڵک بە ڕۆشنبیریان دەزانن، یان خۆیان وەک ڕۆشنبیری جڤاکی کوردی پێناسە دەکەن. بە گوتنێکی دی مەبەستی من لە ڕۆشنبیر لێرەدا تا ڕادەیەکی زۆر

هەمان ئەو پێناسە گشتییەیە کە بۆ ئەو توێژە نوخبەیەی جڤاک بەکار دەبرێ کە لە بوارێ لە بوارەکانی وەک هونەر، سیاسەت، ئەدەب، ڕۆژنامەگەری، زانست و... هتد پێگەیەکی ناسراو و دیاریان هەیە و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەهرە و بەرهەمەکانیانەوە یان ناڕاستەوخۆ و پشت بەستوو بەو پێگەیە، شیاو یان ناشیاو ڕێگە بە خۆیان دەدەن لەسەر پرسە فەرهەنگی، جڤاکی و سیاسییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بدوێن و لە ڕێی بیرۆکە و لێدوانەکانی خۆیانەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی دۆخی ئەم جڤاکە و ئاراستەکردنی دەدەن. من لێرەدا لەم سۆنگەیەوە دەڕوانمە پیرۆزی و نەگبەتییەکانی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی.

ئۆجالان لە پەرتووکی شارستانی لە زنجیرەی "مانیفستۆی شارستانێتی دیمۆکراتی"دا گوزارەیەک دێنێتەوە کە زیاتر لەوەی ڕاڤەی ڕەوش و ئامانج و نیازی خۆی بێ لەو بارودۆخ و کاتەدا، لەڕاستیدا گوزارەیە لە مەرجی پێشەکی و تایبەتمەندی یەکەمی ڕۆشنبیری کورد. ئەو دەڵێ: «... بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەو گەل و ناوچەیەی(کورد و رۆژهەڵاتی ناوین) منیش یەکێکم لەوان بە قۆناخێکی هەرە تراژیدی و دڕندانەی مێژوودا تێپەڕ دەبێت، بە شێوەیەکی شایستە شرۆڤەکردنی هەموو ئەو فاکتەرانەی بەرپرسیارن لەمە، سەرەتاترین مەرجی رۆشنبیربوونە»[٥٣]. ئەم دێڕەی ئۆجالان چەندە گوزارە بێ لە خەسڵەتێکی بنگەهینی ڕۆشنبیری کورد، بە هەمان ڕادە لە ناخی خۆیدا گوزارەیە لە چاوەڕوانییەکی ڕەوای گەلێکی

---

٥٣عەبدوڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیمۆکراتی، بەرگی یەکەم(شارستانی)، وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵا، ل. ١٠٤

بندەست لە ڕۆشنبیرەکانی و لەمەش زیاتر تانەیەکە لە کەمتەرخەمی ئەم تویژە لەمەڕ ئەو چاوەڕوانییە و هەر ئەمەش یەکێکە لە نەگبەتییە سەرەتاییەکانی ئەم چینەیە. جارێ پێش هەموو شتێ بەشی هەرە گەورەی شەقامی ڕۆشنبیری کوردی بە ئاشکرا خۆی لە قەرەی گەورەترین پرسگرێکی ژیانی ئەم جڤاکە، یانی پرسی داگیربوونی نادات و تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لێ گێل دەکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕۆشنبیری زیاتر لەوەی هەڵگری واتای هزرێکی ڕووناکتر و تێگەیشتووتر لەوانی دیکە بێت، بە مانای ئەو کەسە دێت کە هەوڵی ڕوونکردنی دۆخێک دەدات کە ئەوانی دیکە تێیدا دەژین. بە گوتنێکی دی یەکێ لە کارکرد و ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیر دەبێ بریتی بێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک، ئەویش نە لە هەندێ چەمک و زاراوە و زانستی پەتی نێو کتێبەکان، بەڵکوو لە ڕاسەڵەی ئەو ژیانەی کە تێیدا دەژین. مەریوان وریا قانع ئەم تایبەتمەندییە تەنیا وەک ئەرک و کارکردێکی ئاسایی نابێنێ، بەڵکوو بە خەسڵەتێکی بوێرانەی ئەخلاقی و ویژدانیشی دەزانێ، کاتێ کە دەڵێت: «بە بۆچوونی من ئەرکی ڕۆشنبیر لە هەموو ساتەوەختێکی مێژووییدا، بە تاریک و ناتاریکییەوە ئەوەیە باوەڕی بە هێزی وشە و بە توانای نووسین لەق نەبێت. گومان لەوە نەکات کە هۆشیاری دەتوانێت دەسکاری دنیا بکات، دوودڵ نەبێت لەو ڕاستییە کە گوتنی حەقیقەت هەمیشە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەیە»[٥٤]. لەڕاستیدا بەستنەوەی گوتنی حەقیقەت بە شۆڕشگێڕییەوە ئاماژەیەکی بەهێزە بەم ڕاستییەی کە بارودۆخی

---

٥٤مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، ل. ١٩

کۆمەڵگەی کوردی چقاس پێویستی بەو جۆرە ڕۆشنبیرانەیە کە بەردەوام ڕاستییەکانی ئەم جڤاکە بە چاو و گوێیدا بداتەوە. بەداخەوە ڕۆشنبیری کورد بە دیوە هزرییەکەیدا هیچکات لەپێشدا قسە لەسەر دروست و نادروستەکان ناکات و لە جیاتی ئەمە هەمیشە دەکەوێتە شوێن پێشهاتەکان و دوای هاتنەئارای ناتەواوی و هەڵەکان، ئمجا دەکەوێتە ژماردن و شرۆڤە و لۆمەکردنیان. بۆ وێنە هەتاکوو ئێستا هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد، ئەڵبەتە جگە لە ئۆجالان، نەیتوانیوە و نەیویستووە پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی دۆز و پرسی داگیربوونی کوردستان، یان لانیکەم شێوەژیانێکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخی داگیرکراوییەدا بدۆزێتەوە، کەچی لەم لاشەوە ئالایە زۆرینەی ڕەهای ئەم ڕۆشنبیرانە کە دەم دەکەنەوە تەنها ئەوەیان پێیە بڵێن کێ، کەی، لە کوێ و چەند جار هەڵەی کرد. بە دیوە ویژدانییەکەشیدا ڕۆشنبیری ئێمە زۆر کەم و بەدەگمەن خۆی لە قەرەی ڕاست و ناڕاستەکان دەدات و ئەگەر بیهەوێ شتێکیش بڵێ، هەمیشە لە کوولەکەی تەڕدا بانگی خۆی هەڵدەبڕێ. بەتایبەت لەو کاتانەدا کە دەگاتە بەراوردکردن، بە پاساوی ئەوەی کە ڕۆشنبیر دەبێ بێلایەن بێ، ئەم بانگدانە دەگۆڕێت بۆ بێدەنگییەکی شەرمنانەی وێرانگەر. وەک میناک لەم دوایانەدا و لە هێرشی داگیرکاری سوپای تورک بۆ سەر باشووری کوردستان بەهۆی ئەوەی کە پەدەکە بە ئاشکرا یارمەتی داگیرکەرانی دەدا مەترسی شەڕێکی براکوژی گەورە هاتەئاراوە. بەشێ لە ڕۆشنبیران بە دروستی هەستیان بە مەترسی ئەگەری ئەم شەڕە کرد و دژی ئەمە هەڵمەتێکیان ڕێکخست. بەڵام لە ماوەی ئەم هەڵمەتەدا تەنیا بە پاساوی بێلایەنی هیچ کەسێ نەیوێرا بە

ڕوونی بڵێ کە لایەنی تاوانباری ئەم مەترسییە گەورەیە کێیە. ئەمجۆرە ماناکردنە لە چەمکی بێلایەنی بەردەوام یەکێک بووە لەو پەتا هەرە گەورەکانی ڕۆشنبیرە بەناو بێلایەنەکان. هەتاکوو ئێستا ڕۆشنبیرانی کورد نەهاتوون لە بەراوردێکی ڕاشکاوانەدا دەستنیشانی بکەن کە لەنێو هەموو بزاڤە جۆراوجۆرەکانی کورددا کامەیان کەمترین هەڵەی کردووە، زیانێکی کەمتری لە کورد داوە، یان سوودێکی زیاتری بە دۆزی کورد گەیاندووە و... هتد. دیارە لێرەدا قەت مەبەستم ڕۆشنبیرە پەروەردەکراو و دەستکردەکانی پارتە سیاسییەکان نییە کە خۆیان بەشێکی گەورەن لە نەگبەتییەکانی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی.

لە سەرەوە بە ئاماژەیەک باسم کرد کە ڕۆشنبیری کورد زۆربەی وەختەکان دادەنیشێتە ژماردنی کەماسی و ناتەواوییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. ئەم ڕەوتە باوەی نێو شەقامی ڕۆشنبیری کوردی دیوێکی زۆر ناڕێک و نەگبەتی تایبەتی دیکەشی هەیە و ئەویش بریتییە لە بە دیدێکی سووک چاولێکردنی نەتەوەی دایک و بەگەورەتر زانینی خۆی لەم جڤاکە و دابڕان لێی بە شێوازێک کە ئەنجامەکەی دەگاتە دروستبوونی بۆشایی و مەودایەکی گەورە لەنێوان جڤاکی دایک و ڕۆشنبیر وەک کەسایەتییەکی دیاری ئەم جڤاکە. با نموونەیەک بێنمەوە لە یەکێ لە سیما هەرە دیارەکانی ئێستای جیهانی ڕۆشنبیری کوردی. نووسەری ناوداری کورد بەختیار عەلی کاتێ سەبارەت بە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبێتەوە کە "ئەگەر دەرهێنەرێک داوات لێ بکات ئەم ڕۆمانە بکاتە فیلم، تۆ مەرجەکانت چی دەبن؟"، بەم شێوازە بەرسڤ

دەداتەوە: ». ... بەڵام لای ئێمە کێشەی پارە و تەکنیک و ئەزموون و ئەکتەر بە جۆرێک گەورەیە مرۆڤ ناوێرێت خەونی وا ببینێت. گەر دەرهێنەرێکی کورد داوام لێ بکات، سەرەتا تکای لێدەکەم واز بێنێت، چۆنکە کردنی ڕۆمانەکانی من بە فیلم لە هەلومەرجێکی وەهادا کارێکی سەختە، وزەیەک و کادرێکی تەکنیکی زۆری دەوێت. گەر سوودی نەبوو، داوای لێدەکەم پەیمانێکم لەگەڵدا مۆر بکات، دوای تەواوبوونی فیلمەکە و بەر لە پیشاندانی بۆ خەڵک، ئەو مافەم بداتێ گەر من گوتم نابێ نیشان بدرێت، گوێم لێ بگرێت و نیشانی نەدات. دەبێت ئەو ڕێکەوتنەمان پێشوەخت لە دادگا بنووسرێت. دیارە لەو حاڵەتەدا دەرهێنەرەکە و بەرهەمهێنەکان زیانی مادی زۆر گەورە دەکەن، بەڵام گەر فیلمەکەش زۆر باش نەبێت، ڕۆمانەکەی من زیانی گەورەی پێ دەکەوێت»[٥٥]. هەرچەند ئەم قسەیە بەشێک لە ڕاستی تێدایە و نابێ نکۆڵی لێ بکرێ، بەڵام لەڕاستیدا لە یەک کاتدا هەم خۆ بە گەورە زانینێکی سۆسرەتی تێدایە بەرانبەر بە نەتەوە، هەم دابڕانێکی قووڵ لێی و هەمیش جۆرێک لە سووکایەتیکردن پێی. بێگومان کەسێکی وەک بەختیار عەلی لە هەموو کەسێ زیاتر دەزانێ کە سینەمای کوردی بەو هەژارییەشەوە کە ئەو باسی دەکات زۆر خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە کە ڕەنگە هیچ نەتەوەیەک لە بارودۆخی داگیربوونێکی هاوشێوەدا نەتوانێ بەدەستی بێنێ و دوای ئەمەش، خوێندنەوە و شرۆڤە و تەفسیرکردنی ئازادانە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی ئەدەب و نابێ ڕێگە لە خەڵک بگیرێ کە چۆن لە ڕۆمانێک تێدەگات. چۆنکە

٥٥بەختیار عەلی، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، ل. ٧٠

تایبەتمەندی نووسین لەمەدایە تێگەیشتن و تەفسیرکردن لێی بە شێوەیەکی ڕەها ئازادە و ئەگەر نووسەرێ بیهەوێ نووسینەکانی تەفسیری بۆ نەکرێ، ئەمە لەڕاستیدا سەندنەوەی ئازادییە لەو بەشەی ئەدەب کە جیهانی خوێندن و خوێنەرە. کە وابێ جگە لە بە سووک سەیرکردنی جڤاک و هەڵکشانی خود لە بەرانبەری و دابڕان لێی، هیچ پاساوێکی دیکە نامێنێتەوە کە پاڵنەر بێ بۆ قسەی ئاوەها. بەکورتی ئەمجۆرە لە دانووستاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی دایکدا هەرچەندە بە ڕەهاییش نەبێ، بە شێوازێکی ئاڵایە گشتگیر بەشێکە لە کەسایەتی ڕۆشنبیری کورد و لەوانەیە ئەمە یەکێک بێ لەو هۆکارانەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەهایەکی ڕاستەقینە نادات بە ڕۆشنبیرانی خۆی و تەنانەت قسەکانیشی بە هەند وەرناگرێ. ئەم بە هیچ زانینەی جڤاکی کوردی لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە شتێک نییە بشاردرێتەوە و لە هەموو بوارەکانی تریشدا بە ئاشکرا بەرچاوە. هەر لەو نووسەرەوە بگرە کە لە تاراوگە چوار کتێبی ڕۆژاوایی دەخوێنێتەوە و ئیتر گاڵتە بە هەموو ئەدەبی کوردی دەکا، تاکوو ئەو مۆسیقارەی لە چوار بەرهەمی لەگەڵ هونەرمەندانی بیانیدا بڵاو دەبێتەوە و ئیتر دەڵێ کورد مۆسیقای نییە، هەتا ئەو دەرهێنەرەی کە لە فیلمەکانیدا کورد یەکسان دەکا بە چیا و هەژاری و دواکەوتوویی لە شارستانییەت، تا دەگاتە ئەو سیاسەتمەدارەی کە لەنێو سەدان گۆرانیبێژی کەموێنەی کورددا دەبێتە هۆگری دەنگی فڵانە هونەرمەندی فارس، هەموو ئەمانە ڕەنگە جیاوازەکانی فیگۆرێکن کە وەک پێشتر ئاماژەم کرد دابڕاون لە کۆمەڵگەی کوردی و جگە لە تانە و تەشەرەکانیان ئەرکێکی ئەوتۆی دیکە نایانبەستێتەوە بەم جڤاکەوە. ئەم تانە و تەشەر و ڕەخنانە

**لەحاڵێکدایە کە ڕۆشنبیری کورد هیچکات نەیویستووە و هەوڵی نەداوە خۆی وەک کەسایەتییەکی نموونەیەک پیشانی جڤاک بدات و وەک فیگۆرێکی نموونەیەک هەڵسوکەوت بکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە جڤاکی بندەست و داگیرکراوی کوردی لە هەموو بوارێکدا زیاتر لە کەسایەتی سەرکێش و هەڵکەوتووی تایبەت پێویستی بە فیگۆری کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ هەیە وەک ئەوەی ئۆجالان دەڵێ: «ئەگەر لە کات و شوێنێکدا فشار، قۆستنەوە، تواندنەوە و بنبەستبوون قووڵ بێت، ژیان تەواو لەناو ڕەوشێکی خراپتر لە بێ ئابڕووییدا بەڕێوە بچێت، جگە لە هەڵوێستێکی پارادیگمایی ریشەیی هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە»[٥٦] با لێرەدا یەک نموونە لە بواری زماندا بێنمەوە. دۆخی داگیربوونی کوردستان و هەڵوێستی داگیرکەران لەمەڕ زمانی کوردی هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە کە ئەم زمانە یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم داگیرکەران و یەکێکە لە چەکە هەرە بەهێزەکانی کورد دژ بە داگیرکاری. هەر بۆیە یەکی لە گرنگترین پێویستییەکانی جڤاکی کوردی دەبێ بەرگریکردنێکی ڕادیکاڵ بێ لەم زمانە، هەر لە پاراستنی وشە و دروستکردنی فەرهەنگەوە بگرە تاکوو داڕشتنی یاساکانی ڕێزمان، هەتا ڕەچاوکردنی ڕێنووس و ئالفابێ و تا خوێندنەوەی ئەدەبی هەموو شێوەزاروکان، هەتا نزیککردنەوەی ئەم شێوەزارانە، تا دەگاتە هەنگاونان بەرەو زمانێکی یەکگرتووی کوردی و.. هتد. بەڵام مخابن لە جیهانی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوەی نرخێکی ئەوتۆی نەبێ هەوڵدان و هەنگاونانە**

---

٥٦عەبدوڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیمۆکراتی، بەرگی یەکەم(شارستانی)، وەرگێڕانی لوقمان عەبدۆڵا، ل. ١٠٤

بەرەو هەرکامە لەم ئاراستانەی کە ئاماژەم پێدان. با تۆزێ وردتر و بە چەند سەرنجێ لە بواری جیاوازدا باسی ئەم نەگبەتییە بکەم. ئێمە نیوەی ژیانمان بەدەست شاشەکانەوە بووەتە بەیت و بالۆرە و هەڵپەڕکێ کە ئەڵبەتە هەموویان بە ڕێژەی شیاو پێویستن، بەڵام تا ئێستا نەمدیوە لەم شاشانەوە چوار ڕۆشنبیر دابنیشن و لە زنجیرەیەکدا باس لەسەر هزر و بەرهەمەکانی ئەدیب، شاعیر، ڕۆماننوس، فەیلەسووف و بەگشتێ نووسەرێکی کورد بکەن. یان لە نەگبەتییەکی تردا، من تا ئێستا کتێبێکی کوردیم بە ئالفابێی ئارامی نەخوێندووەتەوە کە هەڵپانێکی و هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووسی تێدا نەبێ. ڕەنگە خوێنەری بەڕێز لەم نڤیسارەی منیشدا چەند هەڵەیەک بدۆزێتەوە و قسەکە بەسەر خۆمدا بشکێتەوە، بەڵام ئێمەمانانێ کە لە ژێرنووسی تەلەڤزیۆنەکانەوە فێری زمانی دایکیمان  بووین لانیکەم دەتوانین فێربوونی خۆڕسک و بێبەشبوون لە پەروەردەی زمانی دایک بەهۆی داگیربوونەوە بە پاساو بێنینەوە، کەچی نەگبەتییەکە گەورەکە لەمەدایە کە ڕۆشنبیرانیشی تێدا، چاوگ و ژێدەری ئەم نارێکییە باشووری کوردستانە کە لەوێ پەروەدە بە زمانی کوردییە. میناکی سێیەم و کۆتایی لەم نەگبەتییە، ڕێژەی هۆگری و ئاشنابوونی ڕۆشنبیرانی کوردە بە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی بەراورد بە ڕێژەی هۆگربونیان بە زمانە سەردەستەکان. قورسایی ئەم جیاوازییە بە لای زمانە سەردەستەکاندا هێندە گەورە و بەرچاوە کە لەڕاستیدا وەک شەرمێکی گەورە بە ڕوومەتی جیهانی ڕۆشنبیری کوردییەوە دیارە. ڕەنگە هەندێ کەس هۆگرتنی ڕۆشنبیرانی ئێمە بە زمانی داگیرکەران ببەستنەوە بە ڕاهاتنی ناچاری ئەوان لەڕێگەی پەروەردەی سەردەستەوە. ئەم

بۆچوونە بەشێ لە ڕاستی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی باشووری ئازاد گومانی گەورەشی لەسەر دروست کردووە. لە باشووری دوای ئازادی ڕۆشنبیرانی کورد لەباتی ئەوەی بکەونە خەمی زمانەکەی خۆیان، هەرچی زیاتر کەوتنە خولیای زمانە سەردەستەکان و ئەمجارە ئەم خولیایە تەنانەت زمانی عەرەبیشی تێپەڕاند و گەیشتە جۆرە شەیداییەکی گەوجانە بۆ ئەو دوو زمانەکەی تری داگیرکەرانی کوردستان، واتە زمانەکانی تورکی و فارسی.

بە هەرحاڵ پێویستە ئاگامان لەم ڕاستییەش بێ کە فەزای ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ڕۆشنبیران بە تەنیا ناگرێتەوە، بەڵکوو ڕووبەرێکی دانووستاندنی دووئالییە کە لایەنێکی چینی ڕۆشنبیرانە وەک قسەکەر و لایەنەکەی تری بریتییە لە جەستەی کۆمەڵگە وەک گوێگر و بەردەنگی چینی یەکەم. لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر دابڕانی ڕۆشنبیر لە جڤاکی خۆی و هەبوونی مەودایەکی بۆشایی لەنێوان ئەو و خەڵکەکەیدا نەگبەتی بێ، بێگومان گوێنەدانە ڕۆشنبیریش کەماسی و نەگبەتییەکی گەورەترە کە بەداخەوە جڤاکی کوردی بە تۆخی گیرۆدەیەتی. من لەو باوەڕەدام کە ڕۆشنبیری کوردی هیچکات کەسایەتییەکی هێندە پراگماتیک و کرداری نەبووە کە لەنێو خەڵکدا جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام لەم لاشەوە بە گەلێ هۆکاری وەک نەخوێندەواری بە زمانی دایک، باڵادەستی فەرهەنگی زارەکی لەنێو جڤاک و هەروەها لاوازی نەریتی ڕەخنە و شرۆڤە لە جیهانی ڕۆشنبیری و لەنێو خوێندەوارانی ئێمەدا مرۆڤی کورد بە ڕێژەیەکی زۆر بێبەشە لە خوێندنەوەی قووڵی هزری ڕۆشنبیرەکانی خۆی. هەر بۆیە تەنیا لەو

قسە توێژاڵی و ڕووتانە تێدەگا کە بەتایبەت لە کاوێژی قسەی ڕۆژانەی سەرزاری ڕۆشنبیرانی بواری سیاسەت کە زۆربەی هەرە زۆری درۆ و چەواشەیە و جگە لەمە گوێ بۆ پەیامی دیکە ڕانادێرێ و بەهای پێ نادات. بە مانایەکی تر جڤاکی ئێمە ئەگەریش گوێی بۆ ڕۆشنبیرانی خۆی ڕاگرتبێ و پێیان گەیشتبێ، بەداخەوە ئەم گەیشتنە لە باشترین دۆخی خۆیدا گەیشتنێ بووە تەنیا تا ئاستی توێکڵی ئەم هزرانە و هیچکات بڕی ناخ و کاکڵی جیهانبینی ڕۆشنبیرەکانی خۆی نەکردووە و ئەمە بەربەستی هەرە گەورەی بەردەم ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەی کورد بووە بۆ گەیشتن بە بەردەنگی خۆیان. ئەم کەماسی و ناتەواوییە بەتایبەت لە بواری هونەر و ئەدەب وەک جیهانی هێما و ئاماژەکانی ڕاڤە و ئاراستەکردن، سیاسەت وەک لایەنی تەکنیکی بەڕێوەبردن و ڕابەریکردن و هەروەها جڤاکناسی وەک زانستی شرۆڤە و شیکردنی پرسە دەرونجڤاکییەکانی کۆمەڵگا بە ئاشکرا بەرچاوە و دیارە. بۆ وێنە ڕۆمانەکانی شێرزاد حەسەن لەسەر پیاوسالاری یان کوشتنی ژنان، یان هەڵبەستی پەشێو لەسەر گەندەڵی سیاسەتی باشوور، گۆرانییەکانی شڤان پەروەر و ناسر ڕەزازی لەسەر دۆزی ڕەوای کوردستان و... هتد لەم سەردەمەدا هەرکامەیان بایی شۆڕشێکی جڤاکی هەڵگری پەیامی خۆیانن، کەچی ئەم هزرانە تەنانەت ئەگەر بخوێنرێنیشەوە تەنیا وەک چێژێک دەخوێنرێنەوە و بەس. وێڕای ئەم کەماسییە کۆسپ و بەربەستەکانی داگیربوون لە بەردەم ڕۆشنبیران لە لایەک و گرنگیدان و بەهەند وەرگرتنی لە ڕادە بەدەری سیاسەت لە لایەکی ترەوە هەمیشە وای کردووە کە توێژی ڕۆشنبیرانی بوارەکانی دیکە کە هەر لە خۆڕا هێزێکی ناپراگماتیکە،

هێندەی تر لە ڕووی کردارییەوە لەنێو جڤاکدا تەریدە بکەوێ و لێی دابېڕێ و لە ئەنجامدا هەمیشە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر خاڵی بووە لە سەرەتاییترین تایبەتمەندی خۆی کە بریتییە لە چالاکانە ڕاڤەکردن، ڕۆشنکردن، ئاراستەکردن و بەگشتی باندۆرکردن لەسەر ڕا و بیر و بۆچوونەکانی جڤاک. لەوانەیە ئەم ناتەواوییە وەک یەکێ لە نەگبەتییەکانی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی ببینرێ، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە نەگبەتییەک وێدەتر، یەکێکە لە یەکەمین ژێدەر و سەرچاوەکانی نارێکی و نەگبەتییەکانی دیکەی جڤاکی کوردی.

## سایبەر

**بە درێژایی سەد ساڵی پێشوو لە داگیربوون و دابەشبوونی کوردستان لەنێوان چوار دەوڵەت نەتەوەی سەردەستدا یەکێ لە گەورەترین کەماسی و ناتەواوییەکانی جڤاکی کوردی بریتی بووە لە نەبوونی پەیوەندییەکی دەروونجڤاکی گشتگیر و سەرانسەری. داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان لە یەکەم و گرنگترین هەنگاویدا تا ئەم چرکەساتەش لەسەر پچڕانی پەیوەندی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا کاری کردووە و بە دروستی زانیویەتی کە ساتەوەختی دروستبوونی پەیوەندی دەروونجڤاکی ئەم کۆمەڵگەیە لەوانەیە ببێتە هەمان ساتەوەختی گەڵاڵەبوون و دۆزینەوی**

ئەو ڕۆحی یەکبوونەی کە هەموو نەتەوەیەک خۆی لەسەر پێناسە دەکا. هەر بۆیە هێزی داگیرکەری کوردستان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دوبارە خۆ ناسینەوە و خۆ پێناسەکردنەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و هەروەها بەئاگاهاتن لەو دۆخی داگیربوونەی کە تێی کەوتووە و زیاتر لە سەدەیەکە تێیدا دەژی، بەردەوام لەسەر پچڕانی پەیوەندییەکانی ئەم نەتەوەیە کاری کردووە. بێگومان تاکوو پێش جیهانگیری شۆڕشی دیجیتاڵی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم، تێکچوون و پچڕان و لەناوچوونی "پەیوەندی دەروننەتەوەیی" لەنێو کورددا یەکێ لە کۆسپە هەرە سەرەکی و هەرە گەورە و هەرە کاریگەرەکانی بەردەم کورد بووە بۆ ناسینەوەی خود وەک نەتەوە و هەروەها بەئاگاهاتنەوەی بەکۆمەڵی ئەم گەلە لە داگیربوون و دابەشبوونی خۆی. ئەم پچڕانە لە زنجیرەی پەیوەندییە دەرونجڤاکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە بەردەوامی لە هەموو بوارەکانی جئۆگرافی، زمانی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و... هتد لەنێوان پارچەکان، دەڤەرەکان، شارەکان، شێوەزارەکان، ئایینەکان، پارتەکان و تەنانەت لەنێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا بە جۆرێ تۆخ و کاریگەر لە ئارادا بووە کە وێڕای کاڵبوونەوە، هەتا ئەم ساتەوەختەش وەک نارێکییەکی گەورە لەم جڤاکەدا بە ئامادەیی ماوەتەوە و بەردەوام بوونی هەیە. تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ بەردەوام لەئارابوونی ئەم پسانەوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی هێشتنەوەی مرۆڤی کورد بووە وەک مرۆڤێکی تەرا و دابڕاو لە نەتەوە بە ئاراستەی توانەوە لە نەتەوەی سەردەست و وڵاتیبوون لەو وڵاتەی کە بە زۆر تێی کەوتووە، یان مرۆڤێکی پەرژینکراوی خۆجێیی کە

ئەگەر کوردبوونێکیش ژیابێ، ئەو ژیانە تەنیا تا ئاستی عەشیرەیی، ناوچەیی و زاراوەیی و... هتد بڕی کردووە و ئەوپەڕی توانیویەتی بگاتە کوردبوونێکی پارچەیی. بە مانایەکی گشتیتر ئەنجامی ئەم دۆخە تاکو ئێستا بریتی بووە لە گۆڕینی جڤاکی کوردی لە کیانیکی نەتەوەیییەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە جڤاتی بچووکتری پەرتەوازەکراو، یان وەک لە پرتووکی نارێکییەکانی داگیربووندا ئاماژەم پێداوە، کراوە بە «جەستەیەک لە پسانەوە و هەیکەلێ لە دابڕان»[٥٧]. ئەم دۆخی دابڕانە وەک لە بەشی میدیادا ئاماژەم پێدا هەمیشە لەڕێگەی میدیای جڤاتی وەکوو چاپەمەنی، ڕادیۆ و بەتایبەت تەلەڤزیۆنی کوردییەوە هەوڵی گرێدانەوەی دراوە، بەڵام تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە لایەن سیستەمی داگیرکەرەوە بەردەوامە. بەڵام سەرئەنجام لە ساتەوەختێکی مێژوویی لەناکاودا دەرفەتێکی دەگمەنی ئاوارتە لە بەردەم ئەو پەیوەندییە پچڕاوەی نێو جەستەی پساوە و هەیکەلی دابڕاوەی نەتەوەی کورددا سەریهەڵدا. ئەو ساتەوەختە ساتەوەختی کرانەوەی جیهانی سایبەرییە بە ڕووی کورددا لە ڕێگەی تەونە جڤاکییەکانی ئینتەرنێت و ئامێری مۆبایلەوە. ساتەوەختێ کە تا ڕێژەیەکی بەرچاو دەیتوانی بۆ کورد ببێتە چرکەساتی هاتنەئارای دەرفەتێک بۆ دروستکردنەوە و ماناکردنەوەی دوبارەی پەیوەندی دەرونجڤاکی و دەروننەتەوەیی ئەم گەلە و دۆزینەوەی خودی نەتەوەیی خۆی لانیکەم لە ڕووی ڕۆحی و زمانی و فەرهەنگییەوە. بەڵام وەک تاکوو ئێستاش دیار کەوتووە و لە درێژەی ئەم مژارەدا هەندێکی کەمی لێ باس

---

٥٧ژیرۆ زاگرۆس، نارێکییەکانی داگیربوون، ل. ٧٠

دەکەم، جیهانی سایبەریش وەک زۆرێک لە شتەکانی دیکەی کورد نەکرا ببێتە ئەو پیرۆزییە گەورەیەی کە بە تەواوەتی دابەشبوونی نەتەوەیی لێ بسڕێتەوە و پەیوەندی بۆ بگەڕێنێتەوە. سەرەڕای ئەمەش لە زۆر بواردا ئەم گەلەی بەرەو نزیکبوونەوە لە ڕۆحی نەتەوییی خۆی ئاراستە کردووە، بەڵام بە گەلێ هۆکاری وەک باندۆری داگیربوون و هەروەها هۆکارە دەروونییەکانی جڤاکی کوردی ئەمیش بووە بە یەکێکی دیکە لە هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی هاوکاتی ئەم گەلە.

یەکەم نەگبەتی فەزای سایبەری بۆ کورد ئەمە بوو کە وەک زۆربەی تەکنۆلۆژییەکانی دیکە بەر لەوەی بکەوێتە خزمەت کورد، کەوتە دەست دەوڵەتانی سەردەست و گەلانی سەردەست. واتە پێش ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ نووژەنکردنەوەی پەیوەندییە دەروونجڤاکییە پچڕاوەکان و بووژانەوەی پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی جڤاکی کوردی، بوو بە چەکێکی سەرکوت لە دەست دەوڵەتان و ئامێرێکی بەهێزی هێرشی فەرهەنگە سەردەستەکان بۆ سەر کوردستان. ئەم مامەڵەکردنەی دەوڵەتان تەنیا لە بەکارهێناندا سنووردار نەبووە، بەڵکوو بە دیوی کۆنترۆڵ و سانسۆرکردنیشدا هەمیشە لە ئارادا بووە. بە مانایەکی تر دەوڵەتانی سەردەست لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەزای مەجازیدا لە لایەک ئاسانتر دەتوانن هەیمەنەی خۆیان بگەیێننە سەر جڤاکی کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم جڤاکە لە بەکارهێنانی کۆنترۆڵ بکەن. ئەم دۆخە وێڕای کاڵبوونەوە بەهۆی بەرفراوانی تەونە جڤاکییەکان و جۆراوجۆری ئامێرەکان، هەتا ئەم ساتەوەختەش هەر بەردەوامی هەیە. ئەمە مانای

ئەمەیە کە ئەگەر بەکارهێنانی سایبەری لەنێوان ئێمەی کورد و سەردەستەکانی کوردستان ڕکابەرییەک بێت، ئەم ڕکابەرییە هەر لە سەرەتاوە بە سوودی سەردەستەکان لاسەنگی دەکا و ئێمە هەمیشە چەندین هەنگاوێ لە پاشترەوەی ئەوانین. ئەم لە پاشەوەبوونە لە هەموو بوارەکاندا بەرچاوە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەلەگرام لە هەمان کاتدا کە جیهانێکە بۆ هەناسەدانی زمان و فەرهەنگی کوردی دوور لە ستەم و گوشارەکانی فەرهەنگی سەردەست، فەزایەکیشە بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی کوردی بە زۆرینە کوردینەزان بەرەو فەرهەنگی سەردەستی فارسی. با بە نموونەیەک تۆزێ دەقیقتر دۆخەکە وێنا و شیێ بکەمەوە. وەک دەزانرێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرینەی خەڵک تاکوو دوێنێ لە ئاست نووسین و خوێندندا کەمترین پەیوەندی و لاوازترین دانووستاندنیان لەگەڵ زمانی دایکیدا هەبوو. هاتنی تەلەگرام دەرفەتێکی زۆر گەورە و تایبەتی ڕەخساند بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ زمانی دایکیدا و دانووستاندنی خەڵک لەگەڵ زمانی خۆیاندا تەنانەت گەیشتە هەنگاوی ناوازەی وەک فێرگەکانی مەجازی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکان، کتێبە دەنگییەکان، تۆڕەکانی نووچە، سەدان کاناڵی گۆرانی و... هتد. ئەمە جگە لەو دانووستاندنە کۆمەڵایەتییەی کە بە شێوەیەکی چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنایە ئاراوە. بەڵام مخابن ئەوە ناشاردرێتەوە کە ئەم پیرۆزییە هاوکات و هاوتەریب بە دیوە نەگبەتەکەشیدا هەردەم ئامادە و هەمیشە لە ئارادا بووە. ئەمڕۆ تەنانەت ئەو کەسانەش کە تەنیا تا پۆلی سێ و چواری سەرەتایی زمانی فارسییان خوێندبێ لەڕێگەی مۆبایل و تەلەگرامەوە بە جۆرێ لە جۆرەکان جارێکی تر گیرۆدەی زمان و

فەرهەنگی فارسی دەبنەوە، ئەمە لەحاڵێکدا کە پێشتر ئەوپەڕی پەیوەندی خەڵک لەگەڵ فارسیدا تماشای تەلەڤزیۆن بوو و بەهۆی نزمبوونی ئاستی کتێب خوێندنەوەیان بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کورد بە ڕێژەیەکی دیار لە هەمبەر تەوژمی سەردەستی زمانی فارسی پارێزراو بوون. بە مانایەکی دی تەلەگرام بە دیوە پیرۆزەکەیدا ئامرازێکی گەشەی زمانی کوردی بووە بە ئاراستەی نەتەوەگەراییەکی خوەزاییدا و بە دیوە نەگبەتەکەشیدا هۆکاری برەودانی زمانی فارسی بووە بە ئاراستەی توانەوە و ئاسیمیلەبوونی هەرچی زیاتری خەڵک. ئەم توانەوەیە بەتایبەت لە نەبوونی شێوەزارێکی فەرمی و گشتگیر و هەروەها نەبوونی ئالفابێیەکی یەکگرتووی هاوبەش، لە هەموو پارچەکانی کوردستان زۆر بە تۆخی لە ئارادایە و وەک کەمێ پێشتریش ئاماژەم پێدا جگە لە چینی خوێندەواران دەتوانێ تەنانەت خۆی بگەیێنێتە ئەو کەسانەش کە بەهۆی نزمبوونی ئاستی خوێندەوارییان بە زمانی سەردەست پێشتر کەمترین پەیوەندی و نزیکایەتییان لەگەڵ ئەو زمانە هەبوو و لە باندۆرە خراپەکانی وەک ئاسیمیلاسیۆن پارێزراو بوون. ئەڵبەتە بەشێکی زۆری ئەم نەگبەتییەی کە باسم کرد ئەنجامی ڕاستەوخۆی کەمتەرخەمی و نائاگایی و نارەسەنبوونی ئێمەیە لە ناسیۆنالیزمی فەرهەنگیدا.

یەکێ لە دوئالیتە دژوازەکانی نێو فەزای مەجازی ئەو دوئالیتە ڕاسکانی و درۆکانییەیە کە ئێمە هاوکات لە هەردوو دیوەکەیدا دەژین. لە لایەک زۆرجار لە جیهانی ڕاسکانی خۆمان دادەبڕێین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێک لە قسەکانی خۆمان لەم جیهانە مەجازییەدا بکەین و خولیاکانی خۆمانی

بە ڕوومەتێکی درۆکانی تێدا بدۆزینەوە، لە لایەکی ترەوە ئەم فەزایە ڕووبەرێکە کە ژیانی ڕاسکانی ئێمە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمجۆرە ژیانە دژوازە ئەگەرچی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی سایبەری ئێمەدا بە ئاشکرا دیارە، بەڵام بەتایبەتی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێ کوردبوونی خۆیان بژین لە مانا سیاسییەکەیدا، واتە بە مانای خۆپاراستن لەهەمبەر داگیرکاری و هەوڵدان بۆ بەگژداچوونی دۆخی داگیربوون. ئەمڕۆ تۆڕە جڤاکییەکانی ئینتەرنێت پڕە لەو شۆڕشگێڕە مەجازییانەی کە لەسەر زەوی دەرەقەتی بەگژداچوونەوە و ململانێی کردارییان لەگەڵ دەسەڵاتی سەردەستدا نییە و ناچار پەنا دەبەنە بەر تەونە مەجازییەکان و لەوێوە هەڕەشە و ململانێ و ڕکابەری سیستەمی داگیرکەر دەکەن و بە جۆرێ لە جۆرەکان کوردبوونی ئازادی خۆیان دەژین. بەڵام لەم ڕێگایەدا ئەوەی ڕوودەدا لە لایەک دروستبوونی ئەو شۆڕشگێڕە مەجازییانەیە کە بەختیار عەلی بەمجۆرە باسیان دەکات: «ئەو گەنجەی لە فەیسبووک شتێک دژی دەسەڵات دەنووسێت و تووشی ئەو تەوەهومە دەبێت گوایە بووە بە شۆڕشگێڕ و وا ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی شتێکی بۆ ئەوانی دی ئەنجام دابێت، بێ ئەوەی لەڕاستیدا هیچ شتێکی ئەنجام دابێت»[٥٨]، لە لایەکی ترەوە ئەم کەسانە بەهۆی نەبوونی لێڤەگەڕێکی زیندووی هەست پێکراو لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا، ڕاسکانی نەبوونی زۆرێک لە دەسکەوتەکان و هەروەها نەبوونی ڕووبەر و زەمینەیەکی ڕاسکانی، ئەم تێکۆشانە هەندێ هەمگەرایی ئاوارتەی جڤاکی وەکوو کەمپینی مەجازی لێ دەرکەین

٥٨بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست، ل. ٣٣

**هیچکات ئاراستەیەکی ڕاستەقینە بە خۆی ناگرێ. بە مانایەکی تر فەزای سایبەری وێڕای ئەوەی کە ڕووبەرێکە بۆ دەستکەوتنی جۆرێک لە بەئاگاهاتن و تا ڕادەیەکیش هاوئاهەنگی بەکۆمەڵی دانیشتووانەکەی، هاوکات شوێنێکیشە بۆ وێڵبوونێکی زۆرجار بێ دەسکەوت بە دوای ئامانجەکانی ئەو کوردبوونە سیاسییەی کە ئاماژەم پێدا. بە دەقیقی مەبەستم ئەوەیە کە بەشێکی زۆری چالاکی ئێمە لە فەزای مەجازی لەڕاستیدا بە حەڵوا حەڵوا دەم شیرین کردنە و ئەگەر ئاگاکردنەوەی بەکۆمەڵی جڤاکی کوردی لە دۆخی داگیربوون و ئامادەکردنی ئەم جڤاکەی بۆ دواڕۆژ تێدا نەبێ، بێگومان جۆرێکە لە وێڵبوون دوور لە ئامانجی سەرەکی کورد کە بریتییە لە ڕاکردنی داگیرکاری. بە گوتنێکی دی لە سەردەمێکدا کە فەزای مەجازی ڕادەیەک لە ژیانی ڕاسکانی ئێمەی گرتووەتەوە بە جۆرێک کە «لە زۆر شوێندا شتێک بە ناوی کۆڵان یان گەڕەک یان بەردەرگا بە مانا سۆسیۆلۆژییەکەی جاران بوونی نەماوە»[59]، ئەگەر بە هەمان شێوە کە بەشێک لەم ژیانە ڕاسکانییە لە فەزای مەجازیدا ڕەنگ دەداتەوە، ژیانی مەجازیش لە ژیانی ڕاسکانیماندا ڕەنگ نەداتەوە، ئەوە جگە لە کۆچێکی میتافیزیکی لە جیهانی ڕاسکانی بەرەو جیهانێکی درۆکانی هیچی تر نییە. بەڵام ئەمە هیچ وەخت بە مانای ئەوە نییە بە تەواوی لە نرخ و بایەخی کرداری ئەم فەزایە کەم بکەینەوە و وەک فەزایەک بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن چاوی لێبکەین. بەپێچەوانەوە ئەگەر بە بنەماگرتنی ڕاسەڵەی دۆخی خۆمان بتوانین لە جیهانی**

---

٥٩مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ل. ٢٤٧

سایبەریدا بجووڵێینەوە، دەتوانین هێزی ئەم جیهانە لە بەرژەوەندی دۆزی کورد بگوازینەوە بۆ جیهانە ڕاسکانییەکەی خۆمان. ئەڵبەتە دیارە لێرەدا ئەم پەیڤی وێڵبوونەی کە بەکاری دێنم زۆر جیاوازە لەو وێڵبوونەی کە بەشێکی گەورەی جڤاکی ئێمە بە گاڵتە و گەپ و تیتاڵی بێمانا و بێ ئامانج، یان دەقیقتر بە ڕابواردنی مەجازی لەم تۆڕانەدا دەیبەنە سەر کە ئەمە لە جۆری خۆیدا نەگبەتییەگی بێئارانەیە. ئەم چینە بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەموو جڤاکێکدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوەی کە ئەم چینە بۆ ئێمەی کورد دەکا بە هێمای نەگبەتییەکی گەورە، ئەمەیە کە ئەمانە وەک بەشێکی بەرچاو لە جڤاکی کوردی لەڕاستیدا توێژێکی ناهۆشیار و نائاگا لە داگیربوونی خۆیان و وڵاتەکەیانن.

پێشتر باسم کرد کە فەزای سایبەری توانیویەتی بۆ یەکەمجار سنوورەکان بە تەواوەتی ڕابکا. ئەم سنوورانە تەنیا سنووره جۆگرافی و سیاسییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو هەموو سنوورەکانی دیکەش و بەتایبەتی سنووری دیمۆگرافیش دەگرێتەوە کە بە هەڵکەوت کورد زۆر زیاتر لە گەلانی دیکە پێویستی بە شکاندنیەتی. لەم فەزایەدا بەختێکی گەورەی کورد ئەمەیە کە هەموو بەشەکان تێیدا پێکەوە ئامادەن. لە تەواوی میدیا جڤاکییەکانەوە بگرە تا هەموو هێزە سیاسییەکان، لەو کەسەی لە ماڵەوەیە تا کۆچبەرێ کە ڕێگەی کۆچدایە، لە خەڵکانی ناوەوە تا تاراوگەنشینان، لە گەریلایەکی سەر چیاوە تا منداڵێکی خوێندەوانی بەر لەپتۆپ، لە شوانێکی گوندنشینەوە تا مامۆستایەکی زانکۆ لە شار و... هتد. ئەویش لە شوێنێکی گەڕۆکدا کە وابەستەی شوێنی جۆگرافی نییە، لە

هەموو کات و شوێنێکە و بۆ هەموو کەسێکیشە. بەکورتی هەموو کەس لە هەر شوێنێک تێیدا ئامادەن و دۆخەکە لەبارە بۆ دۆزینەوەی ونکراوە مەزنەکەی کورد، واتە "پەیوەندی". بەڵام ڕێک لەم دەرفەتە ناوازەیەدا دیسان ناتەواوییەکی دەروونی جڤاکی کوردی دەبێتە بەربەستێکی گەورە بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە و ئەویش، نەبوونی شێوەزاری هاوبەش و ئالفابێی هاوبەشە. ئەڵبەتە بەداخەوە ئەمە تەواوی پرسگرێکەکە نییە و ناتەواوی گەورەتر ئێمە خۆمانین کە لە ئاستێکی کوشندە لە بواری زماندا کەمتەرخەم، خەمسارد و لائۆبالین. من جارێکیان لە گۆرانیبێژێکی ناوداری باشوور پرسیارم کرد کە بۆ لە پەیجەکەیدا تەختەکلیلی کوردی بەکار ناهێنێ و وشەکان بە ڕێکوپێکی نانووسێ، بەڵام ئەوەی ڕووبەڕووی بوومەوە زیاتر لە وەڵام، لە جۆرێک گاڵتەکردن دەچوو بە من و بە ڕێنووس و بە زمانەکەی خۆشی. ئەو لە کۆتاییدا گوتی خەمت نەبێ، هەرچۆنێ بێ خەڵک لێی تێدەگەن. خودی ئەم شێوازە لە بێنرخکردنی زمان کە بەتایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی بە ئالفابێی ئارامی دەنووسن زۆر باوە، لەڕاستیدا زیاتر لە نەبوونی زاراوە و ئالفابێی هاوبەش زیان بە یەکگرتنی کوردانی دانیشتووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیێنێ. کاتێ ئەم ناتەواوییە گەورەیە لەپاڵ ئەو تەوژمە گەورە فەرهەنگییەی زمانە سەردەستەکانی سەر کوردستان کە لە بەشی میدیاشدا ئاماژەم پێدا دابنێین، دەتوانین باشتر لە گەورەیی ئەم نەگبەتییە تێبگەین. ئەوەشمان لە بیر بێ کە خودی مەجازیبوون ڕێژەیەک لە ناپێداگری و توێژاڵیبوونی تێدایە کە کاتێ تێکەڵ بەم خەمساردییە دەکرێ هێندەی تر بەرەو بێنرخکردن و سووککردنی زمان و فەرهەنگ و بێبایەخکردنی

پەیوەندییەکان دەڕوات و ئەڵبەتە هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا زیان بە ڕەوتی دروستکردنەوەی پەیوەندی دەروونەتەوەیی لەنێو کورددا دەگەیێنێ.

لە "گوتاری مانەوە"دا هاتووە کە «کوردبوون هێندەی ئاماژەیە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ترسێکی هاوبەش، بۆ ئەزموونێکی هاوبەشی ترس و سام، ئاماژە نییە بۆ کۆبوونەوە لە لای زمانێک یان سیاسەتێک یان پرۆژەیەکی هاوبەش»[٦٠] لەڕاستیدا لە نەگبەتییەکانی فەزای مەجازی کە پێویستە باسی لێوە بکەین و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە زەقی بەرچاو و دیارە، گواستنەوەی ئەو ترسە ڕۆژانەیە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەسەر ژیانی ڕاسکانی شەقامی ئێمەدا باڵادەستە و فەرمان دەڕانێ. ئەم ترسە ئەگەرچی لە جۆری هەمان ئەو ترسە گشتگیرەیە کە لە سێبەری داگیرکاریدا بووەتە سۆسیۆلۆژییەکی جڤاکی لە ژیانی کوردبوونی ئێمەدا، بەڵام جیاوازییەکی گەورەشی لەگەڵدا هەیە. ئەم ترسە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە کار لەسەر پەرتەوازەکردنی جڤاتی کوردی دانیشتووی فەزای مەجازی دەکات و بۆ ئەوە ئیش دەکات کە ئەندامانی ئەم جڤاتە کە تازە ژوورێکی هاوبەشیان دۆزیوەتەوە بۆ دانووستاندن، لەم ژوورە هاوبەشەدا لە لەگەڵ یەکتری دانەنیشن و یەکتری نەدوێنن و تا دەکرێ هەر بە نامۆیی بمێننەوە. لە بیرمان نەچێ کە تەنیا بەشێکی ئەم ترسە لە لایەن دەسەڵاتی سایبەری دەوڵەتانی سەردەستەوە دەربازی فەزای مەجازی دەبێ، بەشێکی گەورەشی خودی خۆمان لە جیهانی

---

[٦٠] بەختیار عەلی، گوتاری مانەوە، ل. ١٤

ڕاسکانییەوە دەیگوازینەوە بۆ ئەوێ. وێنا و نموودی ئەم خودسانسۆرییە بە ئاسانی لەنێو کۆڕەکانی تەلەگرامدا بە ئاسانی دەبینرێ. نموونەشی ئەو هەموو کانالانەیە کە بەناو ئەدەب و شێعرەوە خۆیان پێشکەش دەکەن و کەچی لە ناوەڕۆکدا لە نزمترین ئاستی پیشەکەی خۆشیاندان، چی بگاتە ئەوەی بیانەوێ خەڵک ئاگا بکەنەوە. ئەم ڕەوتە ناشیییانەیە لەڕاستیدا فەزای ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی گۆڕیوە بۆ جیهانێ لە زۆڵەکە شێعری بێ ئەزموونی  زۆر لاواز و بێ بەرهەم و بێ پەیام کە من ناوی دەنێم شێعرەساتی ڕۆژهەڵات. ئەڵبەتە ئەوەشمان لە بیر نەچێ لە هەر شوێنێکیش بە وریاییەوە بەشوێن ئامانجێکی دروستدا ڕۆشبین ئەنجامی زۆر باشمان لێ وەرگرتووە. نموونەی هەرە دیاری ئەمەش بە دیاریکراوی لە ڕۆژهەڵات ڕەوتی فێربوونی زمانی کوردییە لە تۆڕەکانی تەلەگرام کە بەڕاستی زۆر کاریگەر بووە لە پەرەسەندنی نووسین و خوێندنەوەی هەموو زاراوەکان.

ئەگەر بمەوێ ئەم باسە کورت بکەمەوە، فەزای سایبەری لە هەمان کاتدا کە ئەو ڕووبەرە پیرۆزەیە کە مرۆڤی کورد دەتوانێ تێیدا بە ئاسانی خۆی بگەیێنێتە کوردبوونی خۆی، قسەی خۆی بکا، دژایەتی داگیربوونی خۆی بکا و کوردبوونێکی ئازادانەی خۆی بژی، بەڵام لەم لاشەوە ئەو فەزا نەگبەتەیە کە داگیرکەری سەردەست بە هێزێکی گەورەترەوە لەوێش بوونی هەیە و ئاسانتر لە پێشوو و بە پشتوانەی گیرۆدەبوونی مرۆڤی کورد بە زمان و فەرهەنگی ئەو دەتوانێ خۆی بگەیێنێتێ و دیسانەوە لەوێش هەوڵی داگیرکردنی بدات. ئەمە سەرباری خراپ بەکارهێنانی ئەم

جیهانە گەورەیەی ئازادانە بە کوردی هەناسەدان لە لایەن خودی کوردەوە. بەڵام سەرەڕای کەماسییەکان یەکێ لەو نیشانە و ئاماژانەی کە دەریدەخا ئاراستە و کارکردی ئەم ڕووبەرە گشتییە زیاتر خەریکە بە لایەنی پیرۆزیدا دەشکێتەوە ئەمەیە کە ئەمڕۆ پێگە و سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەر لە هەوڵدان بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانی نێو جڤاکی کوردی گۆراوە بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی ئەم پەیوەندییە کە خەریکە هێواش هێواش پێڕستەکانی خۆی بنیاد دەنێتەوە و لە ئاستی نەتەوەیی بەسەر جڤاکی کوردیدا گشتگیر دەبێ. پێشتر لە شوێنێکی ئەم نڤیسارەدا باسم کرد کە کورد لە ڕەوتی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیدا هەمیشە زۆرترین و ئاڵایە هەموو هێلکەکانی خۆی خستووەتە سەبەتەی سیاسەت و چەکدارییەوە و زۆر بە کەمی خۆی لە قەرەی بەشەکانی تری تێکۆشان داوە. بەتایبەت زۆر کەم پەرژاوەتە سەر فەرهەنگ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا فەزای مەجازی بۆ یەکەمجار دەتوانێ ئەو شوێنە سەربەستەمان بۆ دابین بکا تا تێیدا ئازادانە بەم کارە ڕابین و ڕوو بکەینە پەروەردەکردنی خەڵک بە ئاراستەی هۆشیاربوونەوە و بەتایبەتی لە خودی بواری هەرە گرنگی پەروەردە لە مانای بەجڤاکیکردنی مرۆڤی کورد بۆ ژیانێکی کوردانە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا کە لە بەشی داهاتوودا دیسانەوە باسی لێوە دەکەم. ئەم فەزایە بەتایبەت دەتوانێ بۆ هێزە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور کە لە گۆڕەپانی فیزیکیدا ئاستەنگی گەورەیان لە پێشە، نە وەک بژاردەیەکی ناچاری بەڵکوو وەک دەرفەتێکی ناوازە چاوی لێ بکرێ.

## پەروەردە

لە پێناسەی سیستەمی پەروەردەدا یەکێ لەو مەبەست و ئامانجە بنەڕەتی و گرنگانەی کە ئاماژەی پێدەکرێ بریتییە لە "بەجڤاکیکردن". بەجڤاکیکردن یانی ڕەوتێک کە تێیدا مرۆڤ فێر دەکرێ چۆن خۆی لەگەڵ جڤاکی خۆیدا بگونجێنێ و بەپێی هەنگار یان نۆرمەکانی ئەو جڤاکەدا هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکا. بە مانایەکی تر یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی مرۆڤەکان بۆ ژیانێکی گونجاو لەگەڵ ئەو جڤاکەی کە تێیدا دەژین. پەیڕەوی ئەم ئامانجەش یەکێ لە ئەرک و ئاکامەکانی سیستەمی پەروەردە بریتییە لە ڕێکخستنی سیستەمێک لە

هەنگارەکانی کۆمەڵگا و هاوتەریب ڕاهێنانی تاکەکان بە ئاراستەی بەدەستهێنانی توانای پێویست بۆ هەڵسوکەوت و ژیانی نێو جڤاک. دیارە لێرەدا کە باس لە پەروەردە دەکەین مەبەستمان ئەو دەزگا و سیستەمی خوێندنەیە کە بە سەرهەڵدانی "دەوڵەت ـ وڵات" لە لایەن دەوڵەتەوە بە شێوازێکی گشتگیر و یەکسان بەسەر ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی و فەرمانڕەوایی دەکا دەسەپێنرێ و پەیڕەو دەکرێ. بێگومان لە هەر وڵاتێکدا بناخەی سیستەمی پەروەردە لەسەر هەندێ بنەمای فەلسەفی، ئایدۆلۆژی و فەرهەنگی و بەها و نرخەکانی دروستکراو لەسەر ئەو بنەمایانە بنیاد دەنرێت. بناخەکانی ئەو سیستەمەش ڕاستەوخۆ گرێدراوی دەوڵەت و ئەو فەرهەنگەیە کە خۆی بە نوێنەر و خاوەن و پاسداری دەزانێ. بە مانایەکی تر سیستەمی پەروەردە لە ئەنجامی پەیوەندی، دانووستاندن و هاوکاری نێوان دەوڵەت و ئەو جڤاکەی کە فەرمانڕەوایی یان نوێنەرایەتی دەکات گەڵاڵە دەکرێ و دواتر بەسەر تەواوی وڵاتدا دەگشتێنری. ئەڵبەتە هەم چۆنێتی ئەم بنەمایانە و هەمیش ڕێژەی گرێدراوی دەوڵەت و جڤاک بەگوێرەی وڵاتان و دەوڵەتان زۆر جیاوازە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەکوو ئەفغانستان دەوڵەتی تاڵیبان دەیەوێ کۆمەڵگاکە زیاتر لەسەر باوەڕ و ئایدۆلۆژیای خۆی ڕابێنێ و پەروەردەی بکا. یان لە وڵاتێکی وەکوو ئاڵمانیا سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەما فەرهەنگییەکانی زۆرینەی دانیشتووانی وڵات پێناسە و پەیڕەو دەکرێ. یان وەک لە ئێراندا لە ئارادایە دەوڵەت هاوتەریب هەم ئایدۆلۆژیای خۆی و هەمیش ئەو فەرهەنگەی کە خۆی بە نوێنەری دەزانێ بە بنەما دەگرێ. ئەگەرچی لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکانی وەک ئەورۆپای ڕۆژاوا، ئامەریکا و

کانادا پرۆسە و ڕەوتی بەجڤاکیکردنی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هەموو پێکهاتە و فەرهەنگەکان دامەزراوە و بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوەی ڕوودەدات ئەمەیە کە سیستەمی پەروەردە هەمیشە دەیەوێ بە بنەماگرتنی ئایدۆلۆژیا یان فەرهەنگێک کە لە بەرژەوەندی جڤاتێکی دیاریکراو دەشکێتەوە، هەموو وڵات بە ئاراستەی ئەو ئایدۆلۆژی و فەرهەنگە بەرەو جڤاتێکی وێکچووی یەکدەست و یەکڕەنگ ببا. بە مانایەکی دەقیقتر بەجڤاکیکردن لەم سیستەمانەدا ڕێک بە مانای بردنی بەش یان بەشانێکی کۆمەڵگەیە بەرەو لاسایيکردنەوە لە بەشێکی سەردەستی دیاریکراو بە ئارمانج و بە مەبەستی تواندنەوە لەو بەشەدا.

یەکێ لە نموونە هەرە زەق و هەرە ستەمکارەکانی ئەمجۆرە سیستەمانە دەزگای پەروەردەی وڵاتانی سەردەستی کوردستانە بەبێ جیاوازی. ئەم دەزگایە لە هەموو شێوازی و جۆرەکانیدا نەتەنیا مرۆڤی بندەستی کورد بە ئاراستەی بەجڤاکیبوونێکی خوەزایی پەروەردە ناکا، بەڵکوو تا ئاستی لە سروشت خستن ڕێگرێکی گەورەشە لە بەردەم بەجڤاکیبوونی خوەزایی ئەم مرۆڤە و بەنەگبەتکردنی. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەم بەنەگبەتکردنە چۆن و بە چی شێوازێ دەست پێدەکا، با لە چاو کەسێکی ئاساییيەوە بڕوانینە پرسی پەروەردە و خوێندن. هەر لە دۆزینەوەی ئادرەسێکی سادەوە بگرە، هەتا تووشبوون بە برۆکراسییەتی زمانی سەردەست لە کاتی دانووستاندن لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، تاکوو دۆزینەوەی هەلی کار و... هتد، دەبینین کە خوێندنی فەرمی وەک پێویستییەکی ناچاری خۆی

دەسەپێنێ. ئەم پێویستییە یەکێکە لەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە وا دەکا خوێندنگە و دەزگای خوێندنی دەسەڵاتی سەردەست لەچاو کۆمەڵگە زیاتر لە پێویستییەکی ئاسایی ژیانی جڤاکی وەک پیرۆزییەکی ئەم ژیانە سەیر بکرێ و هەر ئەم پیرۆزییەشە کە خاڵی دەسپێکی بەنەگبەتکردنی پەروەردەیە بۆ گەلانی بندەستی وەکوو کورد. بە مانایەکی تر لە پەروەردەی فەرمی زمانی سەردەست بۆ کورد بژاردەیەکی نەگبەتە کە هاوکات نیازیشی پێی دەبێ و ناچارە بە هەند وەریبگرێ و ئەم دەزگایەش بە کەڵک وەرگرتن لەم دۆخە ناچارییە، بەگوێرەی ئەو پێناسە و نیازەی کە خۆی لە چەمکی بەجڤاکیکردن هەیەتی دەست دەکا بە پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد بە ئاراستەی ئەم بەجڤاکیبوونە، واتە بەرەو تواندنەوە لە فەرهەنگی سەردەست و ڕاهێنانی لەگەڵ دۆخی داگیربوونیدا.

تاکی کورد کاتێ خۆی لە بەردەم ئەم دەزگایەدا دەبینێتەوە، پێش هەموو شتێک بە دابڕان لە زمانی دایک و کەوتنە نێو زمانێکی دیکەوە لەباری ڕۆحییەوە کەلێنێکی بۆ دروست دەبێ لەنێوان خۆی و جڤاکی دایکیدا. ئەم کەلێنە ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوانتر و بەرینتر دەبێ تا دەگاتە مەودایەکی گەورە لە هەڵپان و بۆشایی لەنێوان تاکی کورد و جڤاکی کوردیدا، بە ڕادەیەک کە تەنانەت مەترسی دابڕانێکی تەواوەتیشی لێ دەکرێ. لە ئەنجامدا ئەم مرۆڤە دوای ماوەیەک چیتر لە ڕێگای بەجڤاکیبوونی سروشتی خۆی دەردەچێ و بەپێچەوانەوە دەکەوێتە سەر ڕێچکەیەک کە لایەکی دوورکەوتنەوە و ململانێیە لەگەڵ جڤاکی دایکدا و لایەنە هاوتەریبەکەی دیکەشی توانەوەیە لە فەرهەنگی سەردەستدا. ئێمە دەزانین کە ئەم ڕەوتە

ڕەوتێکە بە شێوازێکی ئاسایی لە هەموو سیستەم و دەزگایەکی پەروەردە کە لەسەر ستەمکاری تواندەنەوە و ژینۆسایدی فەرهەنگی بنیاد نرابێ ڕوودەدا، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بە شێوازێکی تەواو نەگبەتئاسا سەبارەت بە کورد نائاسایی دەنوێنێ بریتییە لە بەپیرچوونی لە ڕادە بەدەری ئەم جڤاکە لەم ڕەوتە. من بۆ خۆم تووشی کەسانیک هاتووم کە بە شێوەیەکی گەوجانە هۆکاری بێبەشکردنی منداڵەکەیان لە زمانی دایکی و فێرکردنی بە زمانی فارسی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی سەردەست دژی زمانی کوردییە و پشتیوانی لە زمانی فارسی دەکا. ئەمە لەحاڵێکدا کە مرۆڤی نۆرماڵ و ئاسایی ڕێک بەپێچەوانەی ئەمجۆرە پاساوهێنانەوەیە زیاتر بەرگری لەو شتانەی خۆی دەکا کە پەلامار دەدرێن و هێرشیان دەکرێتە سەر. لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە گێلانەیە کەم تا زۆر لە هەموو پارچەکانی کوردستان بوونی هەیە و هەر بۆیەشە کە کورد وەک قوربانییەکی دەزگای پەروەردەی داگیرکەران هاوکات یەکێکە لە جێبەجێکەرانی نیاز و ڕاسپاردەکانی ئەم دەزگایە.

بێگومان وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا لەم سەردەمەدا هەرچەند بە زمانی سەردەستی داگیرکەریش بێ، خوێندن نیازێکی پێویست و ناچارییەکی ژیانی سەردەمە. کە واتە تاکوو ئێمە بندەستی پەروەردەی زمانێکی دیکە بین چەندە ناکرێ بە تەواوەتی لەو پەروەردەیە دابېڕێین، هەر ئەوەندەش دەتوانین بەگژیدا بچینەوە و نەهێڵین داگیرمان بکات. تەنانەت زیاتر لەمەش، دەتوانین بە ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی پەروەردەیەکی ماڵی لەسەر بنەمای فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی وردەوردە پاشەکشێ بە

تەوژمی داگیرکاری زمانە سەردەستەکان بگرین کە ڕاستەوخۆ هەبوونی کوردییان بە ئامانج گرتووە. بەڵام بەداخەوە یەکێ لە نەگبەتییە گەورەکانی پەروەردە بۆ ئێمە ڕێک هەر لێرەدایە. بە بڕوای من شەیدایی و هۆگری ئێمە بە زمانە سەردەستەکانی کوردستان زیاتر لە پەژراندنی دۆخێکی داسەپاوی ستەمکاری شێوازێکی دەگمەنە لە نەگبەتی کە ئەگەر لە سۆنگەی دەروونناسییەوە لێی بڕوانین دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە مازۆشیزم و ئەگەر بە زاراوەکانی جڤاکناسی پێناسەی بکەین شێوەیەکە لە سیندرۆمی ستۆکهۆڵم. بەتایبەتی بەڵگەشم بۆ لایەنی ئارەزوومەندانە و خۆویستانەبوونی ئەم نەخۆشییە تاکەکەسی و جڤاکییە کۆمەڵگەی باشووری دوای ڕزگاربوونە کە تێیدا هەر لە شوانێکی نەخوێندەواری سەر شاخەکانەوە بگرە هەتا خوێندەوارترین ڕۆشنبیری دانیشتووی پێتەختی ڕۆشنبیری کوردی هەموویان فەرهەنگ و زمانەکانی تورکی و فارسی بە باوەشی ئاوەڵاوە دەبەنە نێو ماڵەکانی خۆیانەوە و منداڵەکانیان پێ ڕادێنن و مێشکیان پێ دەشۆنەوە. لەڕاستیدا ئەم ڕەوشە نەگبەتەی باشوور هیچی کەم نییە لەو نەگبەتییەی خۆشۆردنەوە لە کوردبوون و خۆتواندنەوە لە فەرهەنگی فارسی کە لە بەشێکی ناوچە کەلهۆڕنشینەکانی ڕۆژهەڵات لە ئارادایە. بە هەرحاڵ لە بیریشمان نەچێ کە ڕاستە پەروەردە بە دەوڵەت و دەسەڵاتەوە گرێدراوە و بە دەسەڵات دەکرێ، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە دەرەوەی دەسەڵاتیش دەکرێ سیستەمێکی پەروەردە دابمەزرێ. من پێم وایە ئەگەر تاک و جڤاکی کوردی لەمە تێبگات کە هاوتەریبی پەروەردەی ناچاری دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەسەر کیانی فەرهەنگی و

تەنانەت هەبوونی فیزیکی ئەو دەکەن، ئەمیش دەتوانێ بە پەروەردەیەکی خۆسەری خۆماڵی تا ڕادەیەک خۆی لە لەناوچوون بپارێزێ. بەتایبەت کە هەندێ هەوڵ و جموجۆڵی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا لە دەرەوەی سیستەمی دەوڵەت و دەزگای پەروەردە نیشانی داوە کە ئەم کارە چەندە بە ناتەواویش بکرێ، دیسان هەر دەتوانێ لە دۆخی هەیی داگیربووندا ڕێکارێکی شیاو و بەگوێرەی ئەم دۆخە سەرکەوتوو بێ. دامەزراندنی فێرگەکانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو باندۆری ئەرێنییان لەسەر گەشەی زمانی کوردی لەم پارچەیە هەبووە و هەروەها تەڤگەری زمان و پەروەردەی کوردی و خوێندنگە تایبەتەکانی باکووری کوردستان سەرەڕای کەموکۆڕییەکان لەو میناکە سەرکەوتووانەن کە دەیسەلمێنن بیرکردنەوە لەم ڕێبازە دەتوانێ ئەزموونێکی سەرکەوتوو بێ بە ئاراستەی گۆڕینی پەروەردەی نەگبەتی داگیرکەران بە پەروەردەیەکی خۆماڵی پیرۆز. بەکورتی گۆڕینی ماڵی کوردی بۆ قەڵای پەروەردەی زمانی کوردی لەم دۆخەدا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و باکوور تەنیا ڕێگەچارەی گۆڕینەوەی پەروەردەیە لەو چەمکە نەگبەتەی کە لە دەستی داگیرکەراندایە بۆ چەمکێکی پیرۆز کە کورد دەتوانێ لانیکەم کوردبوونی فەرهەنگی خۆی پێ بژێنێتەوە. بە مانایەکی تر ئێمە لە بواری پەروەردەدا دەبێ بگەینە ئەم ڕاستییە کە یەکەم، ناکرێ پەروەردە دوا بخەین بۆ ڕۆژی دوای بەدەستهێنانی دەوڵەت و بەم ئومێدە پەروەردەی خۆماڵی پشتگوێ بخەین. دووەم، دەوڵەت و دەسەڵات ئەو کلیلە ئەفسووناوییە نییە کە لە بواری پەروەردە بە مانای دروستکردنی کوردێکی ڕەسەن کێشەکانی ئێمە چارەسەر بکا. بەڵگەشم بۆ قسەی یەکەم

ئەو دوو میناکە نیوە و ناچڵەی باکوور و ڕۆژهەڵاتە کە ئاماژەم پێدا و یەکێ لە سەلمە هەرە بەهێزەکان بۆ قسەی دووەمیش ئەزموونی شکستخواردووی پەروەردەی دەسەڵاتی باشوورە. لەڕاستیدا ئەوەی کە ئێمە تا ئەمڕۆ لەم دەزگای پەروەردەیە بینیومانە نەتەنیا پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد نییە بەرەو ئاراستەی کوردبوونێکی ڕەسەن و ناسیۆنالیزمێکی تەندروست، بەڵکوو پێچەوانەوە خوێندنگەکانی تورکی و هەروەها ئیسلامیزەکردنی خوێندن دوو میناکی بەردەست و بەرچاون کە ئەم پەروەردەیە کوردبوون بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبات. لێرەدا تەنیا دوو بۆچوونی گرنگ وەک ئاماژە دێنمەوە کە خۆیان لە نزیکەوە ئاشنای ئەم پەروەردەیەن. فاروق ڕەفیق کە سیستەمی پەروەردەی باشوور بە «کۆتاییهاتنی سیستەمی قوتابخانە و فێربوون»[٦١] ناودێر دەکات، لە شرۆڤەی ئەم دەزگایەدا دەڵێت: «ئەوەش کە ناوی سیستەمی پەروەردەیە هیچ نییە جگە لە ئابڕووچوونێکی گەورە لەژێر ناوی پەروەردە و ئایدیای پەروەردەدا، بگرە ئابڕووچونی زانست و ئەلفوبێی مەعریفە و مەدەنییەت و ئەلفوبێی عەقڵانییەت لەسەر دەستی ئەوانەی کە مامۆستا نین»[٦٢]. مەریوان وریا قانع تەنانەت لەمە زیاتر دەڕوات و بە بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی بەعسدا دەنووسێ: «ئەم گۆڕانە لە سیستەمی خوێندن و

---

٦١فاروق ڕەفیق، یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، ل. ٢٧٤

٦٢سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٦٠

فێربووندا یەکێکە لە گۆڕانە هەرە نەرێنی و وێرانکەرەکانی جیهانی دوای ڕاپەڕین»[٦٣].

ئەگەر بمەوێ قسەکانم لێرەدا کورت بکەمەوە، دەبێ بۆ یەکەمجار لەم نڤیسارەدا بە ڕەهایی قسە بکەم و ئەویش، بێ هیچ گومان و دوودڵییەک پێم وایە کە نەگبەتترین چەمک و سیستەم و دەزگایەک کە کوردستانی داگیرکراو بە خۆیەوە بینیبێتی چەمک و سیستەم و دەزگای پەروەردەی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستانە. ئەم دەزگایە نە نەگبەتییەکی گەورە، بەڵکوو ماکەنەگبەتی هەموو ئەوەکانی ترە بەم مانایەی کە "ئەگەر داگیربوون گەورەترین زنجیر بێ بە گەردنی کوردەوە، پەروەردە گەورەترین ڤفڵێکە کە لەم زنجیرە دراوە و زۆر ئەستەمیشە ئەم ڤفڵە بکرێتەوە بەبێ پەروەردەیەکی خوڕسکی خۆماڵی لەسەر بنەمای دروستکردنی کەسایەتییەک کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی جڤاکی و فەرهەنگی خۆیدا کوردبوونێکی تۆخی خۆی بژی.

٦٣مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ل. ٢٧٥

## پاشگوتن

**من لەبەر ئەوەی کە فۆرماتی مێشک و شێوەی تێڕوانینم بەم جیهانە فۆرماتێکی ماتەماتیکییە، بەپێی ئەزموونی خۆم لەم شێوە تێڕوانینە بە پێداگرییەوە لەو باوەڕەدام کە بەرسڤی هەر پرسێک و ڕێگەچارەی هەموو پرسگرێکێ زیاتر لەوەی گەڕان بێ بە دوای ڕێکار و ڕێباز و وەڵامەکاندا، گەڕانە بە دوای تێگەیشتن لە جەوهەر و ناخی پرس و پرسیارەکان. لەسەر ئەم بنەمایە لە سەرانسەری ئەم کتێبە هیچکات مەبەستم ئەوە نەبووە کە هەندێ پیرۆزی وەک نەگبەتی نیشان بدەم، یان تەنانەت لە پیرۆزی هەندێ شت کەم بکەمەوە، بەڵکوو مەبەستم نیشاندانی ڕاستییەکانی**

دۆخی جڤاکی کوردی و بە مانایەکی وردتر نیشاندانی ئەو نارێکی و نەگبەتی و چەوتییانە بووە کە بە گەلێ هۆکار بەرۆکی پیرۆزییەکانیان گرتووە و بەشێ لە کارکردە ئەرێنییەکانیان گۆڕیوە بۆ کارکردێکی نەرێنی. بە گوتنێکی دی ئامانجی ئەم نڤیسارە کە جۆراوجۆری مژارەکانی بە ئەنقەست ئاماژەن بەوەی کە پیرۆزی و نەگبەتی هەموو بوارەکانی ژیانی ئێمەی تەنیوەتەوە، نە لۆمەکردنی جۆر و شێوازی ژیان، بەڵکوو پاککردنەوەی جۆمگەکانی ئەم ژیانەیە لە نەگبەتییەکان. ئەڵبەتە بنەمای ئەم ئامانجەش تێگەیشتنێکە کە پێی وایە جۆری ژیانی مرۆڤەکان بەر لەوەی ئەنجامی چۆنێتی مامەڵەکردنیان بێ لەگەڵ کێشەکاندا، بەرهەمی جۆری خودشناسی و ڕادەی تێگەیشتنیانە لە خویان و ئەو دۆخەی کە تێیدان. ئەڵبەتە هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە دۆخی داگیربوون هۆکاری یەکەم و سەرەکییە کە بە ڕادەیەکی زۆر وای بە پیرۆزییەکانی ئێمە کردووە کە نەگبەتی بنوێنن یان ببن بە نەگبەتی لە ژیانی ئێمەدا و هەر پیرۆزییەکی ئەم کۆمەڵگایە کە دەستی بۆ دەبەین لەژێر باندۆری داگیربووندا پڕ کراوە لە نەگبەتی. بەڵام نابێ خۆشمان نکۆڵی لەم ڕاستییە بکەین کە بەشێکی گەورەی هۆیەکانی بەنەگبەتکردنی چەمکەکان، ئایدیاکان، ڕێبازەکان، هۆکارەکان، هۆکردەکان، دیاردەکان و بوویەرەکانی جڤاکی کوردی هەڵقوڵاو و بەرهەمی ناخی ئەم جڤاکە خۆین. ئەڵبەتە ئەمجۆرە وردبوونە لە خود هیچ بەو مانایە نایێت کە چاو لە دژمنان و داگیرکەران بپۆشین و ئۆباڵی هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەکانی خۆمان بخەینە ئەستۆی خۆمان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە من وا دەزانم کە هەر کوردێکی ئاگادار نەگبەتییەکانی جڤاکی خۆی یەکەم، دەبێ بزانێ تاوانی

هەرە گەورەی دروستبوونی ئەم نەگبەتییانە لە ئەستۆی فارس و تورک و عەرەبە و دووەم، ئەگەر ڕقی لە فارس و تورک و عەرەب نەبێ، دەبێ لە مرۆڤبوونی خۆی گومان بکا.

... و کۆتا قسەم، من لەو باوەڕەدام کە مرۆڤی داگیرکراوی کورد تاکوو لە کەسایەتی هەم تاک و هەمیش جڤاکی خۆیدا نەگاتە ئاستێک کە بەر لە ناسینی داگیرکەرانی خودی خۆی بناسێتەوە، ناتوانێ جەوهەری داگیربوونی خۆی و هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم داگیربوونە دەستنیشان بکا. بەتایبەت تا لەو لایەنانەی کەسایەتی خۆی تێنەگات کە یارمەتیدەری داگیربوونی ئەون، ناتوانێ بە ئاراستەی ڕاکردنی ئەم داگیربوونە هەنگاوێکی دروست بنێ. هەر بۆیە پێویستە جڤاکی کوردی ڕاشکاوانە بە خۆیدا بچێتەوە و ڕاستییەکان و بەتایبەت کەموکۆڕییەکانی ژیانی خۆی بناسێتەوە. چی ئەوانەی کە لە دەرەوەڕا تووشی دەکرێن و چی ئەوانەش کە خۆی لە ناوەوەڕا بەرهەمیان دێنێ. ئەم نڤیسارە ئاماژەیەکە بە بەشێکی گەورە لەم کەموکۆڕییانە کە بریتین لە ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هاوکات بە هەردوو دیوی پیرۆزی و نەگبەتیدا لە لایەن ئێمەوە دێنە ژیانکردن. بە هیوای ئەو ڕۆژەی بگەینە ئاستێک کە نەگبەتییەکان بگۆڕین بە پیرۆزی و پیرۆزییەکان بکەینە هەوێنی ڕزگاربوون لە داگیربوون...

٢٠٢٢/١/٢٦

## سەرچاوەکان:


١ـ ئیسمائیل بێشکچی، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێرانی حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٠

٢ـ بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست، چاپی دوو، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، ٢٠٢١

٣ـ بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بڵاوگەی خانی، ١٣٩٦

٤ـ بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، دەزگای چاپی خانی، ١٣٩٦

٥ـ بەختیار عەلی، گوتاری مانەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، ٢٠٢١

٦ـ بەختیار عەلی، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢

٧ـ بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێران، ٢٠٠١

٨ـ پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، ٢٠٢١

٩ـ جاناتان ڕەندڵ، بەو هەموو تاوانە، لێبوردنی چی؟، وەرگێڕانی سەلاحەدین ئاشتی، ٢٠٠٣

١٠ـ ڕەفیق حیلمی، یادداشت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان،٢٠٢٠

١١ـ ژیرۆ زاگرۆس، نارێکییەکانی داگیربوون، چاپی ئەلەکترۆنی، ٢٠٢٠

١٢- سۆران حەمە ڕەش، کورد کێیە؟، چاپخانەی YPS-Publishing ٢٠١٣،

١٣- سەیدی، دیوان، کۆکردنەوەی محەمەدئەمین کاردۆخی، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی، ١٩٧١

١٤- شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم، ١٩٩٦

١٥- عەبدوڵا ئۆجالان، ئیسلام و نیشتمانپەروەری، ئامادەکردنی ئاکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی عەبدوڵا ئۆجالان

١٦- عەبدوڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیمۆکراتی، بەرگی یەکەم(شارستانی)، وەرگێڕانی لوقمان عەبدۆڵا، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩

١٧- عەبدوڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/هەولێر، ٢٠٠٦

١٨- فاروق ڕەفیق، یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٩

١٩- مۆریس مەتەرلینگ، کوێرەکان، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداخی، ٢٠٠٧

٢٠- مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، ٢٠١٩

٢١- مەریوان وریا قانع، لە چ ئێستایەکدا دەژین، چاپی دوو، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، ٢٠٢١

٢٢- مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، ٢٠١٨

٢٣ـ مەولەوی، دیوان، کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی چوار، بڵاوکردنەوەی کوردستان، ١٣٨٦

٢٤ـ نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٧

٢٥ـ نەوشیروان مستەفا، کارەساتی حەکاری، چاپی چوار، کتێبخانەی شەهید جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١

٢٦ـ بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد سوم، چاپ سروش، ١٣٨٢

٢٧ـ عبدالله اوجالان، شهروند آزاد، ترجمه مرکز مطبوعاتی پژاک، چاپخانه آزادی، ٢٠٠٦

## بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر

١- جەمشید خان کێیە، چاپی ئەلەکترۆنی، ٢٠٢٠

٢- نارێکییەکانی داگیربوون، چاپی ئەلەکترۆنی، ٢٠٢٠

٣- هەتیتە و مەتەرێزی ناسیۆنالیزم، چاپی ئەلەکترۆنی، ٢٠٢١



# HÊMAYÊN PÎROZÎ Û NEGBETÎ

JÎRO ZAGROS